رووداو
RÛDAW
ژمارە (477) دووشەممە 2017/10/16 – 24ی ڕەزبەر 2717 (750) دینار

## لەژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی خۆیان دەکوژن

**رووداو- هەولێر**

لە قەزای شێخان سێ منداڵ لەلایەن باوک و زڕدایکیانەوە بەتوندترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن و یەکێک لە منداڵەکان بەو هۆیەوە گیان لەدەست دەدات.

کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆی 2017/10/11 لەلایەن نەخۆشخانەی شێخانەوە، پۆلیسی قەزاکە ئاگادار دەکرێنەوە لە مردنی مێرمنداڵێک، پۆلیس دەچێتە نەخۆشخانەکە و دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات لە تەرمی ئەو کوڕە کە تەمەنی 13 ساڵانە. رائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (رووداو)ی گوت: "باوک و زڕدایکەکە تەرمی کوڕەکەیان هێنابووە نەخۆشخانە، گوتبوویان کوڕەکەیان کوژراوە، بەڵام جەستەی ئەشکەنجەدراوی منداڵەکە جێی گومانی پۆلیس بوو، بۆیە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی وردتریان لەبارەی رووداوەکە کرد و چوونە ماڵی ئەو ژن و پیاوە کە شوێنی تاوانەکە بوو، بۆیان دەرکەوت بەدەستی باوک و زڕدایکەکەی و لەژێر ئەشکەنجەیەکی توندا کوژراوە". باوک و زڕدایکەکە بەتەنیا ئەشکەنجەی ئەویان نەداوە، وەک گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک دەڵێت: "ماڵەکە وەک زیندان بووە بۆ منداڵەکان. جگە لەو مێرمنداڵە، خوشکێکی 17 ساڵان و برایەکی 11 ساڵانیشی ئەشکەنجەدراون. باوک و زردایکەکە رۆژانە بە سۆندە و دار و چەندین کەلوپەلی دیکە منداڵەکانیان ئەشکەنجە داوە".

«2



**سیروان بارزانی، بۆ (رووداو):**
### سویچی سەرەکیی کۆڕەک ناگوازینەوە بەغدا

5

**سەرۆکی پەرلەمانی قوبرس بۆ (رووداو):**
### وریای دەستتێوەردانی دەرەکی بن

7



**محەمەدی حاجی مەحموود:**
### 750 کوردی نێو حەشدی شەعبی وازیانهێناوە

3

**ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی:**

# پارێزگاری کەرکووک دەگۆڕدرێ

3



ژنان 12

### کچە پێست پوولەکەی ماسییەکە دەبێتە چالاکڤان



تاراوگە 14

### رۆمانیا 500 کۆچبەری کورد حوکم دەدات

ئابووری 8

**تەلار فایەق:**
### ژمارەی گەشتیارانمان لە 5000 ـەوە بۆ 250 گەشتیار کەمی کردووە



کۆمەڵایەتی 13

### پزیشکەکەی هەولێر خۆی خنکاند یان خنکاندیان؟



ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە ( 477 ) - دووشەممە 2017/10/16





## فازڵ میرانی: ئیدارەی هاوبەش لە کەرکووک ڕەتدەکەینەوە

**ڕووداو- دووکان**

سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبارەی دۆخی کەرکووک گوتی، "بەلای ئێمەوە کەرکووک ئەو کەرکووکەیە کە مام جەلال گوتییەتی و ئیدارەی هاوبەشیش لە شارەکە ڕەتدەکەینەوە". فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەدوای کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە دووکان لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا گوتی "ئەو پێنج خاڵەی لە کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی بڕیاری لەسەردراوە خاڵی گرنگن و لە بەرژەوەندی کوردان". لەبارەی دۆخی کەرکووک و جموجۆڵەکانی حەشدی شەعبی و هێزە عێراقییەکان، فازڵ میرانی گوتی " قبوڵ ناکەین حەشدی شەعبی پەلاماری کەرکووک بدات و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئیدارەی هاوبەش نین".

# لەژێر ئەشکەنجەدا منداڵەکەی خۆیان دەکوژن

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

لە قەزای شێخان سێ منداڵ لەلایەن باوک و زڕدایکیانەوە بەتوندترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن، هێندە توند کە یەکێک لە منداڵەکان لەژێری دەرنەچووە و مردووە. پۆلیسی دهۆک دەڵێت باوکی منداڵەکان و زڕدایکەکەیان بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیرکراون و لەبەر هەستیاریی کەیسەکە لیژنەیەکی تایبەت بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە پێکهاتووە.

کاژێر 11ی پێشنیوەڕۆی 2017/10/11 لەلایەن نەخۆشخانەی شێخانەوە، پۆلیسی قەزاکە ئاگادار دەکرێنەوە لە مردنی مێرمنداڵێک، پۆلیس دەچێتە نەخۆشخانەکە و دەست بە لێکۆڵینەوە دەکات لە تەرمی ئەو کوڕە کە تەمەنی 13 ساڵانە. منداڵەکە لەلایەن باوک و زڕدایکەکەیەوە برابووە نەخۆشخانە و لەوێ بە کارمەندانی نەخۆشخانەیان گوتبوو کوڕەکەیان لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە کوژراوە و تەرمەکەی فڕێدراوەتە حەوشەی ماڵەوەیان.

ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک بە (ڕووداو)ی گوت: "باوک و زڕدایکەکە تەرمی کوڕەکەیان هێنابووە نەخۆشخانە، گوتبوویان کوڕەکەیان بە دەستی چەند کەسێکی نەناسراو کوژراوە، بەڵام جەستەی ئەشکەنجەدراوی منداڵەکە جێی گومانی پۆلیس بوو، بۆیە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی وردتریان لەبارەی ڕووداوەکە کرد و چوونە ماڵی ئەو ژن و پیاوە کە شوێنی تاوانەکە بوو، بۆیان دەرکەوت بەدەستی باوک و زڕدایکەکەی و لەژێر ئەشکەنجەیەکی توندا کوژراوە نەک کەسانی نەناسراو".

لێکۆڵینەوە لەگەڵ باوک و زڕدایکی قوربانییەکە دەستپێدەکات و چەندین بەڵگەی ئەنجامدانی تاوانیان نیشان دەدرێت، تا دان بە تاوانەکەیاندا دەنێن کە ئەوان بکوژی کوڕەکەن.

باوک و زڕدایکەکە بەتەنیا ئەشکەنجەی ئەویان نەداوە، وەک گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای دهۆک دەڵێت: "ماڵەکە وەک زیندان بووە بۆ منداڵەکان و دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە جگە لەو مێرمنداڵە، خوشکێکی 17 ساڵان و برایەکی 11 ساڵانیشی ئەشکەنجەدراون. شوێنەواری ئەشکەنجە بە جەستەیانەوە دیار بووە، باوک و زڕدایکەکە ماڵەکەیان کردووەتە زیندان بۆ ئەشکەنجەدانی منداڵەکانیان، تەنانەت ئەو کوڕەیان بەشێوەیەکی ئەوەندە دڕندانە ئەشکەنجە داوە و کوژراوە کە چاو بەرگەی بینینی ناگرێت".

دەشڵێت "باوک و زردایکەکە ڕۆژانە بە سۆندە و دار و چەندین کەلوپەلی دیکە منداڵەکانیان ئەشکەنجە داوە".

لەبارەی قسەی خوشک و برا ئەشکەنجەدراوەکەی دیکەش، ڕائید هێمن سلێمان دەڵێت: "ئەو منداڵانە لە بارودۆخێکی دەروونیی زۆر ناجێگیردان، ئەوان هێندە ترسێندراون ناتوانن قسە بکەن، بۆیە هێشتا نەمانتوانیوە وتەی ئەوان وەربگرین".

شێخ ئەلیاس میرزا، مامی منداڵەکان کە لە سێمێل دەژیت، دوای ڕووداوەکە ئاگادار کراوەتەوە و هاتووەتە باعەدرێ بۆ لای منداڵەکان. ئەو دەڵێت "من نازانم چی ڕوویداوە و کێ ئەو منداڵەی کوشتووە، بەهۆی دووریم لەگەڵ ماڵی براکەم زۆر بە کەمی سەردانی ئەوانم کردووە، بۆیە زۆر ئاگاداری ژیانی ئەو منداڵانە نەبووم، ئەگەرچی 10 ڕۆژ پێشتر سەردانم کردن، بەڵام هەستم بەهیچ شتێک نەکرد کە ئەو منداڵانە لەژێر ئەشکەنجەدا بن".

بە گوتەی شێخ ئەلیاس، براکەی، منداڵەکانی زۆر خۆشویستووە، بەڵام بەهۆی ژنی دووەمییەوە هەڵسوکەوتی بەرامبەر منداڵەکانی گۆڕاوە "کەس وەکو ئەو منداڵەکانی خۆشنەدەویست، بەڵام دوای ئەوەی لەگەڵ هاوژینەکەی لێکجیابوونەوە و ژنێکی دیکەی هێنا، پێموایە بەهۆی هاوژینە تازەکەیەوە مامەڵەی بەرامبەر منداڵەکانی گۆڕابێت".

شێخ ئەلیاس کە خۆی تەرمی برازاکەی لە پزیشکی داد وەرگرتووەتەوە و ناشتوویەتی، دەڵێت "شوێنەواری ئەشکەنجە بە جەستەی برازاکەمەوە دیاربوو، سەر و چەند شوێنێکی جەستەی شکێندرابوو".

دوای دەستبەسەرکردنی باوک و زڕدایکی منداڵەکان، شێخ ئەلیاس لەلای منداڵەکانە، بەڵام دەڵێت: "ناتوانم منداڵەکان لەخۆبگرم، بۆیە داوا لە حکومەت و ڕێکخراوەکانی منداڵان و مافی مرۆڤ دەکەم، هاوکاریی منداڵەکان بکەن، تا نەکەونە سەرشەقام و بێسەرپەرشت نەمێننەوە".

بەگوتەی ڕائید هێمن سلێمان، گوتەبێژی پۆلیسی دهۆک "بەهۆی هەستیاریی کەیسەکە، لیژنەیەکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی کەیسەکە لەلایەن بەڕێوەبەری پۆلیسی دهۆکەوە پێکهێنراوە، هەروەها لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی و خانەی نەوجەوانان لە دهۆک قسە کراوە، تا یەکلابوونەوەی کەیسەکە، منداڵەکان لەخۆبگرن".



باوک و دایکەکە دوو منداڵی دیکەشیان ئەشکەنجە داون

# بەنج منداڵێکی تەمەن حەوت ساڵان دەکوژێت

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

پەیام بە مەبەستی چارەسەرکردن برایە کۆمەڵگەیەکی پزیشکی، بەڵام دەرمانی نێو دەرزییەک کە دەبووایە پەیام هێور بکاتەوە بۆ ئەوەی تیشکی بۆ بگیرێ، کۆتایی بە ژیانی هێنا. باوکی پەیام سکاڵای لەسەر ئەو پزیشکە تۆمار کردووە کە دەرزییەکەی لە پەیام داوە.

پەیام کچێکی تەمەن حەوت ساڵانی گوندی باڵەکیانی سەر بە قەزای سۆران بوو، وەک کەسوکارەکەی دەڵێن، چەند ڕۆژێک بوو دەموچاوی کەمێک ئاوسابوو، کەسوکارەکەی دەیهێننە کۆمەڵگایەکی پزیشکی ناحکومی لە هەولێر تاوەکو تیشکی بۆ بگرن، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، بەهۆی لێدانی دەرزییەک گیانی لەدەستدا.

### "پزیشک کوشتی"

ئەیام سەبری کە دایکی پەیامە، چەند وێنەیەکی کچەکەی بەدەستەوە گرتووە و لە پرسەکەیدا هاوار دەکات "کچەکەی من ساخ بوو، پزیشک کوشتی". ئەیام بە (ڕووداو)ی گوت "کچەکەم عەیبی نەبوو تەنیا کەمێک دەموچاوی ئەستوور ببوو، دوای ئەوەی لە قوتابخانە هاتەوە، بڕیارماندا بیبەینە پزیشک لە هەولێر. بەپێی خۆی ڕۆیشت، تەنانەت لە هەولێر زۆر گەڕاین، کە بردمانە کۆمەڵگاکە گوتیان بۆ دڵنیایی تیشکێکی بگرن، من لەگەڵی چوومە ژوورەوە، پزیشکەکە کانولای بۆ دانا و دوو دەرزی سڕکردنی لێدا بۆ ئەوەی لە کاتی تیشکگرتنەکە نەجوڵێ، ڕاستەوخۆ کچەکەم هەردوو دەستی بەرز کردەوە و چاوی داخست، ڕامکرد بۆ لای مێردەکەم و پێمگوت وەرە پەیام لەبەردەستی پزیشک تەواو بوو".

ئەو پزیشکەی کانۆلای بۆ پەیام داناوە و دەرزیی سڕکردنی لێداوە پزیشکێکی فەلەستینی بووە، هەڵکەوت نەجمیش کە باوکی پەیامە سکاڵای لەسەر تۆمار کردووە، هەڵکەوت دەڵێت "بە پەیامم گوت دەچینە هەولێر و تیشکێکت بۆ دەگرین، چەند جارێک گوتی نایەم و هیچم نییە، هیچ شوێنێکی جەستەشم ئازاری نییە، ئیتر بۆ بچین؟ پێم غەدرە، منداڵەکەم بەپێی خۆی ڕۆیشت، خواردنی خوارد، هیچ شوێنێکی ئازاری نەبوو، بردم تیشکێکی دەموچاوی بۆ بگرم، بەڵام پزیشکەکە بە دەرمانی سڕکردن کوشتی، تا من ئاگام لێی بوو 15 تاوەکوو 20 دەرزی لێدا، دواتر مرد".

باوکی پەیام دەشڵێت "هیچیان بە ئێمە نەگوت کە وازۆیەک بکەین کچەکەمان ئەو جۆرە دەرزیەی لێدەدرێت و مەترسی هەیە، بۆیە سکاڵام تۆمار کردووە و لە حەقی کچەکەشمان خۆش نابین".

لەبارەی ئەو ڕووداوە، د.مەغدید خدر، پزیشکی پسپۆڕی تیشک و سۆنەر بە (ڕووداو)ی گوت "ئەوەی کراوە بە ڕێککەوتن بووە لەنێوان کەسوکاری نەخۆش و پزیشکەکە، ئەو کچە پێویستی بە ڕەنین بووە و لە نەخۆشخانە بۆی نەکراوە، باوکی نەخۆشەکەش پێی خۆش بووە لەو کۆمەڵگایە بکرێت، یەکێک لە خراپییەکانی سڕکردنیش ئەوەیە کە هەندێکجار دەبێتە هۆی مردن".

لە ماوەی کەمتر لە دوو هەفتەدا ئەمە سێیەم حاڵەتە لە دەڤەری باڵەکایەتی کە نەخۆشێک بەپێی خۆی دەچێتە نەخۆشخانە و تەرمەکەی دەگەڕێنرێتەوە ماڵەوە.



باوکی پەیام: پزیشکەکە زیاتر لە 20 دەرزیی لە کچەکەم دا

## سەعد حەدیسی، گوتەبێژی حکومەتی عێراق بۆ (ڕووداو):

# شتێک نییە بەناوی گەلی کوردستان



**ڕووداو- هەولێر**

سەعد حەدیسی، گوتەبێژی حکومەتی عێراق ڕایگەیاند، دەیانەوێ بە گفتوگۆ کێشەکان چارەسەر بکەن، بەڵام دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان ڕێز لە دەستووری عێراق بگرن. دەشڵێت "شتێک نییە بەناوی گەلی کوردستان، هەموو کورد عێراقین".

حەدیسی شەوی 2017/10/15 میوانی بەرنامەی (ڕووداوی ئەمڕۆ)ی کەناڵی (ڕووداو) بوو، گوتی "هەڵوێستی حکومەتی عێراق لە دەستوورەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام بە ئەنجامدانی گشتپرسی دەستوور پێشێلکرا، ئێستاش گفتوگۆ لە چوارچێوەی دەستووردا دەکەین، ئەوەش دەبێتە هۆی چارەسەری هەموو کێشەکان، بەڵام گفتوگۆی ئێستا لەگەڵ چەند مانگێک پێش ئێستا جیاوازە".

گوتەبێژی حکومەتی عێراق دەشڵێت "شتێک نییە بەناوی گەلی کوردستان، هەموو کورد عێراقین، ئەگەر گەلی کوردستان هەبێت، دەبێ دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆیان هەبێ، بەڵام هەرێمی کوردستان سەر بە عێراقە و سەربەخۆ نین".

لەبارەی ڕۆڵی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێران لە عێراق، سەعد حەدیسی ئاشکرای کرد، سولەیمانی ڕاوێژکاری سەربازیی حەشدی شەعبییە و ڕاوێژکاری ئێرانی لە عێراق هەن، وەک چۆن ڕاوێژکاری ئەمریکی هەن، ئامادەش نەبوو جموجۆڵەکانی سولەیمانی بە پێشێلکردنی سەروەری خاکی عێراق وەسف بکات.

لەبارەی پەیوەندی حکومەتی عێراق لەگەڵ پەکەکە، گوتەبێژی عەبادی ڕەتیکردەوە کە مووچەی بۆ چەکدارانی پەکەکە لە شنگال بڕیبێتەوە یان سوپاسی کردبن و گوتی " سوپاسی هیچ هێزێکمان نەکردووە کە لەدەرەوەی عێراق بێت، بەڵکو ئێمە داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە کاری هاوبەش هەبێ بۆ کۆنترۆڵکردنی شنگال، هیچ مووچەیەک نییە بدرێت بە هێزەکانی پەکەکە، بەڵکو چەند خۆبەخشێک هەن لەنێو ڕیزەکانی حەشدی شەعبی، ئەوانیش خەڵکی شنگالن، چەند سەد کەسێکن ئەوان خۆبەخشن لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبین و لە دەزگایەکی فەرمی مووچە وەردەگرن و بەشێوەیەکی فەرمی تۆمارکراون".

سەعد حەدیسی پێیوایە گشتپرسییەکەی 25ی ئەیلوول هەموو شتێکی تێکدا و ئێستا لەسەر بنەمای گشتپرسی گفتوگۆ لەگەڵ کورد ناکەن. حەدیسی گوتی "نامانەوێت زیان بە بەرژەوەندی گەلی کورد بگەیێنین لە هەرێمی کوردستان یان لە دەرەوە، ئەوان ڕێزلێگیراون و بەرژەوەندی و ئاسایشیان دەپارێزین، ئێمە ڕژدین لەسەر ئەوەی کەوا بەشێوەیەکی سیاسی کێشەکان چارەسەر بکەین، بەڵام بچی گشتپرسییەکی نادەستووری بکەی و دواتر هەوڵ بدەی بگەڕێیتەوە بۆ گفتوگۆ، لە کاتێکدا ئێمە داوای گفتوگۆمان دەکرد بەر لە ئەنجامدانی گشتپرسی، بەڵام کەس گوێی بۆ نەگرتین، ئێستاش دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ گفتوگۆ بەبێ ئەوەی هیچ بنمیچێکمان هەبێت، ئەمە جێی قبوڵ کردن نییە، چونکە ئێمە ناگەینە هیچ ئەنجامێک و چارەسەرێک"..

> یارمەتی پەکەکە نادەین

سەبارەت بە داخستنی فرۆکەخانەو دەروازە سنوورییەکان و زیان گەیاندنی بە هاونیشتمانی باشووری کوردستان، سەعد حەدیسی دەڵێ "هیچ سزادانێکی بەکۆمەڵ نییە، بەڵکو ئێمە دەستوور جێبەجێ دەکەین، ئەحکامەکان و دەسەڵاتەکان ئەوەی پەیوەندی بە بازرگانی و ئاسایشی سنوورەوە هەیە ئەمە بەپێی دەستوور سەر بە حکومەتی ناوەندییە، هیچ وڵاتێکیش مافی ئەوەی نییە کە بچێتە لای حکومەتێکی خۆجێی لە پارێزگای بەسرە یان پارێزگای عمارە یان هەر پارێزگایەکی دیکە لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بازرگانی بکات و بەبێ ئاگاداری ئێمە شتومەک بێنێتە ناوەوە".

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی خۆی دەربڕیوە بە ڕادەستکردنەوەی نەوتی کوردستان لە بەرامبەر دابینکردنی مووچەی تەواو فەرمانبەران کە 915 ملیار دینارە بەڵام دوای ڕێککەوتنی نێوان هەولێرو بەغدا حکومەتی عێراق کەمتر لەو بڕە پارەی دەنارد. بە پێی قسەی گوتەبێژی سەرۆکوەزیرانی عێراق "حکومەتی هەرێم نزیکەی 600 هەزار بەرمیل هەناردە دەکات لە نەوتی عێراق نازانین بۆ کوێ دەچێت. ئەگەر بێت ئەمانە لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ئیتحادی بێ، دەتوانین مووچە بدەینە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان وەکو چۆن لە عێراق دەیدەین، هەر ڕێککەوتنێکیش لەگەڵ هەر وڵاتێکدا بکرێت لەچوارچێوەی سیاسەتی سیادی سەبارەت بە بازرگانی و سنوور، ناکرێت ڕێگە بدەین لایەنێکی خۆجێیی ئەم کارە بکات".

## فوئاد مەعسووم پەیامی کورد دەگەیەنێتە بەغدا

# ڕەفعەت عەبدوڵڵا: پرسی پارێزگاری کەرکووک کۆتایی هاتووە و دەگۆڕدرێ

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

دوای کۆبوونەوەی لوتکەی پارتی و یەکێتی لە هاوینەهەواری دووکان کە سەرۆک کۆماری عێراقیش ئامادەی بوو، ئەمڕۆ دووشەممە پەیامی کۆبوونەوەکە دەگاتە بەرپرسانی بەغدا.

ڕۆژی 2017/10/15 مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بە سەرپەرشتی د.فوئاد مەعسووم، سەرۆککۆماری عێراق و مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە هاوینەهەواری دووکان کۆبوونەوە، دوای کۆبوونەوەکەش بەیاننامەیەکی 5 خاڵییان بۆ ڕای گشتی بڵاوکردەوە.

عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، ڕاوێژکاری سەرۆککۆماری عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "سەرۆککۆمار هەموو هەوڵێکی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا، بۆیە ئەمڕۆ دووشەممە 2017/10/16 لەگەڵ حەیدەر عەبادی سەرۆکوەزیرانی عێراق و سەرکردە باڵاکانی دیکەی عێراق دەست بە کۆبوونەوە دەکات، پەیامی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی دەرفەتی گفتوگۆ و دانوستاندنی باشی ڕەخساندووە، بۆیە بژارەی شەڕ و چارەسەری سەربازی دوورخراوەتەوە".

هەرچەندە بەغدا دەڵێت یەکەم مەرجی ئەوان بۆ گفتوگۆ لەگەڵ کورد هەڵوەشاندنەوەی گشتپرسییە، بەڵام نێچیرڤان بارزانی و مەلا بەختیار لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ڕایانگەیاند، هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی گشتپرسی بەهەموو شێوەیەک ڕەتدەکەنەوە و تەنانەت ئامادەنین گفتوگۆشی لەسەر بکەن.

ڕەفعەت عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سەرۆککۆمار هیچ پەیامێکی لە بەغداوە پێنەبوو، بەڵکو هەوڵی داوە بۆچوونی ئێمە وەربگرێت و ببیاتە بەغدا، بڕیارە ئەمڕۆ کۆبوونەوەی بەرفراوانی حیزبە سیاسییەکان لە بەغدا بەڕێوەبچێت، فریاد ڕواندزی وەکو نوێنەری یەکێتی بەشدار دەبێ، بەڵام ئێمە ڕێککەوتووین ئەگەر بەغدا ئامادەی دانوستاندن بێت لەگەڵ پارتی و لایەنەکانی دیکە، شاندی هاوبەش دەنێرین و دەست بە گفتوگۆ دەکەین".

بە گوتەی ڕەفعەت عەبدوڵڵا، یەکەمین مەلەف کە لەگەڵ بەغدا باسی دەکەن، مەلەفی کەرکووکە. لەوبارەوە گوتی "کەرکووک بۆ ئێمە هەستیارە و هەموو هەوڵێک دەدەین بۆ ئەوەی لە دەستمان نەڕوات، دەمانەوێ بە گفتوگۆ چارەسەری ئەو دۆخە سەربازییە بکەین کە دروستبووە، چونکە ناکرێت دوو هێز بە چەکەوە بەرامبەر یەکدی بوەستن".

یەکێک لە داواکارییەکانی حکومەتی عێراق و حەشدی شەعبی ڕادەستکردنی سەربازگەی کەی وەن، فڕۆکەخانەی کەرکووک و کێڵگە نەوتییەکان بوو، بۆ ئەمەش وادەیەکیان دانابوو، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) لە کۆبوونەوەی باڵای سێ قۆڵیی نێوان پارتی، یەکێتی و یەکگرتوو کە لە ئۆفیسی نێچیرڤان بارزانی ڕۆژی 2017/10/14 لە هەولێر بەڕێوەچوو، ئەو داواکارییانەی بەغدا ڕەتکراونەتەوە، ئەمریکا و هاوپەیمانانیش ئاگادار کراونەتەوە ئەگەر حەشد و سوپای عێراق هێرش بکەن، پێشمەرگە وەڵامیان دەداتەوە.

سەرکردەیەکی یەکێک لەو سێ لایەنە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گوتارەکەی سەرۆکی ئەمریکا دژی ئێران، دانانی سوپای پاسداران لە لیستی تیرۆر لە لایەن وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا، بوونی قاسم سلێمانی لە کەرکووک، هەڵوێستی تورکیای بەرامبەر کوردستان گۆڕیوە، ئەوەش لە بەرژەوەندیی کوردستانە".

ئەو سەرکردەیە هەروەها گوتی "ئێمە کارتی ڕیفراندۆممان لەدەستە، جگە لەوە ئێمە دەزانین عەبادی و سەدر لەگەڵ شەڕ نین، ئەو سەعاتە سفرەشی کە دایانابوو بۆ هێرشکردنە سەر کەرکووک، بەهۆی ئەو خۆپیشاندانە چەکدارییەی خەڵکی کەرکووک و ناوچەکانی دیکەی کوردستان، شکستی هێنا".

شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگری پەرلەمانی عێراقیش گوتی "کورد ئامادەیە بۆ گفتوگۆی بێ مەرج لەگەڵ بەغدا. لە دوایین بەیاننامەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی عێراقیش باسی هاوکاری و هاتنە سەر خەتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کراوە، بۆیە ئێمە و ئەوانیش چاوەڕێی هاوپەیمانان و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین بۆ ئەوەی بگەینە ڕێککەوتنێک لەسەر چارەنووسی ئەو ناوچانە".

### دەستپێشخەرییەکەی سامانە سروشتییەکان

ڕۆژی 2017/10/13 وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەستپێشخەرییەکی 5 خاڵی خستە بەردەم عەبادی بۆ چارەسەرکردنی کێشە داراییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، وەزارەتەکە ئامادەیی نیشانداوە نەوتی کوردستان ڕادەستی بەغدا بکات لە بەرامبەردا مووچە و بودجەی کوردستان بدات کە مانگانە دەکاتە 915 ملیار دینار. لەگەڵ دابینکردنی بودجەی تەشغیلی، هەروەها بەشی 17%ی بەرهەمە نەوتییەکانی عێراق بۆ بەکارهێنانی ناوخۆ بۆ کوردستان. بەپێی زانیارییەکان ئەو دەستپێشخەرییەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بنەمایەکە بۆ گفتوگۆ و ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک لە ڕووی پاراستن و ڕادەستکردنیان.

### یەکێتی: کێشەی پارێزگاری کەرکووک کۆتایی هاتووە

یەکێک لە داخوازییەکانی بەغدا لە کەرکووک لابردنی د.نەجمەدین کەریم پارێزگاری کەرکووک بوو کە ناوەڕاستی مانگی ڕابردوو بە دەنگی 173 پەرلەمانتار بڕیاری دوورخستنەوەی درا. بەپێی قسەی بەرپرسانی بەغدا، پارێزگاری کەرکووک 30 دۆسیەی گەندەڵی لەسەر کراوەتەوە. بەڵام ئەو دەڵێت هەوڵەکانی بۆ سەرخستنی گشتپرسی لە کەرکووک، لە پشت پرسی دوورخستنەوەیەتی، هەروەها دەڵێت جگە لە ئەنجوومەنی پارێزگا، هیچ لایەنێکی دیکە بۆی نییە بەسەر ئیدارەی کەرکووکدا بیسەپێنێت کە کێ پارێزگاری کەرکووک دەبێت.

ڕەفعەت عەبدوڵڵا کە بەشداریی کۆبوونەوەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی لە دووکان کرد، لە بارەی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو داواخوازییەی بەغدا دەڵێ: "پرسی پارێزگاری کەرکووک کۆتایی هاتووە، دۆسیەکە لە دادگای فیدراڵییە و ئەو لەو پۆستە نامێنێ، ئەو پۆستەش مافی یەکێتییە و لە داهاتوودا کاندیدمان دەبێت".


کۆبوونەوەی پارتی و یەکێتی لە هاوینەهەواری دووکان

## محەممەدی حاجی مەحموود، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان بۆ (ڕووداو):

# 750 کوردی نێو حەشدی شەعبی وازیانهێناوە


کاکە حەمە چەکەکەی لە BKC یەوە دەگۆڕێ بۆ M35

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

لە نێو یەکێک لەو سەنگەرانەی پێشمەرگە ڕووبەڕووی سوپا و حەشدی شەعبی وەستاونەتەوە بۆ بەرگریکردن لە کەرکووک، سکرتێری حیزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان ، لەبارەی ڕەوشی نوێی ناوچەکە بۆ (ڕووداو) قسەی کرد و گوتی "ورەی پێشمەرگە زۆر لەوە بەرزترە کە بەغدا لێی تێگەیشتووە، چونکە هەموو پێشمەرگەیەک دەزانێ ئەگەر کەرکووک لەدەستبدەین، وەک ئەوەیە بەدرێژایی ئەو هەموو شۆڕشە هیچمان نەکردبێ".

> ئەگەر بهێڵین هەر خەڵکی کەرکووک پەلاماری سوپای عێراق دەدەن

شەوی شەممەی ڕابردوو، پێشمەرگە و خەڵکی کەرکووک بەبێداریی مانەوە تاوەکو بەرەبەیان، چونکە ئەو وادەیە کۆتایی هات کە بەغدا دیاریکردبوو بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکانی لە هەرێمی کوردستان. بەڵام ئێستا ڕەوشەکە ئارامتر دەردەکەوێ . محەممەدی حاجی مەحموود، باشتربوونی ڕەوشەکە لەوەدا دەبینێ، پێشمەرگە سەنگەرەکانی خۆی تۆکمەتر کردوون و هەندێک لەو ناوچانەی حەشدی شەعبی لێبوون، ئێستا پێشمەرگە بۆی گەڕاونەتەوە".

> ئەو سوپا زۆرەی عێراق بۆ پێشمەرگە هێناویەتی زیاترە لەوەی بۆ داعشی هێنابوو

دوای داخستنی ئاسمانی کوردستان، حەیدەر عەبادی دەستیکرد بە جێبەجێکردنی یەکێکی دیکە لە بڕیارە توندەکانی پەرلەمانی عێراق لە دژی هەرێمی کوردستان، ئەویش جێگیرکردنەوەی سوپایە لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری، بەڵام ئەوە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی باشووری کوردستانەوە ڕەتدەکرێتەوە.

حەشدی شەعبی و سوپای عێراق هێندە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە نزیک بوونەتەوە کە وەک فەرماندەکانی پێشمەرگە باسیدەکەن، نەک گوللە، بەڵکو گوێیان لە قسەی یەکدیش دەبێ و بەڕوونی دەبینن چ جۆرە چەکێکیان بەدەستەوەیە "پڕچەکن، سوپا و حەشدی شەعبیش چەکی ئەمریکییان پێیە و تەنانەت قورسترین چەکیشیان هێناوە کە هەمووی ئەمریکییە". سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، هەروەها دەڵێ: "ئەو هێزەی هێناویانە بۆ شەڕی پێشمەرگە زۆر لەو هێزە زۆرترە بۆ داعشیان هێنابوو، چونکە حیسابی زۆر بۆ پێشمەرگە دەکەن".

بەڵام شەوی کۆتایی وادەکەی بەغدا، سوپای عێراق لە پشت هێزەکانی پێشمەرگەوە خرۆشانێکی بێوێنەی خەڵکیشی بینی. سەتان خۆبەخش بەچەکەوە خۆیان ئامادە کردبوو پارێزگاری لە کەرکووک بکەن. بەبڕوای محەممەدی حاجی مەحموود، کۆبوونەوەی خۆبەخشەکان تەنیا گرنگییەکەی لەوەدا نەبوو ورەی پێشمەرگەیان بەرز کردووەتەوە ، بەڵکو پەیامێکی گرنگیشیان دایە بەغدا "ئەوان گوتیان، ئێمە سوپای عێراق بە سوپای خۆمان نازانین و نامانەوێ پێ بخەنە نێو کەرکووکەوە، ئەوە خەڵک بوون نەک سیاسییەکان"، گوتیشی "ئەگەر ئێمە ڕێگە لەخەڵک نەگرین، هەر بەبێ چەک پەلاماری سوپای عێراق دەدەن".

فەرماندەکانی پێشمەرگە لە بەرە جیاوازەکانی کەرکووکەوە ، کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییان ئەنجامدا و دووپاتیانکردەوە ئەوان دەستپێشخەری شەڕ نابن و تەنیا بەرگری دەکەن. هەروەک چۆن هۆشداریشیان دایە سوپای عێراق و حەشدی شەعبی، بە هێرشکردن نەکەونە هەڵەیەکی گەورە.

سکرتێری حزبی سۆشیالیست دیموکراتی کوردستان، هەرزوو هێزێکی زۆری لەگەڵ خۆی بردەوە کەرکووک. دەڵێ لە هەندێک جێگا تانکەکانی سوپای عێراق 20 مەتر لە پێشمەرگە دوورن " لە ئەزموونی شەڕی داعشەوە تێگەیشتین پێشمەرگە توانای هەیە شەڕی سوپا و حەشد بکات، چونکە ئەوان بەبێ پاڵپشتی فڕۆکە هیچیان پێناکرێ، بەڵام پێشمەرگە چەندینجار بەبێ هاوکاریی فڕۆکەی هاوپەیمانان شەڕی داعشی کردووە".

> لە هەندێک جێگا تانکەکانی سوپا 20 مەتر لە پێشمەرگەوە دوورن

لەگەڵ دروستبوونی قەیرانی دارایی، بەشێک لە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی لێکەوتە قورسەکەی ئەو قەیرانەیان بە دەرفەت زانی بۆ ئەوەی لیستی ناونووسین بۆ گەنجانی کورد لە کەرکووک و حەمرین و خانەقین بکەنەوە و لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدا جێگایان بکەنەوە. ئێستا حەشدی شەعبی بەرامبەر پێشمەرگە ڕاوەستاوە و هەڕەشەی هێرشکردن دەکات.

محەممەدی حاجی مەحموود، دەڵێ ژمارەیەکی زۆر لەو کوردانەی لە نێو حەشدی شەعبی بوون کەوتوونەتە دۆخێکی بێزارکەرەوە و لەو ڕێکخراوانە دەکشێنەوە "لەو دوو سێ ڕۆژەدا 750 کوردی نێو حەشدی شەعبی کشاونەتەوە، 350 کەس لە ناوچەی حەمرین و 400 کەسیش لای مریەم بەگ، ئەوان دەڵێن ئێمە بۆ ئەوە نەچووین شەڕی کورد و پێشمەرگە بکەین".

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ڕۆژی 15.10.2017 لە دوکان لەسەر ئاستێکی باڵا کۆبوونەوە و یاداشتێکی 5 خاڵییان دایە بەغدا کە یاداشتەکە جەختکردنەوەیە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ بەغدا بەڕێگای گفتوگۆی بێمەرج و هاوکات دووپاتیشیان کردووەتەوە دەستبەرداریی ئەنجامی گشتپرسی نابن، ئەمەش ئەو هەواڵەیە کە ڕووی حەیدەر عەبادی و سەرکردە شیعەکانی عێراق گرژ دەکات. ئایا لە دۆخی ڕەتکردنەوەی یاداشتە نوێیەکەی کورددا، بەغدا لە کەرکووک ڕەوشەکە نائاڵۆزکێنێتەوە لە کاتێکدا وادەی هێرشکردنی بۆ 24 کاژێری دیکە درێژکردووەتەوە؟

محەممەدی حاجی مەحموود، دەڵێ "دەبێ بەغدا بەباشی لەوە تێبگات کە کەرکووک لای ئێمە کوردستانە و ستراتیژە و سیمبوولە، لای ئەوانیش گرێیە. لە هیچ دۆخێکدا ئێمە دەستبەرداری کەرکووک نابین و شەڕیش ناکەین، بەڵام کە هێرش کرایە سەرمان دەبینن چۆن بەرگری دەکەین".

## وەزارەتی پێشمەرگە: پەکەکە لە کەرکووک نییە

**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان دەنگۆی بوونی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان لە کەرکووک ڕەتدەکاتەوە و ڕایدەگەیێنێت "ئەوە سوپای پاسدارانی ئێران و قاسم سولەیمانی بەئاشکرا لەگەڵ حەشدی شەعبین". عەمید هەڵگورد حیکمەت، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە لەبارەی ڕاگەیێندراوەکەی نووسینگەی حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق کە گوایە هێزەکانی پەکەکە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی عێراق هاتوونەتە سنووری پارێزگای کەرکووک؛ بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند: "پەکەکە لە کەرکووک نییە، بەڵام ئەوە سوپای پاسدارانە بە ئاشکرا لەگەڵ حەشدی شەعبی دەبینرێت، ئەوە قاسم سولەیمانییە بەردەوام لەنێو ئەو هێزانەی حەشدی شەعبییە".



## 4000 کوردی ئێزدی لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدان

# ئێزدییەکانی حەشدی شەعبی شەڕی پێشمەرگە ناکەن



حەشدی شەعبی دوو لیوای بۆ کوردی ئێزدی دروست کردووە

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کوردە ئێزدیانەی لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدان، دەڵێن ئامادەنین ڕووی چەکەکانیان لە براکانیان بکەن لە شنگال، هەر لە ئێستاوە بە فەرماندەکانی حەشدی شەعبییان ڕاگەیاندووە، ئەگەر بەنیازن هێرش بکەنە سەر پێشمەرگە، بەتەمای ئێمە مەبن شەڕی پێشمەرگە بکەین، فەرماندەیەکی پێشمەرگەش لە شنگال دەڵێت هەر هێزێکی حەشدی شەعبی هێرش بکاتە سەر شنگال مەحاڵە بە سەلامەتی بگەڕێتەوە.

بەپێی ئامارە نافەرمییەکان نزیکەی 4000 کوردی ئێزدی لە ڕیزەکانی حەشدی شەعبیدان، ئەوان ئێستا پارێزگاری لە 12 کۆمەڵگە و گوندی کوردی ئێزدیان لە باشووری شنگال دەکەن. حەشدی شەعبی دوو لیوای بۆ ئەو ئێزدیانە دروستکردووە، بەڵام لەو شەڕ پێفرۆشتنەی حەشدی شەعبی بە پێشمەرگە، ئێزدییەکانی نێو حەشد خۆیان یەکلایی کردووەتەوە.

خودێدا جوکێ کە فەرماندەیەکی هێزی ماڵی ئێزدیانی سەر بە حەشدی شەعبییە، باسی جموجۆڵەکانی حەشدی شەعبی دەکات لە باشووری شنگال. خودێدا دەڵێت: "ژمارەی هێزەکان هەر وەکو خۆیەتی، بەڵام هەفتەیەک لەمەوبەر ژمارەیەک چەکی قورسیان هێنایە نزیک گوندی کۆچۆ. لەو میحوەرەی ئێمە کەس باسی شەڕی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی ناکات".

ئەو فەرماندە کوردەی حەشدی شەعبی بە دووری دەزانێ شەڕ لە نێوان حەشد و پێشمەرگە ڕووبدات، بەڵام دەڵێت ئەگەر ڕوویدا، ئەو شەڕە ناکەن. خودێدا گوتی "هەتا ئێستا کەس باسی شەڕی لەگەڵ نەکردووین، بەڵام ئەگەر شەڕی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بکرێ، ئێمە ئەو شەڕە ناکەین، چونکە ئەوانەی لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بەرامبەر ئێمەن، یان ئەوانەی لە ڕیزەکانی پەکەکەدان، زۆربەیان کەسوکاری ئێمەن".

خودێدا باسی جموجۆڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەو ناوچانە کرد و گوتی "لێرە ئێستا زۆرتر فۆکەسەکە لەسەر سنووری سووریایە، چونکە هێشتا لەسەر سنوور داعش ماون، جگە لەوەش بەدەیان شانەی نووستووی داعش لە بەعاج هەن، ناوبەناو کاری تێکدەرانە دەکەن".

> **هەر هێزێک پەلاماری شنگال بدات مەحاڵە بگەڕێتەوە**
> قاسم شەشۆ

سەبارەت بە گشتپرسی باشووری کوردستانیش، ئەو فەرماندەیەی حەشدی شەعبی دەڵێت: "ئێمە وەکو کوردی ئێزدی نە لەگەڵ عێراقداین و نە لەگەڵ کوردستانیش، ئێمەش مافی خۆمان دەوێت، دەمانەوێت مافەکانمان پارێزراو بن، بەڵام دەستخۆشی لە خەڵکی کوردستان دەکەین بۆ گشتپرسی، چونکە ئەوە مافێکی شەرعیی خۆیانە".

ئێستا لە سنووری شنگال نزیکەی 15 هەزار پێشمەرگە لە ئامادەباشیدان، زۆربەشیان کوردی ئێزدین، جگە لەو ئێزدیانەشی کە لە ڕیزی هێزەکانی سەر پەکەکەن، لەوانەش یەبەشە و یەپەژە.

هەرەشەکانی حەشدی شەعبی، پێشمەرگەی لە میحوەرەکانەوە خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشی. قاسم شەشۆ فەرماندەی پێشمەرگەی شنگال بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ئێستا سەرجەم هێزەکانمان لە سەنگەرەکان لە حاڵەتی ئامادەباشیدان، هەر هێز و لایەنێک بیەوێت بێتە شنگال، گەڕانەوەی مەحاڵە".

شەشۆ باسی یەکهەڵوێستیی ئێزدییەکانی کرد و گوتی "ئێمەش نامانەوێت شەڕی کورد بکەین، شەڕی کەس ناکەین، بەڵام هەتا دوا دڵۆپ بەرگری لە شنگال دەکەین و لێناگەڕێین کەس بە زۆر بێتە ئێرە".

# ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی چاوەڕێی وەڵامی بەغدایە

## ”ئەگەر وەڵاممان بدەنەوە ئامادەین بۆ گفتوگۆ“

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی کە لەپشکی گۆڕان ئەو پۆستەی وەرگرتووە، داکۆکی لە ڕاگەیێندراوەکەی ئەنجوومەنەکەیان دەکات و دەڵێ، ئێمە نوێنەری خەڵکی سلێمانین و لە خەمخۆریمان بۆ خەڵکی پارێزگاکە ئەوەمان ڕاگەیاندووە. ئەندامێکی فراکسیۆنی پارتیش لەو ئەنجوومەنە، پێیوایە چەند خاڵێکی ڕاگەیێندراوەکە "تەسلیمبوونە بە گوشارەکانی بەغدا".

شەوی 2017/10/12 ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، ڕاگەیێندراوێکی لەبارەی ململانێکانی نێوان هەولێر و بەغدا بڵاوکردەوە و داوای کرد حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق و دەستپێشخەرییەکەی سیستانی، گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراقدا گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکات.

ئەنوەر تاهیر، جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، گوتی ئەوان ڕاگەیێندراوەکەیان ئاراستەی هەموو لایەک کردووە، بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و بەغداشەوە "ئەگەر بەغدا وەڵامی ڕاگەیێندراوەکەمان بداتەوە، ئێمە وەک ئەنجوومەن و نوێنەرانی خەڵکی ئەم پارێزگایە ئامادەین گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەین بۆ چارەسەری کێشەکان". ئەنوەر تاهیر پاساو بۆ دەرکردنی ئەو بەیاننامەیە دەهێنێتەوە و دەڵێت: "ئێمە نوێنەری خەڵکی سلێمانین، مافی ئەوەمان هەیە لە پێناوی چارەسەرکردنی کێشەی خەڵک دانوستاندن بکەین، چونکە تەنیا بەهۆی لەکارخستنی فڕۆکەخانەی سلێمانییەوە، ئیشی ڕۆژانەی خەڵک پەکیکەوتووە".

ڕاگەیێندراوەکە بەناوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانییەوە بڵاوکرایەوە. ڕۆژی پاشتر فراکسیۆنی پارتی لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، وەڵامیان دایەوە و گوتیان ئەو بەیاننامەیە پێشتر ئامادەکرابوو. ڕەخنەی ئەوەشیان گرت کە "قسەکردن بۆ گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی هاووڵاتیبوون و بەڕێوەبردنی عێراق لەسەر بنەمای دەستوور و سوودمەندبوون لە داهات و دەستکەوتی دارایی، خولانەوەیە لە بازنەی داخراودا".

> **ڕاگەیەنراوەکە بە ئامادەکراوی براوەتە ئەنجوومەن**
> پارتی

فراکسیۆنی پارتی تێبینی لەسەر 5 خاڵی ڕاگەیێندراوە شەش خاڵییەکەی ئەنجوومەن هەبوو.

دانا جەزا، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی لە فراکسیۆنی پارتی، دەڵێ لە ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی هەر بابەتێکی گرنگ هەبووبێ و پێویستی بەوە هەبووبێ بەیاننامە یان ڕاگەیێندراوی بۆ دەربکرێ، پێشتر کۆبوونەوە کراوە و بەدەنگدان پەسەند کراوە و دواتر بە ڕاوێژی فراکسیۆنەکان ڕاگەیێندراو بڵاوکراوەتەوە "بەڵام ئەم ڕاگەیێندراوە ئێمە زانیاریمان هەیە کە بە ئامادەکراوی هێنراوەتە نێو ئەنجوومەن و هەندێ دەستکاریی کورتی دارشتنی کراوە و بڵاوکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە وەک فراکسیۆن ئاگادار بین، ئێمە لە میدیاکانەوە زانیمان".

> **پارتیش واژۆی لەسەر ڕاگەیەنراوەکە کردووە**
> گۆڕان

بەڵام ئەنوەر تاهیر، ڕەتیدەکاتەوە فراکسیۆنی پارتی ئاگادار نەبووبێ "سەرۆکی فراکسیۆنەکە ئامادە بووە و تەنانەت ئیمزاشی کردووە، ئەوە بە ڕاوێژ و ڕێککەوتنی نێوان هەموو سەرۆک فراکسیۆنەکان بووە و وشە بە وشە بۆیان خوێندراوەتەوە و دواتر ڕازی بوون لەسەری".

نیاز ئەحمەد، ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی لەو ئەنجوومەنە دەڵێ، ئەوەندەی من ئاگاداریم سەرۆکی هەموو فراکسیۆنەکان بە ڕێککەوتن ئەوەیان واژۆ کردووە "ناشبێ ئێمە ڕەخنەمان لێی هەبێ، چونکە ئێمە نوێنەری خەڵکی پارێزگای سلێمانین و لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی داوای گفتوگۆ دەکەین".

ئەو داواکارییەی ئەنجوومەنی پارێزگا لە کاتێکدایە کە حەیدەر عەبادی بە مەرجی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی گشتپرسی ئامادەیە گفتوگۆ لەگەڵ کورد بکات. نیاز ئەحمەد دەڵێ " ئەوە ڕاستە، بەڵام ئێمە داوای گفتوگۆی بێمەرجمان کردووە لە بەغدا".

ئەو ئەندامەی یەکێتی لە ئەنجوومەنەکە نایشارێتەوە کە ترسی داخستنی خاڵە سنوورییەکان و گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەی سلێمانی وای لێکردن ئەو ڕاگەیێندراوە بڵاوبکەنەوە "چونکە ژیانی خەڵک بە تەواوی قورس و دژوار بووە".

پێشتر بزووتنەوەی گۆڕان هەڵوێستی خۆی لەبارەی دۆخی ئێستای نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا ئاشکرا کردووە و داوای کردووە لە چوارچێوەی دەستووردا گفتوگۆ بکرێ، لەنێوخۆی یەکێتیشدا هەریەک لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و باڤڵ تاڵەبانی، لە دوو ڕاگەیێندراوی جیاوازدا، داوای گفتوگۆیان لەگەڵ بەغدا کرد لەسەر بنەمای دەستوور و دەستپێشخەرییەکەی سیستانی.

دانا جەزا، نیگەرانیی فراکسیۆنەکەی لەو ڕاگەیێندراوە تەئکید دەکاتەوە و دەڵێ تەنیا حکومەتی هەرێمی کوردستان کەناڵی گفتوگۆ و دانوستاندنە لەگەڵ بەغدا "ئەنجوومەنی پارێزگا چۆن دەتوانێ دانوستاندن لەگەڵ عێراق بکات؟".



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

# بەغدا نوێنەرانی کوردی پەرتەوازەتر کرد

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

ئەو کۆدەنگییەی لە نێوان شیعە و سوننەی بەغدا دروستبوو بۆ کەنارگیرکردنی کورد، ماڵە پەرتەوازەکەی کوردی لە بەغدا کۆنەکردەوە. سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، نیگەرانە لەوەی کە مەیلی کۆدەنگی و کاری پێکەوەیی لە بەغدا لای کورد نابینێ و دەڵێت: "خەریکە بڵێم کۆدەنگیی ئێمە نزیکبووەتەوە لە مەحاڵ".

جارێکی دیکە کۆبوونەوەی هاوبەشی فراکسیۆنە کوردستانییەکان دواخرایەوە کە بڕیاربوو ڕۆژی 2017/10/12 لە سلێمانی بکرێ بۆ ئەوەی بڕیار بدەن لەبارەی ئەوەی چی بکەن. موسەننا ئەمین، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت: "یەکگرتوو بەرچاوی ڕوونە چی دەکات، بەڵام بەداخەوە کورد بەگشتی بەرچاوی ڕوون نییە، فراکسیۆنەکان وایان لێهاتووە بۆخۆشیان نازانن چی دەکەن".

بەڵام بۆچی سەرۆکی فراکسیۆنەکان نەیانتوانی کۆببنەوە و بڕیار بدەن؟ شاخەوان عەبدوڵڵا، ئەندامی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێ لەسەر داوای ئاریز عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی دواخرا "چونکە دۆخی کەرکووک لەو کاتەدا کە هەڕەشەی هێرش هەبوو، بەلای ئەوەوە پێویستی بەوە هەبوو چاوەڕێ بکرێ تاوەکو دەربکەوێ بە چ بارێکدا دەکەوێ".

چەند ڕۆژێکی کەم دوای گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، بەغدا ژمارەیەک بڕیاری لە دژی هەولێر دەرکرد. دواتر هێزەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بەچەکی قورسەوە ڕەوانەی سنوورەکانی کەرکووک و ئەو ناوچانە کران. هەروەها ڕێگری کرا لەوەی پەرلەمانتارانی کورد بەشداری دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن لەبەر ئەوەی لەو گشتپرسییەدا دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە عێراق داوە. هەردوو فراکسیۆنی پارتی و یەکگرتوو بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمانیان کردووە، ئەوانی دیکە گەڕاونەتەوە بەغدا، بەڵام بەشداریی دانیشتنەکان ناکەن. هەندێک پەرلەمانتاری کوردیش کە دژی گشتپرسی بوون، یان دەنگیان نەداوە، بەشداریی دانیشتنەکان دەکەن.

زانا ڕوستایی، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی دەترسێ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا سەر بکێشێ بۆ شەڕ و دەڵێت: "لە دۆخێکی وادا ئیتر مانا نامێنێ بۆ گەڕانەوەی ئێمە بۆ بەغدا". ڕوستایی پێیوایە نابێ گلەیی لە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا بکرێ کە یەکڕیز نین "حاڵی ئێمەش حاڵی حیزبەکانمانە، هەرکات ئەوان کۆک بن ئێمەش کۆکین، بەڵام بەداخەوە دوو ساڵە یەکڕیزی لە نێو پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا نەماوە".

ئێستا پەرلەمانی عێراق، بۆ کورد بووەتە جێگایەک کە تەنیا ڕۆڵی تەماشاکردنیان بۆ ماوەتەوە تێیدا. چونکە فراکسیۆنە شیعە و سوننەکان بێمنەتانە لە بوون و نەبوونی کورد دەڕوانن و پێکەوە بڕیار لە دژی کورد دەردەکەن.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، گلەیی لەو پەرشوبڵاوییە هەیە کە لە بۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتارانی گۆڕان و کۆمەڵدا هەیە "بەداخەوە هەندێ پەرلەمانتاری یەکێتی و گۆڕان بەشداریی دانیشتنی پەرلەمانیان کردووە، بەشی زۆری یەکێتی لەگەڵ چوونەوەن بۆ بەغدا، بەڵام لەگەڵ بەشداریکردن نین لە دانیشتنەکان، بەڵام ئێمە لەگەڵ گەڕانەوە نین بەو شێوەیە کە هەر فراکسیۆنە و قسەیەک بکات".

ئەندامێکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی عێراق دەڵێت نابێ کەس گلەیی لە پەرلەمانتاران و فراکسیۆنەکان بکات "چونکە کێشەکە لەسەرووی پەرلەمانتارانەوەیە، هەر فراکسیۆنە و حیزبەکەی پێیدەڵێ چی بکات، بەرپرسەکانیان و حزبەکانیان ناگەنە ئەنجام، بۆیە هەتاوەکو بڕیاری سیاسی یەکلایی نەبێتەوە، دۆخەکە هەروا دەمێنێتەوە".

محەممەد عوسمان، گوتیشی "من لای خۆمەوە بڕیارم داوە هەتاوەکو کەرکووک لەو دۆخەدا بێ نەگەڕێمەوە بەغدا".



## سیروان بارزانی، ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی بۆ (ڕووداو):

# لەنێو پارتیش گوشار بۆ دواخستنی گشتپرسی هەبوو

لە ئۆفیسەکەی خۆی لە کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆم لە پیرمام کە دەڕوانییە چیای سەفین، باسی بڕیارەکانی بەغدا دژ بە کوردستان دەکات. لەوانەش بڕیارێک لەبارەی گواستنەوەی کۆمپانیاکەی بۆ بەغدا و دەڵێت "ئەمە سزادانی بە کۆمەڵە". لای دەستە چەپیشی سەری ڕەشە کە شوێنی نیشتەجێبوونی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، واتە مامی سیروان سابیر بارزانی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی و سەرپەرشتیاری هێزی پێشمەرگە لە میحوەری گوێر - مەخموور لە شەڕی داعشدا، سیروان بارزانی ئێستاش بەرپرسیاری هەمان میحوەرە، بەڵام ئەمجارە هێزەکەی بەرامبەر داعش نییە، بەڵکو حەشد و سوپای عێراقە. سیروان بارزانی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ ڕووداو باسی "پیلان"ی بەغدا بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی کەرکووک دەکات و دەڵێت "ئەو شەوەی بەنیازبوون هێرش بکەنە سەر کەرکووک، ئەفسەر و سەربازە کوردەکانی نێو سوپایان ئیزن دابوو بۆ ئەوەی پیلانەکەیان ئاشکرا نەبێ".

هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو - هەولێر

> سەنگەرەکانمان تەنیا بە شەڕ تەسلیم دەکەین

**ڕووداو: حەیدەر عەبادی، چەندینجار ڕایگەیاندووە کە بژارەی شەڕ لە بیری ئەواندا نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەولێر و بەغدا، بەڵام کورد باس لە مەترسیی هێرشی حەشدی شەعبی بۆ سەر کەرکووک دەکات، ئەو ترسە لەجێی خۆیدایە؟**

**سیروان بارزانی:** عەبادی بەڵێنی زۆری بە وڵاتان دابوو، بە تایبەتی فەرەنسا کە هێز بەکارناهێنێ، بەڵام بەپێی زانیاری و سەرچاوەکانی ئێمە، شەوی پێنجشەممەی ڕابردوو پیلانیان هەبوو هێرش بکەنە سەر ناوچە نەوتییەکانی کەرکووک، بەڵام پیلانەکەیان دواخست، بە نیاز بوون لە میحوەری گوێر و مەخموورەوە شتێک بکەن، بۆیە زۆربەی ئەفسەر و سەربازە کوردەکانیان ئیزن دابوو تا زانیاریی دزە نەکات، بەڵام ئاشکراکردنی پیلانەکە لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی خۆمان و هاتنە سەر خەتی وڵاتان، هێرشەکەی دواخست.

**ڕووداو: بۆ دوورخستنەوەی شەڕ ئەگەری ڕادەستکردنی ئەو ناوچانە هەیە؟**

> تەنانەت سەرۆک بارزانیش ناتوانێ ئەنجامی گشتپرسی هەڵبوەشێنێتەوە

**سیروان بارزانی:** لە سەرەتای شەڕی داعشەوە دەمانزانی کە بەغدا داوای کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکان دەکاتەوە، لە کاتێکدا ئەم ناوچانە بە خوێنی پێشمەرگە ڕزگارکراون. ئێمە ریفراندۆممان لە کەرکووک بەبێ گەڕانەوەی عەرەبە هاوردەکان کردووە، 5%ی عەرەبی هاوردە نەگەڕاونەتەوە. جگە لەوەش نزیکەی ملیۆنێک و 800 هەزار ئاوارەی عەرەبی دیکەمان وەرگرتووە، حکومەتی عێراق قبوڵی نەدەکرد ئاوارەی عەرەبی سوننە داخلی بەغدا بێت، بەڵکو وەکو هاووڵاتییەکی بیانی بە ترانزێت لە بەغداوە بە فڕۆکە ڕەوانەی هەولێریان کردن، ئینجا ئێمە ریفراندۆممان کرد و ئەنجامێکی گەورەش بەدەستهات. ئەگەر سەیری واقیع بکەین، ئێمە دەستووری عێراقمان جێبەجێ کردووە، ئەو ناوچانەمان پاراستووە کە سوپای عێراق بە سەرشۆڕی و بە چەکی زۆرەوە ڕادەستی داعشی کرد، ئێمە بە خوێنی خۆمان ڕزگارمان کردن و پاراستمان. لەدوای 2014ەوە تەنیا دوو تەقینەوە لە کەرکووک ڕوویانداوە، بەڵام ئەو کاتەی لە ژێر دەسەڵاتی بەغدا بوو، هەموو ڕۆژێک تەقینەوە و خوێنڕشتن هەبوو. ئێمە نازانین ئەو شوێنانە ڕادەستی کێ بکەین؟ ئەو ناوچانە کوردستانن، سوپای عێراق و هێزەکانی دیکە برای ئێمەن، بەڵام بەبێ شەڕ سەنگەرەکانیان تەسلیم ناکەین و بەرگری لە خاکی خۆمان دەکەین.

**ڕووداو: تۆ بە حوکمی نزیکیت لە ناوەندی بڕیاری سیاسی و ئەندامی سەرکردایەتی پارتیشی، کوردستان شەڕێکی لە پێشەو هەر دەبێ بیکات؟**

**سیروان بارزانی:** کوردستان شەڕی ناوێت و ئێمە شەڕخواز نین، ئێمە سەت ساڵە خوێن دەدەین. تا دەگاتە شەڕی داعش 200 هەزار شەهید و قوربانیمان داوە، ریفراندۆم و سەربەخۆیی ئەوەندە دەهێنێ کە شەڕی بەرگری بکەین. ڕژێم لە دوای ڕژێم دێتە سەر حوکم و یەک لە یەک خراپترن، سروشتی حوکمڕانی لە بەغدا وایە. کاتێک شەڕی مووسڵ دەستیپێکرد، عەبادی سەردانی هەولێری کرد و لەگەڵ جەنابی سەرۆک کۆبووەوە، زۆر لە برادەرانی ئێمە دەیانگوت عەبادی باشترە و مافی کورد دەدات، بەڵام من گوتم جیاوازیی عەبادی لە مالیکی ئەوەیە زیاتر پێدەکەنێ. قەناعەتی خۆم وایە ئەگەر شەڕی داعش بەسەر مالیکی سەپێندرابایە ئەو هاوکارییەی ئێمە پێشکەشی عەبادیمان کرد، پێشکەشی مالیکیمان کردبایە زۆر هاوکاریی پێشمەرگەی دەکرد، ئەگەر مافی تەواویشی نەدابایە، هەندێکی هەر دەدا، بەڵام ئەمانە ئەوەش ناکەن.

**ڕووداو: هیچ بەڵگەیەکت هەیە بۆ ئەو قسانە؟**

**سیروان بارزانی:** من لەناو شەڕەکەم و ئاگادارم، ئێمە لە ژێر گەمارۆی تەواودابین، بۆ نموونە من لەسەر حیسابی خۆم چەکی قەناسم بۆ پێشمەرگە لە کەنەدا کڕیوە، ئەو یەک ساڵە بەغدا دەستی بە ئێمە دەکات و ناهێڵێ داخل بێت، پێنج جار وەزارەتی پێشمەرگە نامەی بۆ بەغدا ناردووە، کەچی هەر خۆیان دەدزنەوە. قبوڵ ناکەن لەسەر حیسابی خۆشمان چەک و فیشەک بکڕین.

**ڕووداو: پێشبینی دەکەن لەم بارودۆخە بارگاوییە بە شەڕ، گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکرێ؟**

**سیروان بارزانی:** بەغدا یەک مەرجی هەیە، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامی ریفراندۆمە، ئەمەش قابیلی جێبەجێکردن نییە، چونکە کەس ئەو دەسەڵاتەی نییە، نە جەنابی سەرۆک نە پەرلەمان و نە ئێمەش، ئەمە رای میللەتە کەس ناتوانێت بیکات.

**ڕووداو: بۆچوونی وڵاتانی زلهێز سەبارەت بە ئەنجامی گشتپرسی چییە؟**

**سیروان بارزانی:** ئەوان کەسیان دژنین، بەڵکو لەگەڵ کاتەکەی کێشەیان هەیە، بەڵام من ئەو ڕۆژەش بە یەکێک لە کونسوڵەکانم گوت ئێوە ئێمەتان فێری دیموکراسی و مافی گەلان کرد، ئێمەش ئەوەمان جێبەجێ کردووە و چووین دەنگمان داوە، نەچووین خەڵک بکوژین. بەپێی جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کوردستان ریفراندۆمی کردووە، بەڕاستی ناوی ئەو ڕێکخراوەش هەڵەیە "نەتەوە یەکگرتووەکان"، بەڵکو وڵاتە یەکگرتووەکانە، چونکە شوێنی نەتەوەیەکی وەکو کوردی تێدا نییە.

**ڕووداو: پرسیارێک بەردەوام دەکرێت، بۆچی بارزانی بێدەنگە؟ بەغدا لەو بێدەنگییەی بارزانی تەواو نیگەرانە.**

**سیروان بارزانی:** ناحەزانی کوردستان دەزانن ئیشەکەی جەنابی سەرۆک چەند گەورە بوو، کێشەی کوردی لە بابەتێکی ئەمنی و مرۆییەوە کردە بابەتێکی سیاسی و نێودەوڵەتی، کوردستان گۆڵی خۆی کردووە، بۆیە جەنابی سەرۆک وەڵامی ئەوانە ناداتەوە.

> کوردستان گۆڵی خۆی کردووە بۆیە بارزانی بێدەنگە

**ڕووداو: لە ڕۆژانی کۆتایی باس لە گوشارێکی گەورە لەسەر بارزانی دەکرا بۆ ئەوەی ریفراندۆم دوابخات، تۆ بە حوکمی نزیکیت پێمان بڵێ ئەو گوشارانە زۆرتر لەلایەن کێوە بوون؟**

**سیروان بارزانی:** گوشارێکی گەورە لە هەموو لایەکەوە لە جەنابی سەرۆک دەکرا، تەنانەت لەلایەن هەندێک لە پارتییەکانیش، چەندی نزیک دەبووینەوە لە وادەی ریفراندۆم، گوشارەکە لە دەرەوە و ناوەوە زیاتر دەبوو، تەنانەت ئەمریکاش بڕوای نەدەکرد ریفراندۆم بکرێت، لە ڕۆژی ئاهەنگی هەولێر کە لە ڕێگا ئەو هەموو خەڵکەم بینی، بە برادەرانم گوت تەواو ریفراندۆم دەکرێت و لە دەستی جەنابی سەرۆکیش دەرچووە، لە گوتارەکەشی باسی کرد کە خەڵک ریفراندۆمی خۆی کرد.

**ڕووداو: تۆ خاوەنی کۆمپانیای کۆڕەک تیلیکۆمی، ئەو بڕیارانەی بەغدا لە دژی کۆمپانیاکانی مۆبایل بۆ چییە؟**

**سیروان بارزانی:** بڕیارەکانی بەغدا بۆ ئێمە ڕوون نییە، نازانین مەبەستیان چییە؟ بەس ئەوەندە دەزانین بەهۆی ریفراندۆمەوە تووشی شۆک بوون، ئەو بڕیارانەی بەغداش بۆ شەقامی عێراق و بانگەشەی هەڵبژاردنە بۆ ئەوەی بە خەڵکەکە بڵێن ئێمەش شتێکمان کرد. ئێمە کۆمپانیایەکی کوردستانین بە ناوەکەی دیارە و زۆربەی پشکەکانی هی منە. لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکانیش هەر بە کۆمپانیایەکی کوردی ناومان دەهێنن، هەرچی ئاسیاسێڵە نزیکەی 80%ی قەتەرییە، بەس کاک فارووق کەسێکی دیاری کوردە. سەبارەت بە زەینیش ئەوان لە بەغدان و کۆمپانیایەکی کوێتییە و کوردی نییە. بەڵام بارەگای سەرەکیمان لە هەولێرە و سویچەکەش بە دەستی خۆمانە.

**ڕووداو: ئێوە پارەتان داوەتە بەغدا. بەپێی گرێبەستەکە هیچ مەرجێکی تێدایە بۆ گواستنەوەی بارەگای سەرەکی کۆمپانیاکە بۆ بەغدا؟**

**سیروان بارزانی:** ئێمە ملیارێک و 250 ملیۆن دۆلارمان داوەتە حکومەتی عێراق لە بەرامبەر مۆڵەتی 15 ساڵ کارکردن لە عێراق، بە چاودێریی کۆمپانیایەکی نێودەوڵەتیی بەریتانی. ئێمە گرێبەستمان لەگەڵ حکومەتێک کردووە کە وجودی نییە و غەدر لە ئێمە دەکرێت، بۆ نموونە 8 ساڵە لە باشووری عێراق ناهێڵن ئینتەرنێت لەسەر کێبڵی ڤایبەر ئۆپتیکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنی عێراق بەکاربهێنین. 4 ساڵە بە بیانووی ئەمنی و جۆراوجۆر ناهێڵن لە ڕومادی ئیش بکەین. نموونەیەکی دیکەت بۆ باس بکەم، داعش لە کاتی چاندنی بۆمب بۆ پێشمەرگە تێبینی نووسیبوو کە نابێت هێڵی کۆڕەک بۆ تەقاندنەوەی بۆمبەکان بەکاربهێنرێ، چونکە دەیزانی کۆمپانیایەکی کوردییە، لە کاتی هێرشی پێشمەرگە هێڵەکانمان دەکوژاندەوە. لەبەر ئەوەی کۆمپانیایەکی کوردین ئاستەنگی زۆرمان بۆ دروست دەکرێت، جگە لەوە بەرپرسانی کورد لە بەغدا پشتگیریمان ناکەن.

> جیاوازیی عەبادی لە مالیکی هەر ئەوەیە زیاتر پێدەکەنێ

**ڕووداو: ژمارەی هاوبەشەکانی کۆمپانیاکەتان چەندە؟**

**سیروان بارزانی:** ئێمە 7 ملیۆن هاوبەشمان هەیە. 4 ملیۆنی لە باشووری کوردستانە، ئەوانی دیکەش لە پارێزگاکانی دیکەی عێراقن.

**ڕووداو: ئێستا ئێوە بە نیازی چین، چۆن مامەڵە لەگەڵ بەغدا دەکەن؟**

**سیروان بارزانی:** ئێمە تیمێکمان ناردووەتە بەغدا بۆ ئەوەی بزانین مەبەستیان لەو بڕیارانە چییە. وابزانم عەبادیش ڕوونکردنەوەی داوە کە کۆمپانیاکانی مۆبایل پابەندی گرێبەستەکانیانن، هەرواش بووە ئێمە پابەند بووین، چونکە بەغدا 20%ی باجی خستووەتە سەر مۆبایل، ئەوە هەمووی بۆ ئەوانە نەک بۆ ئێمە. ئێمە سویچمان لە بەغدا هەیە و ژمارەی کارمەندەکانمان 500 کەسە، خزمەتگوزاریی گەورە پێشکەش دەکەین، 2500 مۆلیدە 24 کاژێر کار دەکات، ئێمە باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین، بۆ نموونە لە زۆر بواری تەکنەلۆژیا لەسەر عێراق دەوەستین تا ڕێگامان بدەن، بۆیە ئەگەر مەبەستی ئەوان ئەوە بێت بارەگا و سویچی سەرەکیمان بچێتە بەغدا، ئێمە ئەوە ناکەین. لە ڕووی تەکنیکیشەوە ناکرێت.

> بنکە و سویچی سەرەکیی کۆڕەک ناگوازینەوە بەغدا

**ڕووداو: گەمارۆی سەر ئاسمانی کوردستان کێشە و گرفتی بۆ ئێوە دروست نەکردووە؟**

**سیروان بارزانی:** کێشەی بۆ دروستکردووین، چونکە ئێمە کەلوپەلمان دەویست بە چەند ڕۆژێک دەگەیشت، ئێستا دەبێت بچێتەوە بەغدا و پاشان بێتە هەولێر. هەندێک لە کارمەندەکانمان کە خەڵکی بیانین گرفتی هاتوچۆیان بۆ دروستبووە. ئەوەی بەغدا بەرامبەر کوردستان دەیکات سزادانی بە کۆمەڵە. پەیوەندیی مرۆیی و بازرگانی لە نێوان دوو وڵاتی شەڕکەریش ناوەستێ، بۆیە ئێمە لەگەڵ وڵاتانی دۆست و ڕێکخراو و کەسایەتییەکان سەرقاڵی ئەوەین ئاسمانی کوردستان بکەینەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لیژنەیەکی تایبەتی دروستکردووە بۆ ئەوەی کۆد وەربگرێت و ئاسمان بکرێتەوە، چونکە ئەو بڕیارەی بەغدا لە ڕووی مرۆییەوە کاریگەری لەسەر دانیشتووانی کوردستان دروستکردووە، بە تایبەتی بۆ هاتوچۆی نەخۆش و بریندارەکانی شەڕی داعش.

> **ئەو شەوەی بەغدا بەنیاز بوو هێرش بکاتە سەر کەرکووک، ئەفسەر و سەربازە کوردەکانی ئیزن دابوو**

**ڕووداو: ماوەیەکی زۆرە بێتاقەتی لە نێو سەرمایەداران هەیە کە بەهۆی قەیران کاری وەبەرهێنانی گەورە ناکەن، تۆ وەکو سەرمایەدارێک هیچ پرۆژەیەکت هەیە؟**

**سیروان بارزانی:** سەرەڕای بڕینی مووچە و بودجەی کوردستان لەلایەن بەغدا، قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، ئێمە دۆخمان باشە و پرۆژەکانمان بەردەوامن. بۆ نموونە پرۆژەی گوڵان تاوەرمان هەیە کە لە ڕووی خەرجی و کواڵیتییەوە گەورەترین پرۆژەیە لە عێراق بە شەویش کاری تێدا دەکرێت، یەکێک لە شەریکەکانمان کە خەڵکی تورکیایە ڤێلاکەشی فرۆشت بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژەیە، چونکە مەبەستمان بوو پەیام بە نوێنەری وڵاتان لە هەولێر و سەرمایەداران بدەین کە سەرەڕای گەمارۆ و شەڕی داعش، بەڵام ئاوەدانی بەردەوامە. خەونی من خزمەتکردنی وڵاتەکەمە نەک کاری سەرمایەداری و قازانجی زیاتر، چونکە من مرۆڤێکم ڕۆژێک دێت دەمرم، دەبێ چاوەڕێی ئەوە بکەین کەسێک ڕەحمەتێکمان بۆ بنێرێت، بۆ نموونە 10 هەزار خێزان لەو پرۆژانەی ئێمە سوومەندە و خێری لێدەبینێ، ئەوە بەلای منەوە گرنگە، نەک چەند قازانج دەکەم.

> لەسەر حسابی خۆم چەکی قەناسم بۆ پێشمەرگە کڕیوە و بەغدا ڕێگا نادات بێت

**ڕووداو: سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە مامی تۆیە، وا ناسراوە دەڵێن لە بواری پارە زۆر هەستیارە، زۆریش کاریگەرە بە مامەڵەی شێخ ئەحمەد بارزانیی مامی کە تاوەکو مرد دەستی لە پارە نەدا، قسەی ئەو لەسەر کاری بزنسی تۆ چییە؟**

**سیروان بارزانی:** زۆر جاران وەکو خێزان دادەنیشین، جارێکیان جەنابی سەرۆک فەرمووی کە پێم خۆش نییە ئەو پرۆژانە دەکەن و پێم باشە بیوەستێنن، منیش ئەوەم لە خزمەتی جەنابیان خستەڕوو کە ئامادەم هەرچی پرۆژە و سەرمایە هەیە بیخەمە بەردەستی بیسووتێنێ، بەڵام ئەگەر لەسەر قسەی هەندێک کەس بوەستین، دەبێ هیچ نەکەین. ئێمە لە قۆناغی ئێستا دەوڵەتداری دەکەین، بۆیە مافی هەموو کەسێکە کاری بازرگانی بکات، بەڵام گرنگ ئەوەیە لە چوارچێوەی یاسا بە مونافسەی شەریف ئەو کارانە بکات، زۆر پرۆژەی گەورە هەیە لەسەر ناوی من کە ڕەنگە 5%ی پرۆژەکە هی من نەبێت، بەڵام سەرمایەداری بیانی متمانەیان بە من هەیە، لەسەر دۆستایەتی من ئامادەن کاری وەبەرهێنان لێرە بکەن کە خزمەتی گەورە بە جوڵەی بازاڕ و خەڵکی ئێمە دەکات. تەنانەت دایکیشم دەڵێ بۆ خۆت دەکەیتە واجیهە و خەڵک باست بکات، بەڵام هەمیشە ئەوە دەڵێم ئەگەر من پرۆژەم نەکردبایە، ئەم وڵاتە پێوەی دیار دەبوو، چونکە دوژمنان ئەم وڵاتەیان وێران کرد، ئێمەش ئاوەدانی دەکەینەوە، لەبەر قسەی هەندێک خەڵک ناکرێت دابنیشین، بۆ نموونە تەلەفریکی چیای کۆڕەک کە گەورەترین پرۆژەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەر بۆ خزمەتی خەڵک و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە بە تایبەتی لە دەڤەری سۆران کە قوربانیی زۆریان داوە. بە جەنابی سەرۆکم گوت گەردنی ئازا بێت چ بڕیارێک دەدات من ئامادەم و جێبەجێی دەکەم، پارەکانمان لێوەربگرنەوە و لەسەر شاشە ڕیسوام بکەن و زیندانیشم بکەن هیچ پێی نیگەران نابم، ئەگەر زەویم بە نایاسایی وەرگرتبێت، یان واستەم لای وەزیر و بەرپرسان کردبێت، لەبەر ئەوەی برازای جەنابتم، یاخود زەوی کشتوکاڵیم کردبێتە پرۆژە، بە پێچەوانەوە هەموو کارەکانمان بە یاسایی کراوە، جاری وا هەبووە دوو ساڵ وەستاوین، تاوەکوو پرۆژەیەکمان وەرگرتووە.

> بە بارزانیم گوت هەرچی سەروەت و سامانم هەیە بیسووتێنە

**ڕووداو: بارزانی بڕیاری داوە خۆی و کەسە نزیکەکانی، خۆیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کاندید نەکەن، ئەی کاندیدی پارتی کێ دەبێت؟**

**سیروان بارزانی:** ڕاستە پارتی کاندیدی پێشکەش نەکردووە، بەڵام هەر کاتێک هەڵبژاردن بکرێت پارتی کاندیدی دەبێ و جەنابی سەرۆک پشتگیری و پشتیوانی دەبێت، ئێمەش هەموومان پشتگیری دەکەین و بانگەشەی بۆ دەکەین، 10 سەرۆکی هەرێممان هەبێت، جەنابی سەرۆک هەر پێگە و کاریگەریی خۆی دەمێنێ، ئەو خاوەنی مێژوویەکی گەورەیە. ئەگەر بارزانی ئەو بڕیارەشی نەدابا، هیچ کەس لە عائیلەی ئێمە لە حزووری بارزانی خۆی بۆ ئەو پۆستە کاندید ناکات.

> داعش بەکارهێنانی سیمکارتی کۆڕەکی بۆ تەقاندنەوە قەدەغە کردبوو

**ڕووداو: ئەی ئەم پۆستە چی لێدێت؟**

**سیروان بارزانی:** ڕاستی من پێم سەیرە لایەنەکانی دیکە کاندیدیان بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشکەش نەکردووە، دەبێ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لە پەرلەمان هەموار بکرێتەوە، دەبێ لایەنەکان کۆببنەوە و بگەنە ڕێککەوتن لەسەر کاندیدێک یان لەسەر هەڵبژاردن، ئەگەر لایەنەکان جورئەت ناکەن کاندید پێشکەش بکەن و ئامادە نین ئەو بەرپرسیارێتییە هەڵبگرن و دەزانن کارەکە زەحمەتە و ڕاگرتنی باڵانس ئاسان نییە، با ئەو پۆستە نەمێنێ، چونکە هەموو کوردێکی دڵسۆز دەزانێت ئێمە پێویستمان بە جەنابی سەرۆکە، نەک ئەو پێویستی بە پۆست بێت.

> بۆ مۆڵەتی 15 ساڵ کاری کۆڕەک تیلیکۆم ملیارێک و 250 ملیۆن دۆلارمان داوەتە عێراق





## بابەکر زێباری: یەپەگە هاوکاری حەشدی شەعبی ناکات

**ڕووداو- دهۆک**

بابەکر زێباری، سوپاسالاری پێشووی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کردنەوەی دەروازەیەکی نوێی سنووری لە نێوان تورکیا و عێراق بە داخستنی دەروازەی نێودەوڵەتی ئیبراهیم خەلیل، کارێکی ئاسان نییە و یەپەگەش ڕەتیکردووەتەوە هاوئاهەنگی لەگەڵ حەشدی شەعبی بکات، بۆ کردنەوەی ئەو دەروازەیە کە لە تورکیاوە بە ناو خاکی سووریا بێتە عێراق. بابەکر زێباری ، سوپاسالاری پێشووی عێراق ئاماژەی بەوەشدا، بیرۆکەی کردنەوەی ئەو دەروازەیە پلانێکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕژێمی بەعس و لەو باوەڕەدا نییە بتوانن ئەو پلانە جێبەجێ بکەن. ناوبراو ئاماژەی بەوەکرد، کوژراوەکە ناوی (ی.ع.ع) ە و تەمەنی 29 ساڵە و تەرمەکەی ڕەوانەی پزیشکی دادیی کراوە، تۆمەتبارەکەش دەستگیرکراوە و دەستبەسەر چەکەکەشدا گیراوە.

# حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئومێد لەسەر ترامپ هەڵدەچنن

**فوئاد حەقیقی**
**ڕووداو- هەولێر**

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشوازی لە سیاسەتی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ئێران و بەتایبەت سوپای پاسداران دەکەن و پێیانوایە ئەمە دەبێتە هۆی پێشخستنی خەباتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ڕۆژی هەینی ڕابردوو دۆناڵد ترامپ، سەرۆکی ئەمریکا، لە گوتارێکدا ستراتیژی نوێی وڵاتەکەی بەرامبەر ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ئێران ڕاگەیاند و داوای هەموارکردنەوەی کرد، ڕاشیگەیاند کە ناتوانن پەسەندی بکەن. ترامپ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ئێران بە یەکێک لە خراپترین ڕێککەوتننامەکانی مێژووی ئەمریکا وەسف کرد.

سەرۆکی ئەمریکا حکومەتی ئێرانی بە ڕژێمێکی بەدکاری ئایینی ناساند و ڕاشیگەیاند، بەهۆی ئەوەی سوپای پاسداران لە سەرتاسەری جیهان پشتگیری و هاوکاریی گرووپە تیرۆریستییەکان دەکات، سزای زیاتری بەسەردا دەسەپێنن.

هەر دوای گوتارەکەی ترامپ، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە نێو لیستی ئەو دامەزراوانەی بەر سزا ئابوورییەکانی دەکەون، لەمەودواش بە مادەی تیرۆر مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا لە ڕاگەیێندراوێکدا ئاشکرای کرد کە سزاکانی بەسەر 4 قەوارەی دیکەدا سەپاندوون، لەنێویاندا کۆمپانیایەکی چینی هەیە، بەهۆی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێران.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە ئەمانە هەنگاوی باشن دژ بە کۆماری ئیسلامی گیراونەتەبەر. بەتایبەت هەوڵی ئەمریکا بۆ سنووردارکردنی چالاکییەکانی سوپای پاسداران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێیانوایە ئەمە لاوازبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێدەکەوێتەوە.

ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، پێیوایە دۆناڵد ترامپ هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە سیاسەتی لەمجۆرەی بەرامبەر ئێران هەبووە. کەعبی دەڵێ: "گوشارەکان، لەڕووی ئابووری، سیاسی و تەنانەت سەربازیشەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران لاواز دەکات و چیدیکە ناتوانێ بێ هیچ بەربەستێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەسپی خۆی تاو بدات".

تەیموور مستەفایی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێیوایە، گەمارۆدانی سوپای پاسداران نیشانەی ئەوەیە کە ئەمریکا سیاسەتێکی جددی بەرامبەر ئێران دەگرێتەبەر، ئەمەش لە ئێران کێشە دروست دەکات، ڕەوشی ئابووری خراپتر دەبێت و چالاکییەکانی سوپای پاسداران سنووردار و دواتریش لاواز دەبێت و ئەمەش دەرفەتی چالاکی بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڕەخسێنێ.

ڕەزا کەعبیش باس لەوە دەکات کە کورتکردنەوەی دەستی سوپای پاسداران لە ناوچە و گەڕانەوەیان بۆ بنکەکانیان لە ناوخۆی ئێران کاریگەریی زۆر خێرای لە ناوخۆی ئێراندا دەبێت، بە جۆرێک کە خەڵک نارەزایەتی دەردەبڕن. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە لە ساڵانی ڕابردوودا ئێران کێشەکانی خۆی هێناوەتە دەرەوەی سنوورەکان و لە ناوخۆدا خۆی وەک هێزێکی خاوەن هەژموون لە قەڵەمداوە "سوپای پاسداران لە ناوخۆدا لاواز دەبێ و خەڵکیش متمانە بەخۆبوونیان بەرز دەبێتەوە".

ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2006 ەوە تاکوو 2011 حەوت بڕیارنامەی دژی ئێران پەسەند کردووە و بەهۆی بڕیارنامەکانەوە کۆمەڵێک گەمارۆ بەسەر ئێراندا سەپێنران. ئەمە جگە لە گەمارۆ یەک لایەنەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران کە هەموویان کاریگەریی خراپیان لەسەر ئابووریی ئێران هەبووە.

کاریگەریی گەمارۆکان بەجۆرێک بوو کە مەحموود ئەحمەدی نەژاد، سەرۆککۆماری پێشووی ئێران، بە ڕێبەری وڵاتی ڕاگەیاندبوو چیدی ناتوانێ بەرپرسایەتی ئەو ڕەوشە قبوڵ بکات. هەر بۆیەشە سەید عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران، هەر لە سەردەمی مەحموود ئەحمەدی نەژاددا بڕیاری دا دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکا بکرێ.

دۆناڵد ترامپیش لە کاتی ڕاگەیاندنی سیاسەتی نوێی وڵاتەکەی بەرامبەر ئێران، باسی لەوە کرد کە کۆماری ئیسلامی بەهۆی گەمارۆکانەوە بە تەواوەتی لە ڕووخان نزیک بوو، بەڵام باراک ئۆباما، سەرۆککۆماری پێشووی ئەمریکا، دەستی ئێرانی گرت و لە لەنێوچوون ڕزگاری کرد.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هەمان ڕەخنەیان هەیە و پێیانوایە بەهۆی سیاسەتی ئەمریکاوە لە سەردەمی ئۆباما، ئێران توانی زیاتر بەهێز بێت و پەل بۆ چوار پایتەختی وڵاتانی ڕۆژهەڵات بهاوێ: عێراق، سووریا، لوبنان و یەمەن.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئومێدەوە دەڕواننە ستراتیژی نوێی ئەمریکا دژی ئێران و پێیانوایە لە درێژخایەندا کاریگەری لەسەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەبێت و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانیش دەبوژێنێتەوە.

بەپێی هەندێ ئامار، سوپای پاسدارانی ئێران خاوەنی 800 کۆمپانیایە. 5 هەزار بەڵێندەر و 130 هەزار هێزی کاری هەیە کە 35 هەزار کەسیان خەڵکی شارەزا و پسپۆڕن. سوپای پاسداران لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئابووری ئێراندا لە دروستکردنی قوتابخانە و نەخۆشخانەوە بگرە تا بواری نەوت و گازی ئێران سەرمایەگوزاری کردووە. بۆیە گەمارۆ خستنە سەر سوپای پاسداران دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئابووریی ئێران هەبێت. ئەمە جگە لەوەی کێشە بۆ سوپا خۆیشی دروست دەبێت.

بۆ سوودوەرگرتن لەم قۆناغە نوێیە، حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بە یەکگرتوویيان دەتوانن کەڵکی لێوەربگرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هێشتا پەرتەوازەن.

عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری گشتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دەڵێ لەگەڵ حدکا بڕیاریان داوە هەوڵێکی نوێ بۆ لێکنزیککردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدەن.

ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان جەخت دەکاتەوە کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبێت خۆیان ئامادە بکەن، ڕاهێنانی زیاتر بە پێشمەرگە بکەن و خەڵکیش بۆ هەر ڕووداوێک ئامادە بکەن. بۆ ئەمەش پێویستە حیزبەکان پلان و بەرنامەی هاوبەشیان هەبێت. تەیموور مستەفاییش دەڵێت: "ڕەنگە لە داهاتوودا بژارەی جیاواز بێنە سەرڕێ و کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بەرەوڕووی قەیرانی جیاواز بێتەوە، بۆیە پێداگری لەسەر هاودەنگی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەمەوە، لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش باشتر مامەڵەمان لەگەڵ دەکات".

> لەگەڵ حدکا هەوڵی لێکنزیککردنەوەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەدەین
>
> عەبدوڵڵا موهتەدی

> گەمارۆی سەر پاسداران دەرفەتی خەبات بۆ ڕۆژهەڵات دەڕەخسێنێ
>
> ڕەزا کەعبی



"ستراتیژی نوێی ئەمریکا بەرامبەر ئێران خەباتی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە" (فۆتۆ: AFP)

# گەنمی سووریا دەکەوێتە بندەستی پەیەدە

**ڕووداو- هەولێر**

لە گەرمەی شەڕی سوپای سووریا و چەکدارانی داعشدا، حکومەتی سووریا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەوە تۆمەتبار دەکرد کە چاوپۆشی لە قاچاخچییەکانی داعش دەکەن. ڕێک لەو کاتەدا پەرلەمانتارێکی سووری لەژێرەوە بازرگانی لەگەڵ جووتیاران و کاربەدەستانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا کردووە و حکومەتی سووریاش لەو ڕێگەیەوە خۆراکی پێویستی بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی دابین کردووە، لە کاتێکدا ناوچە کشتوکاڵییەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا لە ژێر دەستی یەپەگە بوون.

حوسام قاترجی، نوێنەری حەلەب لە پەرلەمانی سووریا، لەڕێی کۆمەڵێک بازرگان و جووتیارەوە گەنمی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش دەکڕی و بۆ دیمەشقی دەگواستەوە. بە گوتەی جووتیاران و کاربەدەستانی پێشووی داعش لە ڕەققە، داعش پشکی خۆی لە باج و قازانجی ئەو گەنمە وەردەگرت.

قاترجی، ئەندامی لیژنەی کرێکاران و جووتیارانی پەرلەمانی سووریایە و لەدایکبووی ڕەققەیە. محەممەد قەساب، بەرپرسی نووسینگەی قاترجی بۆ ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی پشتڕاست کردووەتەوە کە گرووپە بازرگانییەکەی قاترجی گەنمیان لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریاوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی حکومەت دەگواستەوە، بەڵام ڕەتیکردەوە کۆمپانیای قاترجی دەستی لەگەڵ داعش تێکەڵ کردبێت. قاترجی خۆی وەڵامی پەیوەندییەکانی (ڕۆیتەرز)ی نەداوەتەوە و دیاریش نییە حکومەتی ئەسەد تا چەندە ئاگاداری بازرگانییەکانی نێوان گرووپی قاترجی و داعش بوونە.

پێشتر دەنگۆی بازرگانیی نەوت لە نێوان حکومەتی سووریا و داعش هەبوو، ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا لە چوارچێوەی سیاسەتی وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی داعشدا، کۆمەڵێک سزایان بەسەر ئەسەددا سەپاند. بەڵام حکومەتی سووریا هەموو جارێک ڕەتیکردووەتەوە پەیوەندیی بازرگانی لەگەڵ داعشدا هەبووبێ.

قەساب دەڵێت بازرگانیی گەنم لە ناوچەکانی باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بێ پەیوەندیکردن بە داعشەوە بووە، بەڵام ئامادە نەبوو هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەو بارەیەوە بدات جگە لەوەی گوتی "ئاسان نەبوو، بارودۆخێکی قورس بوو، ڕوونکردنەوەی ئەمەش زۆر هەڵدەگرێت".

بەڵام پێنج جووتیاری ناوچەکانی دەوروبەری ڕەققە ئەو لێدوانەی قەساب ڕەتدەکەنەوە و یەکێک لە جووتیارەکان بە ناوی محەممەد هادی دەڵێت: "بازرگانییەکە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بە بەرنامە بوو".

محەممەد بە (ڕۆیتەرز)ی گوت "پاش ئەوەی 10%ی گەنمەکەمان وەکو زەکات دەدایە داعش، ئەوەی دەمایەوە بە کۆمەڵێک وردە بازرگانمان دەفرۆشت، ئەوان گەنمەکەیان بۆ بازرگانی گەورەتر ڕەوانە دەکرد، دواتر لە ڕێگەی دوو سێ بازرگانی دیکەوە دەگەیشتە دەستی قاترجی".

بەرپرسانی ناوچەکە دەڵێن ئەو بازرگانانەی گەنمیان لە ڕەققە و دێرەزوور دەکڕی، دەبووایە 20%ی بدەنە داعش. نەواس عەلی، جێگری کارگێڕی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی هاوبەشی تەبقا لەگەڵ ژمارەیەک بەندکراوی داعش و ژمارەیەک لەوانە قسەی کردووە کە سەروکاریان لەگەڵ سیستەمی کۆکردنەوەی باج و زەکاتی داعش هەبووە، بۆیە زانیاریی وردی لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی قاترجی و داعش بۆ ئاشکرا بووە. ئەو گوتی "بارهەڵگرەکانی قاترجی ناسراو بوون و لۆگۆکەی سەریان ڕوون و ئاشکرا بوو، بەهیچ شێوەیەک نەدەترسان".

بەگوتەی بەرپرسەکەی ئەنجوومەنی کارگێڕیی تەبقا، بازرگانیی نێوان قاترجی و داعش هەتا مانگەکانی ئایار بۆ ئابی ئەمساڵیش بەردەوام بووە.

ژمارەیەک شایەتحاڵ دەڵێن شوفێری بارهەڵگرەکانی قاترجی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش و تەنانەت لە خاڵەکانی پشکنین جگەرەیان دەکێشا، لە کاتێکدا دانیشتووە مەدەنییەکانی ئەو ناوچانە لەسەر کێشانی جگەرەیەک ئەشکەنجە دەدران.

عەلی شەنعان، جووتیار لە ناوچەی ڕەققە، یەکێکە لەوانەی هەموو بەرهەمی ساڵانەی خۆی بە بازرگانەکانی قاترجی فرۆشتووە، بە گوتەی عەلی "بازرگانەکانی قاترجی ناسراو بوون، لە خاڵەکانی پشکنینی داعش ڕایاندەگرتن، باجیان لێوەردەگرتن و دواتر بەبێ ئەوەی کێشەیان بۆ دروستبکەن ڕێگەیان دەدان دەرچن".

گەنمەکە بۆ ناوچەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی داعش دەگوازرایەوە. عەبدوڵڵا ئەلعەریان ئێستا لە ڕقەقەیە و پێشتر پارێزەری هەندێک لە بازرگانەکانی کۆمپانیای قاترجی بووە، دەڵێت بارهەڵگرەکانی قاترجی خۆراک و دەرمانیان بۆ ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش دەهێنا و دواتر گەنمیان لەو ناوچانەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سووریا دەگواستەوە.

جووتیارانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی داعش و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا باس لەوەش دەکەن کە داعش بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی بۆ تورکیاش دەگواستەوە. حکومەتی سووریا لە چەندین لێدوانی جیاوازدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بەتایبەتی ئەمریکای بەوە تۆمەتبار کردووە کە چاوپۆشی لەو بازرگانییەی داعش و گرووپە چەکدارەکانی دیکە کردووە.

عەبدوڵڵا ئەلغەربی، وەزیری بازرگانیی سووریا، ڕەتیکردەوە هیچ جۆرە بازرگانییەک لە نێوان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوان و داعشدا هەبووبێت. ئەو دەڵێت "شتی وەها بەهیچ شێوەیەک لە ئارادا نییە. ئێمە گەنم لە کۆمپانیا ڕووسییەکانەوە هاوردە دەکەین، جگە لەوەش بەشێکی گەنمەکە بەرهەمی نێوخۆی سووریایە، بۆیە ئەو باسە جێی قەبووڵ نییە".

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەسەد ساڵانە پێویستیان بە 5.1 ملیۆن تەن گەنم هەیە.

70%ی گەنمی سووریا لە سێ پارێزگای حەسەکە، ڕەققە و دێرەزوور بەرهەم دێت. ساڵێک لەمەوبەر هیچکام لەو پارێزگایانە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی سووریادا نەبوون. ئێستاش ڕەققە دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی سووریای دیموکرات، حەسەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لەژێر کۆنترۆڵی پەیەدەدایە و تەنیا دێرەزوورە کە چاوەڕێ دەکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا بکەوێتە ژێر دەستی هێزەکانی ئەسەد.

> 70%ی گەنمی سووریا لە حەسەکە، ڕەققە و دێرەزوور بەرهەم دێت کە دوویان لەژێر کۆنترۆڵی پەیەدەن



لە گەرمەی شەڕدا حکوومەتی سووریا گەنمی لە داعش دەکڕی



> لە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر کوردستان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دێتە دەنگ

لە ئۆفیسەکەی خۆی لە پەرلەمانی قوبرسی یۆنان پێشوازی لە تیمی تۆڕی میدیایی ڕووداو کرد. ئەگەرچی سوپای تورکیا نزیکەی 44 ساڵ لەمەوبەر و لەساڵی 1974دا بەشێکی وڵاتەکەی داگیرکرد و کۆمارێکی تێدا ڕاگەیاند. بەڵام لە خەیاڵی ئەودا قوبرس هێشتا هەر یەک پارچەیە. دیمیتریف سیلۆریس، سەرۆکی پەرلەمانی قوبرس دەڵێت چەندین ساڵە هەوڵ دەدەن بۆ ئەوەی هەردوو قوبرسی تورکی و یۆنانی یەکبگرنەوە. سیلۆریس ئامۆژگاری کورد دەکات کە لەو بارودۆخەدا بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بە دەستێوەردانی دەرەکی نەدەن، چونکە ڕەنگە بە دەدری قوبرس بچن و ببنە دوو پارچە. سەبارەت بە دانپێدانانی قوبرس بە سەربەخۆیی کوردستان ئەگەر ڕاگەیەنرا، سەرۆکی پەرلەمانی قوبرس دەڵێت ئەگەر ڕاگەیاندنی سەربەخۆییەکە بە ڕێککەوتن لەگەڵ بەغدا نەبێ، قوبرس ناتوانێ دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێ.

هەڤپەیڤین: کوردستان حەسەن
ڕووداو- نیقۆسیا

## دیمیتریف سیلۆریس، سەرۆکی پەرلەمانی قوبرس بۆ (ڕووداو):

# ڕێ بە دەستێوەردانی دەرەکی مەدەن بۆ ئەوەی بەدەردی ئێمە نەچن

**ڕووداو: بەربەستەکانی بەردەم یەکگرتنەوەی هەردوو قوبرسەکە چین؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** دەبێ ئەوەتان لەبیر بێت کە قوبرس دوو بەش نەبوو، قوبرس یەک بەشی یەکگرتوو بوو. خەڵکی قوبرسیش تێکەڵ بوون. بۆ نموونە لە گوندەکەی من دراوسێکەمان تورک بوو، ماڵی ئەولاتر یۆنانی بوو، لەولاتریشەوە قوتابخانەیەکی تورکی هەبوو. بەتەواوی تێکەڵ بووین. ئێستا قوبرس دوو بەشە، بەهۆی داگیرکردنی قوبرس لەلایەن تورکیاوە لە ساڵی 1974 . زۆریان لە تورکەکانی قوبرس کرد بچنە بەشی باکوور، یۆنانیەکانیشیان لە ماڵ دەرکردن و ئاوارەبوون لە باشووری قوبرس. بەوجۆرە قوبرس بووە دوو بەش، بەشێکی ئازاد لەگەڵ بەشێکی داگیرکراو لەلایەن هێزی سەربازیی تورکیاوە.

**ڕووداو: هیچ ئومێدێک هەیە بۆ ئەوەی هەردوو قوبرسەکە یەکبگرنەوە؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** بۆ ماوەی چەندین

> تورکیا دیمۆگرافیای ناوچەکانی ئێمەی گۆڕیوە

ساڵ هەوڵمانداوە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیانە بۆ کێشەی قوبرس بدۆزینەوە. بەداخەوە، تورکیا هەرچۆنێک لە کێشەکەی ڕوانیبێ، کە دەڵێ کێشەکە لەنێوان قوبرسیە یۆنانی و تورکەکانە، کێشەی سەرەکی داگیرکاری و دەستبەسەرداگرتن و ئامادەیی سەربازیی تورکیایە لە قوبرس. هەروەها تورکیا بەشێوەیەکی نایاسایی هەزاران کەسی لە تورکیاوە هێناوە و لە قوبرس نیشتەجێی کردوون. دیمۆگرافیای ناوچە داگیرکراوەکانی گۆڕیوە. ئێستا لەو ناوچانە زۆرینەی دانیشتووان تورکی قوبرسی نین، بەڵکو ئەو تورکانەن کە لە تورکیاوە هێنراون. ئێمە هەوڵمانداوە چارەسەر بدۆزینەوە، بەڵام نامانەوێ چارەسەرەکە لەسەر بنەمای جیابوونەوە بێت. نامانەوێ ببینە دوو بەش. دەمانەوێ جارێکی دیکە قوبرس یەکبخەینەوە، یەک وڵاتمان هەبێت. لەو وڵاتەدا پێکەوە لەگەڵ تورکەکان بە ئاشتی بژین.. وەک چۆن بەر لە داگیرکاریی تورکیا بە ئاشتی لەگەڵ ئەرمەنی و مارۆنایت و لاتینی و ئەوروپی و بەریتانییەکان دەژیاین. دەمانەوێ قوبرس بەگوێرەی پرەنسیپە ئەوروپییەکان بژی، حوکمی یاسا هەبێت، نەک لەژێر حوکمی سوپای تورکیادا.

**ڕووداو: یەکێتی ئەوروپا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئێوە دەکات، پێگەی ئێوە لەیەکێتی ئەوروپادا چییە؟**

> چاوەڕێی ئەوروپا مەکەن بەرگریتان لێ بکات

**دیمیتریف سیلۆریس:** پەیوەندی باشمان لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و هەموو وڵاتان هەیە. بەڵام یەکێتی ئەوروپا عادەتەن بەشێوەیەکی یەکسان خۆی لەم مەسەلانە بەدوور دەگرێت. هیچ دەستتێوەردانێکی ڕاستەوخۆی نییە. بێگومان پشتگیری یەکگرتوویی و سەربەخۆییمان دەکات. پشتگیری دۆزینەوەی چارەسەر دەکات، بەڵام ئەو هاوکارییە یەکلاکەرەوە نییە. سەرەڕای بچووکیی قەبارەی قوبرس، ڕۆڵێکی گەورەمان لە ئەوروپا هەیە. بۆ نموونە، ئەندامێکی پەرلەمانی ئێمە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی ئەوروپا هەڵبژێردرا، خاتوو ستێلا گرێگیدۆ بووە سێیەم ژن لە ئەوروپا ئەو پۆستەی پێ بدرێت. بەڵام لەلایەکی دیکەوە کێشەی قوبرس تاوەکو ئێستا لەلایەن ئەوروپاوە بایەخی گەورەی پێ نەدراوە. ئێمە هیوادارین لە داهاتوودا بتوانین فشاری زۆرتر لەسەر تورکیا دروستبکەن. لەلایەکی دیکەوە پشتگیری تورکیا دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا. هیوادارین تورکیا بگۆڕێت، بەتایبەت لە بواری سەروەریی یاسا و کارکردن بە پرەنسیپەکانی دادپەروەری. بەڵام بەداخەوە تورکیا ڕووی لە پاشەکشەیە لەبری پێشکەوتن.

**ڕووداو: پەیوەندی پەرلەمانی قوبرس لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان چۆنە، لە چ ئاستێکدایە؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** ئێمە پەیوەندی

> تورکیا هەزاران تورکی بە نایاسایی لە قوبرس نیشتەجێ کردووە

فەرمیمان لەگەڵ پەرلەمانی هەرێمی کوردی نییە. بێگومان هەر پەیوەندییەک پێویستە لەڕێی حکومەتی ناوەندیی عێراقەوە بێت. لە هەمان کاتدا پەیوەندیی ئابووریمان هەیە، چەندین کەس لە قوبرسەوە چوون لەوێ بزنس دەکەن. من خۆم جارێک لە کۆنفرانسێک لەبارەی ئاشتی و ئاساییش لە ڕۆما چاوم بە سەرۆک بارزانی کەوت. بەدڵنیاییەوە دەمانەوێ پەیوەندیمان لەسەر ئاستی پەرلەمان و ئاستەکانی دیکەش لەگەڵ هەرێمی کوردی هەبێت، بەڵام هەمیشە بەگوێرەی دەستووری عێراق.

**ڕووداو: لە 25ی سێپتێمبەر خەڵکی کوردستان چوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بە بەڵێ دەنگیاندا بۆ جیابوونەوە لە عێراق و سەربەخۆیی کوردستان. 92%ی دەنگەکان بەڵێ بوون. ئەو ئەنجامە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ تا چەند پشتگیری لێ دەکەی؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** ئەو گشتپرسییە بۆ گوزارشتکردن لە ئیرادە یان بۆچوونی خەڵکی کورد، هەنگاوێکی دیموکراسیانە بوو. دوای ئەوە چی بەدوادا دێت؟ ئایا گرژی ڕوودەدات لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی عێراق، یان هەر شتێکی دی، ئەوە ئیشی من نییە قسەی لەسەر بکەم یان حوکم بدەم. ئەوە ئیشی ئەو خەڵکەیە کە لە ناوچەکە دەژین. هەروەها پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەیە کە چۆن

> پشتگیریی تورکیا دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا

مامەڵەی لەگەڵ دەکات. هیوا بۆ یەک شت دەخوازم، ئەویش ئەوەیە حکومەتی عێراق، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەموو خەڵکی عێراق، کورد و ئەوانی دیکەش، ڕێگە بە دەستتێوەردانی هێزی دەرەکی نەدەن. ئێمە لە قوبرس ئەزموونێکی زۆر خراپمان هەیە لەگەڵ ئەوە. کێشەی بچووکمان هەبوو لەنێوان قوبرسییە یۆنانی و قوبرسییە تورکەکان، تورکیا قوبرسی داگیر کرد و کێشەکە گەورە بوو. هیوادارم هەمان ئەزموونی خراپ بەسەر ئێوە نەیەت.

**ڕووداو: تورکیا دژایەتی گشتپرسییەکەی کوردستان دەکات، دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان دەکات. پێتوایە بۆ تورکیا باشتر بوو پراگماتیستانە مامەڵە بکات یاخود لە ئێستای تورکیا تێدەگەن کە بەم شێوەیە دژایەتی گشتپرسییەکەی کوردستان دەکات؟**

> ئەگەری دەستتێوەردانی دەرەکی لە کوردستان هەیە

**دیمیتریف سیلۆریس:** مەبەستتان لە پراگماتیکانە چییە؟ ڕەنگە لەڕوانگەی تورکیاوە پراگماتی مانای ئەوە بێت کە مافی دەستتێوەردانی هەیە. ڕەنگە بۆ تورکیا مانای ئەوە بێت دەتوانێ هانی دانیشتووانی عێراق بدات لەدژی ئیرادەی خەڵکی کورد شەڕ بکەن و کێشە دروست بکەن. لەبەر ئەم هۆکارانە پێویستە هەرێمی کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستان پراگماتی بن و تێبگەن کە هەندێجار دەستتێوەردانی دەرەکی هەیە و کێشەکان گەورەتر دەکات لەبری چارەسەرکردنیان.

**ڕووداو: دێمە سەر یەکێتی ئەوروپا، هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ تا ئێستا لەگەڵ ئەنجامدانی گشتپرسییەکە و لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نەبووە، پێیوابوو کە وادەکەی گونجاو نییە. تۆ پێتوایە لەماوەیەکی نزیکدا هەڵوێستی خۆیان بگۆڕن بەرامبەر خواست و داوای گەلی کوردستان؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** یەکێتی ئەوروپا هەمیشە لەسەر بنەمای چەند پرەنسیپێک مامەڵە لەگەڵ کێشەکان دەکات، ئەوە نەگۆڕە. لەلایەکی دیکەوە، ئەم جۆرە کێشانە لەلایەن یەکێتی ئەوروپاوە چارەسەر ناکرێن، بەڵکو لە مەیدانی خۆیان چارەسەر دەبن. پێشبینی مەکەن ئەگەر کردەیەکی سەربازی ڕوویدات یەکێتیی ئەوروپا دەستتێوەردانی سەربازی بکات. پشتگیری لایەنی ڕاست دەکات، دژی لایەنی هەڵەش دەبێت، بەڵام تەنیا لەڕێی کردەی ئاشتیانەوە.

**ڕووداو: هەندێک پێشبینی ئەوە دەکەن تورکیا و ئێران دەستتێوەردانی سەربازی بکەن، پێتانوایە ئەوە ڕوودەدات؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** ئەگەری دەستتێوەردانی دەرەکی هەیە. بەتایبەت ئەگەر ڕۆژانە گوێ لە قسەکانی ئەردۆغان و کەسایەتییە سیاسییەکانی دیکەی تورکیا بگری. بێگومان دڵنیام لەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لەدژی هەنگاوێکی لەو جۆرە دەبێت. بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە پێشبینی مەکەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کێشەکانتان بۆ چارەسەر بکەن. لەبەرئەوە کورد پێویستە زۆر وریابن و ڕێگە نەدەن ئەو جۆرە دەستتێوەردانە ڕووبدات. چونکە نە بۆ کورد و نە بۆ ناوچەکەش باش ناکەوێتەوە.

ئەردۆغان و سیاسییەکانی دیکەی تورکیا زۆر باسی دەستتێوەردانی سەربازی و داگیرکاری دەکەن، ناکرێ ئەو قسانە پشتگوێ بخرێن. هیچ قسەیەکم لە بەرپرسانی ئێران نەبیستووە کە بڵێن بەنیازی کارێکی لەو جۆرەن، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەوە ڕووبدات شتێکی زۆر خراپ دەبێت بۆ سیاسەت و پەیوەندییە نێودەڵەوتییەکان و بۆ ناوچەکەش، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئەزموونە خراپەی لەگەڵ تورکیا هەمانە، دڵنیانیم لەوەی بتوانم بڵێم ئەوە ڕوونادات. هەرچەندە ناتوانی هەمیشە پێشبینی ڕوودانی هەمان شت بکەی.

**ڕووداو: نیگەرانیی ئەوە هەبوو کە دوای گشتپرسی، کوردستان بە دەردی قوبرس دەچێ، پێتانوایە ئەم لێکدانەوەیە دروستە؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** وەکوو گوتم ناتوانی پێشبینی هەمان ئەنجام بکەی بۆ قوبرس و

> ڕەنگە هەندێک وڵات دان بە سەربەخۆیی کوردستاندا بنێن

کوردستان و ڕووداوەکانی سووریا، سەرەڕای ئەوەی خاڵێکی هاوبەش هەیە لە هەموویاندا ئەویش گرژیی تورکیایە. بەپێی سەردەمی جیاواز پارامیتەرەکان دەگۆڕێن، ناتوانرێ بە ئاسانی پێشبینی ئەنجام بکرێت. بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێ لە پشتەوەی مێشکتدا هەمیشە ڕەفتاری تورکیات لەبیر بێت کە هەڵوێستی توندی هەیە دژی دراوسێکانی لەبری هێنانەدی ئاشتی و هەماهەنگی، تورکیا دەیەوێ بڕیار لەوە بدات چۆن وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا ڕەفتار بکەن.

**ڕووداو: کاریگەریی کوردستان لەسەر نەخشەی وزەی ئەوروپا چۆن دەبینی؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** دڵنیام لەوەی ئەوەی لە ناوچەکەدا ڕوودەدات، لە باکووری عێراق، لە کوردستان هەروەها لە ناوچەکەدا بەگشتی، شتێکە کە یەکێتیی ئەوروپا هەڵیدەسەنگێنێت.

> بەداخەوە تورکیا ڕووی لە پاشەکشەیە لەبری پێشکەوتن

بەدڵنیاییەوە وزە ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە کێشەکەدا. دەکرێ ببێتە چارەسەر بۆ یەکێتیی ئەوروپا، ئەگەر بتوانین دەستمان بگاتە نەوت و گازی ناوچەکە، بەوە سەرنجی زۆرتر دەکەوێتە سەر ناوچەکە. بەدڵنیاییەوە ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا زۆر گرنگ دەبێت بۆ یەکێتیی ئەوروپا.

**ڕووداو: گشتپرسییەکەی کەتەلۆنیا چۆن دەبینی؟ جیادەبێتەوە؟ کاریگەری لەسەر ئابووریی یەکێتیی ئەوروپا چۆن دەبێت؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** مافی دیموکراسیانەی خەڵکی کەتەلۆنیایە گوزارش لە ئیرادەی خۆیان بکەن، لەلایەکی دیکەوە، ڕێز لە یەکێتیی ئیسپانیا و سەروەری دەستووری ئەو وڵاتە و یاساکانی یەکێتیی ئەوروپا دەگرین. لە قوبرس، هەمیشە بڕوامان وایە هەر کێشەیەک یان شتێک کە ڕوویدات دەبێ لەڕێی چارەسەری ئاشتیانە و بە گفتوگۆی ئاشتیانە چارەسەر بکرێ، نەک لەڕێی توندوتیژی و کردەی نادیموکراسی.

**ڕووداو: تۆ لەو بڕوایەدای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دان بە ئەنجامی گشتپرسیەکەی کوردستاندا بنێت؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** پێموانییە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە ئاسانی دان بە دابەشبوونی دەوڵەتێکدا بنێت. بەو جۆرەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە سەربەخۆیی کورستان دەڕوانێت سەختە وڵاتان دانی پێدا بنێن، ڕەنگە هەندێ وڵات دانی پێدا بنێن، بەڵام زۆرینەیان

> ڕۆڵی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا زۆر گرنگ دەبێت بۆ یەکێتیی ئەوروپا

نا. بەتێگەیشتنی من ئاسان نییە بۆ زۆرینەی وڵاتان دانی پێدا بنێن.

**ڕووداو: ئەی قوبرس دانی پێدادەنێت؟**

**دیمیتریف سیلۆریس:** ئەگەر ڕێککەوتنێک هەبێت لەنێوان حکومەتی ناوەندی عێراق و کوردستان لەبارەی سەربەخۆیی و دروستکردنی وڵاتێکی نوێ، ئەوە بابەتەکە تەواو جیاواز دەبێت. لەو حاڵەتەدا هیچ ئاستەنگێکی دەستووری نابێت بۆ جیابوونەوە، چونکە بەپێی ڕێککەوتن ڕوودەدات. ئەگەر ئەوە ڕوونەدات، ئەوە قوبرس ناتوانێ دان بە کوردستاندا بنێت.

ڕووداو ئابووری
ژمارە (477) - دووشەممە 2017/10/16



## دوو کۆمپانیای بیانی لە کێڵگەیەکی نەوتی عێراق دەکشێنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی مالیزیا ناسراو بە پێترۆناس کە خاوەنی 30%ی پشکەکانی کێڵگەی مەجنوونی عێراق بوو، بڕیاریداوە واز لە پشکەکانی خۆی بهێنێ، بەهۆی ئەوەی کە قازانجی کارکردنی لەو کێڵگەیە کەمە. بەپێی سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای پێترۆناسەوە، بەو زوویانە کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری ڕادەسپێرێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە فرۆشتنی پشکەکانی. پێشتریش کۆمپانیای شێل ڕایگەیاندبوو کە واز لە کێڵگەی مەجنوون دەهێنێ. عەبدولجەبار لعێبی، وەزیری نەوتی عێراق ڕایگەیاندووە، کۆمپانیای تۆتاڵی فەرەنسی و پێترۆچاینای خوازیارن دوای وازهێنانی شێل و پێترۆناس، لەو کێڵگەیەدا کاربکەن.

# زیانی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکان ڕۆژانە 500 هەزار دۆلارە





**تاهیر عەبدوڵڵا:**
ڕۆژانە 50 هەزار دۆلار خەرجیمان لە داهات زیاترە

**تەلار فایەق:**
ژمارەی گەشتیارانمان لە 5000ـەوە بۆ 250 گەشتیار کەمی کردووە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانەوە بۆ هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، بە سەتان کۆمپانیای فڕۆکەوانی و گەشتیاری بێکار بوون، ڕۆژانە نزیکەی نیو ملیۆن دۆلار زیان بەر ئابووریی هەرێمی کوردستان کەوتووە، خەرجیی گەشتی هاووڵاتیانیش نزیکەی 200 دۆلار زیاد بووە.

ڕۆژی 26ی ئەیلول، وەک کاردانەوەیەک بەرامبەری گشتپرسییەکەی باشووری کوردستان، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، مۆڵەتێکی 72 کاژێری دایە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەگەر ئیدارە و سەرپەرشتی فڕۆکەخانەکان تەسلیمی بەغدا نەکات، ئەوە گەشتەکانی دەرەوە لە فڕۆکەخانەکانی کوردستان ڕادەگرێ، بەڵام هەولێر نەچووە ژێر باری داواکەی بەغدا، بۆیە عەبادی لە کاژێر شەشی ئێوارەی 29ی ئەیلولەوە بڕیاری ڕاگرتنی گەشتە ئاسمانییەکانی جێبەجێ کرد.

هەرچەندە گەشتە نێوخۆییەکان بەردەوامن و هێڵی ئاسمانیی عێراقی ڕۆژانە چەند گەشتێک بۆ بەغدا و بەسرا بۆ گەشتیارانی کوردستان ڕێکدەخات، بەڵام گەشتیاران بەهۆی خەرجیی زۆر و خراپیی مامەڵەی کارمەندانی فڕۆکەخانەکانی عێراق گەشتکردن بەهێڵی ئاسمانیی عێراقی ڕەتدەکەنەوە، زیاتر فڕۆکەخانەکانی باکووری کوردستان هەڵدەبژێرن، بەم هۆیەشەوە زیانی گەورە بە کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار کەوتووە.

**خاوەن کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی**

**گەشتی هەر گەشتیارێک 200 دۆلار گران بووە**

**ئێستا ڕۆژانە 5 بلیت نافرۆشم**

زریان بەهجەت، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەحمەدی بۆ فڕۆکەوانی و گەشتوگوزار دەڵێت: "ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکان لە فڕۆکەخانەکانی هەولێر و سلێمانی زیانی زۆری بە کۆمپانیاکان گەیاندووە، بۆ نموونە پێشتر ڕۆژانە 40 تاوەکو 60 بلیتمان دەفرۆشت، ئێستا پێنج بلیت نافرۆشین".

ئەو ئابڵوقەیەی بەغدا، زیانی زۆری بە کۆمپانیاکان گەیاندووە و چەندین کەسی بێکار کردووە. زریان دەڵێ "بەهۆی کەمبوونەوەی فرۆشی بلیت، کێبڕکێیەکی زۆر کەوتووەتە نێو کۆمپانیاکان، هەندێ کۆمپانیا تەنیا بۆ ئەوەی خەرجی کارمەندان و کرێ کۆمپانیاکەی بۆ دەرچێت بەقازانجێکی زۆر کەم بلیت دەفرۆشێت، هەندێکیشیان بەشێک لە کارمەندەکانیان ناردووەتە ماڵەوە، یان هەندێک لقی کۆمپانیاکانیان داخستووە".

ئێستا گەشتیارانی کوردستان تەنیا دوو ڕێگەیان لەپێشە، دەتوانن بە هێڵی ئاسمانیی عێراقی بچنە بەغدا و لە فڕۆکەخانەی ئەوێوە بچنە دەرەوە. یان پاش وەرگرتنی ڤیزای تورکیا لەڕێی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە دەتوانن بەئۆتۆمبیل و پاس بچنە فڕۆکەخانەکانی دیاربەکر و شەڕناخ و لەوێوە گەشت بکەن.

زریان بەهجەت، دەڵێت: "ئەگەر گەشتیار ڕێگەی یەکەم هەڵبژێرێت بۆ چوون و هاتن، دەبێت 170 دۆلار بەهێڵی فڕۆکەوانی عێراقی بدات، جگە لەوەش نرخی بلیتی فڕۆکە لەبەغدا بەراورد بە هەولێر و سلێمانی گرانترە، بۆیە خەرجیی گەشتەکان بۆ گەشتیاران لانیکەم 200 دۆلار زیاد بووە".

بەڵام دەڵێت "بەهۆی خراپیی مامەڵەی کارمەندانی فڕۆکەخانەی بەغدا، بەشێک لە گەشتیاران ڕێگەی ئیبراهیم خەلیل بۆ گەشتکردن هەڵدەبژێرن، بەڵام ئەم ڕێگەیەش جگە لە لەماندووبوون و خەرجی، پێویستی بە وەرگرتنی ڤیزای تورکیا هەیە کە ئەویش کاتی پێویستە".

بەهۆی زۆربوونی چالاکییە ئابووری و بازرگانییەکان لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بە سەتان کۆمپانیای فڕۆکەوانی و گەشتیاری لە شارەکانی کوردستان کرانەوە. تەنیا لە شاری هەولێر زیاتر لە 250 کۆمپانیای فڕۆکەوانی هەن، هەندێکیان چەند لقێکیان کردووەتەوە. زریان دەڵێت "ئەگەر گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکان درێژە بکێشێ، جگە لە داخستنی لقەکانیان لەوانەیە هەندێک کۆمپانیا ئیفلاس بکەن و دەرگای ئۆفیسەکانیان دابخەن".

کۆمپانیای مەتین ئێکسپرێس، کۆمپانیایەکی تایبەتی بواری کارگۆیە، 14 ساڵە لەو بوارە کاردەکات، یەکەم فڕۆکەی کارگۆش کە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر نیشتووەتەوە باری ئەو کۆمپانیایەی هەڵگرتبوو، بەڵام ئێستا بەهۆی گەمارۆی بەغداوە لەسەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان، چالاکییەکانی کەمبوونەتەوە.

بڵند ئیسماعیل، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای مەتین ئێکسپرێس بۆ باری ئاسمانی، دەڵێت ڕاگرتنی گەشتەکان کاریگەری زۆری لەسەر کاری ئێمە هەبووە، بۆ نموونە پێشتر ڕۆژانە 50 تۆن بارمان هەبوو، بەڵام دوو هەفتەیە نەمانتوانیوە 50 تۆن بار لە فڕۆکەخانەی بەغداوە بهێنین".

جگە لە گرفتی گواستنەوەی باری ئاسمانی، تێچووەکەشی زیاتر بووە بەراورد بە ڕابردوو. بڵند ئیسماعیل دەڵێت: "هێنانی باری ئاسمانی بەڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا و هێنانەوەی بەڕێگەی وشکانی تێچووی زۆرە، بۆ نموونە پێشتر کرێی گواستنەوەی کیلۆیەک قوماش لە دوبەیەوە بۆ هەولێر 2.75 دۆلار بوو، بەڵام ئێستا نزیکەی 5 دۆلار دەکەوێ، پێشتر کیلۆیەک شتومەک لە چینەوە بۆ هەولێر چوار دۆلاری تێدەچوو، ئێستا نزیکەی نۆ دۆلاری تێدەچێت".

کۆمپانیاکەی بڵند نزیکەی 15 نووسینگەی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و ئیمارات و تورکیا و چین هەیە، تاوەکو ئێستا لە کارەکانی بەردەوامە. بڵند دەڵێت: "هێنانەوەی بار بەڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا و دواتر هێنانەوەی بەڕێگەی وشکانی جگە لە خەرجی، کاتیشی پێویستە و ڕێگاکەش سەلامەت نییە، بۆیە بیر لەوە دەکەینەوە بۆ گواستنەوەی بارەکانمان لە جیاتی فڕۆکەخانەی بەغدا، فڕۆکەخانەی ئەدەنەی تورکیا بەکاربهێنین".

بڵند ترسی لە درێژەکێشانی گەمارۆکە هەیە و دەڵێت: "ئێستا بەهۆی کەمبوونەوەی چالاکییەکانمان سەعاتی کارکردنی کارمەندەکانمان کەم کردووەتەوە، ئەگەر ئەو قەیرانە درێژە بکێشێ، ناچارین ژمارەی کارمەندەکانمان کەم بکەینەوە و هەندێک لە نووسینگەکانمان دابخەین".

**450**
**هەزار دۆلار زیانی ڕۆژانە**
تەلار فایەق، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی هەولێر دەڵێت: "ئێستا ڕۆژانە تەنیا 4 تاوەکو 5 گەشتمان بۆ بەغدا و بەسرا هەیە، بۆیە ژمارەی گەشتیارانمان لە 5000ـەوە بۆ 250 گەشتیار دابەزیوە". گوتیشی: "بەهۆی ڕاگرتنی گەشتەکانی دەرەوە، پێشبینیمان دەکرد ژمارەی گەشتیارانی هێڵی ئاسمانی عێراقی زیادبێت، بەڵام 50% کەمی کردووە، چونکە خەڵک کەمتر ئەو هێڵە بەکاردێنن".

تەلار فایەق ئاماژەی بەو زیانانە کرد کە بەهۆی گەمارۆکەی بەغداوە بەر فڕۆکەخانەکە کەوتووە و گوتی "ئێستا خەرجیمان لە داهات زیاترە، ڕۆژانە 350 تاوەکو 400 هەزار دۆلار زیانمان هەیە، ئەم زیانەش هی خەرجیی خزمەتگوزارییەکانی فڕۆکەخانە و ئەو کۆمپانیایانەی کە لە فڕۆکەخانە کاردەکەن وەک تەکسیی فڕۆکەخانە، کۆمپانیای خزمەتگوزاری، دابینکردنی سووتەمەنی بۆ فڕۆکە و سەرجەم کۆمپانیاکانی دیکە کە پەیوەستن بە فڕۆکەخانە".

تاهیر عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتیی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی سلێمانی باسی بارودۆخی فڕۆکەخانەکەیان دوای گەمارۆکەی بەغدا دەکات و دەڵێت: "بەهۆی وەستانی گەشتەکانی دەرەوە، ژمارەی گەشتەکانی نێوان سلێمانی و بەغدا کەمێک زیادی کردووە، ڕۆژانە 4 تاوەکو 5 گەشتمان هەیە، بەڵام گەشتی نێوان سلێمانی و بەسرا و نەجەف زیاد نەبووە، هەفتانە تەنیا دوو گەشتمان هەیە".

سەبارەت بە زیانەکانیش، تاهیر عەبدوڵڵا گوتی: "داهاتمان دابەزیوە و خەرجی و خزمەتگوزارییەکانیش وەک خۆیەتی، بۆیە ڕۆژانە 50 هەزار دۆلار خەرجیمان لە داهات زیاترە".



بەهۆی گەمارۆی سەر فڕۆکەخانەکانی کوردستانەوە، تێچووی باری ئاسمانی دووقات بووە (فۆتۆ: ڕووداو)

## ڕوو لە تورکیا دەکەن

# زێڕنگرانی کوردستان متمانەیان بە فڕۆکەخانەکانی عێراق نییە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

ماوەی دوو هەفتەیە یەک مسقاڵە زێڕ نەهاتووەتە کوردستانەوە، زێڕنگران هۆشداری دەدەن لە بەردەوامیی ئابڵوقەی سەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان و دەڵێن ئەگەر لەوە زیاتر درێژە بکێشێ، زێڕ لە کوردستان کەم دەبێتەوە و نرخەکەی گران دەبێ.

لە کوردستان ژمارەیەک کۆمپانیای تایبەت بە هاوردە و هەناردەی زێڕ هەن کە زێڕی شکاو لە پێشانگاکان دەکڕنەوە و دواتر بە قاڵب لە ئیمارات و تورکیا دەیفرۆشنەوە، لەوێش زێڕی دروستکراوی هیندی و تورکی دەهێنن، بەڵام ماوەی دوو هەفتەیە بەهۆی ڕاگرتنی گەشتە نێودەوڵەتییەکانی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی ئەم ئاڵوگۆڕە وەستاوە.

هەندرێن وەرتی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی سەندیکای زێڕینگرانی کوردستان دەڵێت "نەهێنانی زێڕ لە دەرەوە تاوەکوو ئێستا کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخ نەبووە، چونکە بازرگانان زێڕێکی زۆریان لە کۆگاکاندا هەیە کە توانای وەڵامدانەوەی خواستی بازاڕی هەیە".

ئەو دەڵێت بەهۆی جیاوازیی باج و ڕسومات لە نێوان بەغدا و هەولێر، پێشتر 70%ی ئەو زێڕەی هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرا، بۆ شارەکانی عێراق هەناردە دەکرایەوە و هەندێکیشی بەقاچاخ دەچووە ئێران، بۆیە ئەگەر ئابڵوقەی سەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان بەردەوام بێ، مەترسی هەیە بەهۆی کڕینەوەی زێڕی کۆگا و بازاڕەکان لەلایەن بازرگانانی عەرەب، نرخی زێڕ لە بازاڕەکانی کوردستان بەرز ببێتەوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی کیلۆیەک زێڕ 172 دۆلار وەک باج و ڕسومات و کرێی پشکنین لە بازرگانان وەردەگرێ، بەڵام حکومەتی عێراق بۆ کیلۆیەک زێڕ زیاتر لە 2000 دۆلار وەک باج و ڕسومات وەردەگرێ، بۆیە پێشتر زۆربەی کۆمپانیاکانی عێراق لەڕێگەی هەرێمی کوردستانەوە زێڕیان هاوردە دەکرد.

هەندرێن وەرتی دەڵێت: "هەرچەندە ئێستا حکومەتی عێراق کرێی گواستنەوەی کیلۆیەک زێڕی بۆ 1500 دۆلار کەم کردووەتەوە، بەڵام ئەگەر زێڕ لە بەغداوە هاوردە بکەین، نزیکەی 2000 دۆلار لەسەر ئێمە دەکەوێ، جگە لەوەش ڕێگەی بەغدا سەلامەت نییە، بۆیە بیرمان لەوە کردووەتەوە لەڕێی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردەی بکەین".

گوتیشی: "وەک ئاسانکاری، حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی داوە لەڕێگەی ئیبراهیم خەلیلەوە زێڕ هاوردە بکەین، بەڵام هێشتا گفتوگۆمان لەگەڵ بەرپرسانی تورکیا نەکردووە، نازانین ڕێگە دەدەن یان نا".

هەندرێن دەڵێت "کۆنترۆڵ و پێوانەسازی جۆری لە بەغدا وەک پێویست نییە، لەڕووی عەیاریش زۆر متمانەمان بەبازرگانەکانی عێراق نییە، جگە لەوەش بەغدا سەلامەت نییە، بۆیە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و تورکیا لە وەرگرتنی باج و ڕسومات هاوکارمان بن و کۆمپانیاکانی دڵنیایی زێڕەکانمان بەبێ کێشە بگەیەنن، لەجیاتی بەغدا ڕوو لە فڕۆکەخانەکانی تورکیا دەکەین. بۆ ئەم مەبەستە بازرگانێکمان لەگەڵ کۆمپانیایەکی دڵنیایی تورکی گفتوگۆی کردووە، بۆ گەیاندنی هەر کیلۆیەک بۆ هەولێر داوای 1100 دۆلاری کردووە".


پێشبینی دەکرێ نرخی یەک مسقاڵ زێڕ 25 هەزار دینار گران ببێ (فۆتۆ: ڕووداو)

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆڵی جۆریی خشڵ، ساڵی 2013 هاوردەکردنی زێڕ بۆ کوردستان گەیشتە لوتکە، لەو ساڵەدا بازرگانان 114 تۆن زێڕیان لە ئیمارات و تورکیاوە هاوردە کردبوو، بەڵام لە سێ ساڵی ڕابردوودا هاوردەکردنی زێڕ بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە، بەجۆرێک لەساڵی 2014 تەنیا 77 تۆن و لە 2015دا 56 تۆن و ساڵی ڕابردووش 44 تۆن هاوردە کراوە.

هەندرێن وەرتی دەڵێت: "بەهۆی بەردەوامیی قەیرانی دارایی و ڕاگرتنی پێشینەکان، خواست لەسەر کڕینی زێڕ کەمبووەتەوە، بۆیە ئاڵوگۆڕی بازرگانیی زێڕ لە کوردستان زۆر لاواز بووە، ئەمەش وایکردووە هاوردەکردنی زێڕ کەمبێتەوە، بۆ نموونە ئەمساڵ تەنیا 22 تۆن زێڕ هاوردەکراوە".

بەگوێرەی داتاکانی سەندیکاری زێڕینگرانی کوردستان، نزیکەی 100 تۆن زێڕ لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستاندا هەن، بەڵام ئەم بڕە لە کەمبوونەوەدایە.

ئەحمەد عەدنان قەساب، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە یەکێک لەو کۆمپانیایانەی زێڕ بە جوملە دەفرۆشێتە زێڕنگەران، دەڵێت: "بەر لەوەی ئابڵوقە بخرێتە سەر فڕۆکەخانەکانی کوردستان، هەفتانە دووجار زێڕمان لە تورکیا و ئیماراتەوە دەهێنا، بەڵام دوو هەفتەیە هیچ زێڕێکمان نەهێناوە".

ئەحمەد قەساب دەڵێت ئەگەر زێڕ بەڕێگەی فڕۆکەخانەی بەغدا بهێنن، هێنان و بردنی یەک کیلۆی 2100 دۆلاری دەچێتە سەر، ئەمەش کاریگەری لەسەر نرخ دەبێت و 20 – 25 هەزار دینار دەچێتە سەر هەر مسقاڵێک زێڕ لە بازاڕ. هەروەها دەڵێت: "بەهۆی ئەو جیاوازییەی لە نرخی حەقدەست لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان هەیە، ترسی ئەوەمان هەیە بازرگانانی عەرەب زێڕی هەرێمی کورستان بکڕنەوە و زێڕ لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان کەم ببێتەوە".

کۆمپانیاکانی هاوردەکردنی زێڕ بۆ گۆڕینەوەی هەر مسقاڵێک زێڕی شکاو بەزێڕی دروستکراو 6 هەزار دیناری عێراقی جیاوازی دەدەن بە کۆمپانیاکانی تورکیا و ئیمارات، واتە بۆ گۆڕینەوەی هەر کیلۆیەک زێڕی شکاو بەزێڕی دروستکراو ملیۆنێک و 200 دینار لە هەرێمی کوردستان دەچێتە دەرەوە.

ئەحمەد قەساب دەڵێت "وەک بازرگانێک دڵگرانم بە چوونە دەرەوەی ئەم بڕە پارەیە، بۆیە داوا لە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان دەکەم هاوشێوەی تورکیا و ئیمارات، هانی کەرتی تایبەت بدەن بیر لە دامەزراندنی کارگە و کۆمپانیایەکی پێشکەوتوو بۆ دیزاین و دروستکردنی زێڕ بکەنەوە".

ئێستا زێڕنگرەکانی کوردستان بۆ فرۆشتنی هەر مسقاڵێک 25 تاوەکو 30 هەزار دینار وەک حەقدەست وەردەگرن، بۆیە ئەگەر هەر باج و ڕسومات و خەرجییەکی گواستنەوە زیاد بێت، نرخی حەقدەست زیاد دەبێت.

بەڵام ئیبراهیم عەلی کە پێشانگایەکی کڕین و فرۆشتنی زێڕی لە شاری هەولێر هەیە، دەڵێت: "بەهۆی قەیرانی داراییەوە خواست لەسەر کڕینی زێڕ کەمە، بۆیە سەرەڕای هاوردەنەکردنی، نرخی حەقدەستمان زیاد نەکردووە، بەڵام ئەگەر فڕۆکەخانەکان هەر بەداخراوی بمێننەوە و بازرگانان زێڕ لەڕێگەی عێراقەوە هاوردە بکەن، لەوانەیە هەر مسقاڵێک زێڕ 25 هەزار دینار بچێتە سەر نرخەکەی".



# بۆمبە ئەتۆمییەکەی ئێران بە بازاڕی وزەدا دەتەقێتەوە؟



یادگار سدیق

ڕێککەوتنی وڵاتانی 5+1 لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە تەمموزی 2015 و دواتر لادانی بەشێک لە گەمارۆکان لەسەر ئێران، دەستی ئەو وڵاتەی واڵا کرد بۆئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان راکێشێتەوە نێو کەرتی وزە و بڕی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت و گازەکەی زیاد بکات و پشکی خۆی لە بازاڕی وزەدا وەربگرێتەوە.

لەدوای گەڕانەوەی ئێران بۆ بازاڕی وزە، کاریگەرییەکانی خستنەڕووی وزەی ئەو وڵاتە، رەنگدانەوەی بەسەر بازاڕی وزەدا هەبووە، بەڵام گۆڕانی ستراتیژیەتی ئیدارە نوێیەکەی کۆشکی سپی، هەڵوێستە توندەکانی ترەمپ بەرامبەر ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ساڵی 2015، بازاڕی وزە، جێگرەوە بۆ نەوت و گازی ئێران دەستنیشان دەکات، بەتایبەتی لێدوانەکانی رۆژی هەینی ترەمپ و وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا کە سوپای پاسدارانی ئێرانی خستە لیستی ئەو دامەزراوانەی بەر سزا ئابوورییەکانی دەکەون. سەپاندنی گەمارۆی ئابووریی زیاتر بەسەر ئەو وڵاتەدا، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی نرخی نەوت بەرز دەکاتەوە. پاشەکشەی ئێران لە بازاڕی وزە، کڕیارەکانی نەوت و گازی ئێران ناچار دەکات بیر لە جێگرەوەی وزەی ئەو وڵاتە بکەنەوە، چونکە کڕیارەکانی نەوتی ئەو وڵاتە دەبێت لە نێوان نەوتی ئێران و ئەمەریکادا یەکێکیان هەڵبژێرن.

ئێستا بازاڕی وزە بە گەشبینییەوە کۆمپانیا رووسیەکانی گازپرۆم و رۆسنێفت لە باشووری کوردستان بە جێگرەوەی بەشێک لە خستنەڕووی نەوت و گازی سروشتیی ئێران دەزانێ. بەگوێرەی راپۆرتی مانگانەی ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزە، ئێستا ئیتاڵیا بووەتە یەکێک لە گەورەترین کڕیارەکانی نەوتی خاوی کوردستان، هەروەها یۆنان، کرواتیا، ئیسپانیا و ئیسرائیل کڕیاری نەوتی کوردستانن. بەگوێرەی ئاژانسەکە، لە مانگی رابردوودا هەرێمی کوردستان رۆژانە 580 هەزار بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە. ئەمەش دەرخەری ئەو راستییەیە کە بازاڕی وزە و کڕیارەکانی نەوت بە گرنگییەوە لە سەرچاوەکانی وزەی کوردستان دەڕوانن.

ئێران چوارەمین وڵاتە لەڕووی یەدەگی نەوت و دووەمینە لە یەدەگی گاز کە 18%ی یەدەگی گازی سروشتیی جیهان دەکەوێتە ئەو وڵاتە. پێش سەپاندنی گەمارۆ ئابووری و سیاسییەکان، ئێران رۆژانە 2.5 ملیۆن بەرمیل نەوتی دەنارده بازاڕەکانی جیهان، بەڵام پاش سەپاندنی گەمارۆ، زۆربەی کڕیارە ئەوروپییەکانی لەدەست دا، بە تایبەتی ئیتاڵیا، فەرەنسا، ئیسپانیا و یۆنان کە کڕیارێکی گرنگی نەوتی ئێران بوون، بەو هۆیەوە هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ ئاستەکانی یەک ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا دابەزی، ئەمەش هەتا کۆتایی 2015 درێژەی کێشا. زۆربەی کۆمپانیا بیانییەکان چالاکییەکانیان لە ئێران وەستاند، بەڵام دوای لابردنی گەمارۆکان، کڕیارەکانی نەوتی ئەو وڵات ئامادەیی خۆیان پیشاندا بۆ ئەوەی ئاستی کڕینی نەوت لەو وڵاتە بەرزبکەنەوە، بەو هۆیەوە هەناردەکردنی نەوتی خاو و گازی سروشتیی ئێران بۆ بازاڕەکانی جیهان بە تایبەتی بۆ ئەوروپا بەرزبوونەوەیەکی خێرای بەخۆیەوە بینی. کۆمپانیا بیانییەکان بڕیاریان دا جارێکی دیکە بگەڕێنەوە ئێران. ڕێککەوتننامەکەی نێوان وڵاتانی ئۆپێک و دەرەوەی ئۆپێکیش بە قازانجی ئێران بوو، کاتێک ئێران بە یەکێک لەو وڵاتانە دانرا کە جارێ پابەند نەکرێ بە دابەزاندنی ئاستی بەرهەمهێنان، بەو هۆیەوە ئێران توانی ئاستی هەناردەکردنی بە راددەیەکی باش بەرزبکاتەوە. بەگوێرەی زانیارییەکانی بلومبێرگ، ساڵی 2017 هەناردەکردنی نەوتی ئێران بۆ ئاستەکانی 2.3 ملیۆن بەرمیل لە رۆژێکدا بەرزبووەتەوە.

ئێستا تورکیا یەکێکە لە کڕیارە باشەکانی وزەی ئێران، تورکیا جگە لە گازی سروشتی، لە حەوت مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 51 ملیۆن و 800 هەزار بەرمیل نەوتی لە ئێران کڕیوە، ئەو ژمارەیەش بەراورد بە حەوت مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو 142% زیادی کردووە. زێدەباری ئەوەش، سەرەتای ئەو مانگە رەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا سەردانی تارانی کرد و لەگەڵ حەسەن رووحانی سەرۆکی ئەو وڵاتە ڕێککەوتن لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی هاوکارییەکانی نێوانیان لە بواری وزەدا.

پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا وڵاتانی ئەوروپا و تورکیا هەمان هەڵوێستی پێشوویان دەبێت سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران یان ئەو وڵاتانە ئەمەریکا هەڵنابژێرن، بەڵکو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئێران دەپارێزن و خۆیان لە نەوت و گازی ئێران بەدوورناگرن؟

## داهاتووی کۆمپانیاکانی وزە لە ئێران

ئێستا 34 کۆمپانیای بیانی لە کەرتی وزەی ئێراندا وەبەرهێنان دەکەن، پشکی شێریش بەر کۆمپانیا ئەوروپییەکان دەکەوێ کە 18 کۆمپانیان، لەوانەش شەشیان رووسین، لەگەڵ پێنج کۆمپانیای ژاپۆنی، چواری چینی و دووی کۆری، ئازەربایجان، هیندوستان و ئیندۆنیزیا و مالیزیا و تایلاندیش هەر یەکە بە کۆمپانیایەک بەشدارن لە گەشەپێدانی کەرتی وزەی ئێران.

بەڵام ستراتیژی نوێی ئیدارەی ئەمریکا بەرامبەر ڕێککەوتننامەی ئێران کە ئێوارەی رۆژی 2017/10/13 لەلایەن دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە راگەیەنرا، کۆمپانیا بیانییەکانی نیگەران کردووە.

ترەمپ ڕێککەوتننامەکەی بە یەکێک لە "خراپترین" ڕێککەوتننامەکانی مێژووی ئەمریکا وەسفکرد و گوتی لە کۆنگرێس پرۆژەیەک بۆ هەمواركردنەوەی ڕێککەوتنەکە هەیە، ئەگەر نەگەنە ئەنجام، هەڵیدەوەشێنینەوە.

کۆنگرێس 60 رۆژی لەبەردەمە بۆ بڕیاردان لەسەر ڕێککەوتننامەکە، بەڵام شارەزایان لەو باوەڕەدان کۆنگرێس ڕێککەوتننامەکە هەڵناوەشێنێتەوە، چونکە واشنتن لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە متمانە لەدەست دەدات، بۆ هەمواركردنەوەش پێویستی بە رەزامەندیی پێنج وڵاتەکەی نێو ڕێککەوتننامەکەیە.

بە هەر بارێکدا بێ، ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکە بووەتە سەرچاوەی نادڵنیایی بۆ کۆمپانیاکان، ئەوان دەبێ چاوەڕێی تەواوبوونی ئەو 60 رۆژە بکەن، دواجار رەنگە ڕێککەوتننامەکە وەکو بۆمبێکی ئەتۆمی بە بازاڕی وزەدا بتەقێتەوە و گڕ لە نرخی نەوت بەربدات.

> لە کۆنگرێس پرۆژەیەک بۆ هەمواركردنەوەی ڕێککەوتنەکە هەیە، ئەگەر نەگەنە ئەنجام، هەڵیدەوەشێنینەوە
>
> ترەمپ



# ململانێ ناوخۆیی و دەرەکییەکان لەسەر نەوتی کەرکووک

بیلال سەعید

90 ساڵ لەمەوبەر و لە رۆژی 1927/10/14 قۆناغی یەکەمی دەرهێنانی نەوت لە عێراق لە کەرکووک دەستی پێکرد، ئیدی لەو رۆژەوە نەوتی کەرکووک بووەتە جێی بایەخی رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، بە جۆرێک وەک سەرچاوەی سەرەکیی ئابووریی عێراق پشتی پێ بەستراوە.

لە هەشت کێڵگەکەی پارێزگای کەرکووک، 13 ملیار بەرمیل یەدەگی نەوت هەیە کە دەکاتە 15%ی یەدەگی نەوتی هەموو ئێران. بۆیە ململانێکان لە عێراق و تەنانەت کەرکووک کە لەدوای دەرهێنانی نەوت سەریهەڵداوە، چەندین توێژینەوە و شیکاری جیاواز هەڵدەگرێت، بەڵام من لەم وتارەدا ئاماژە بە ململانێکانی دوای 2014 دەدەم.

## داعش و نەوتی کەرکووک

بۆڕیی نەوتی کوردستان – تورکیا لە کۆتایی 2013 ئامادە بوو، لە 2014 نەوتی پێ گواسترایەوە، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ هاتنی داعش بۆ عێراق، کاتێک داعش پەلاماری مووسڵی دا و دواتر ویستی بەرەو کەرکووک بچێ، سوپای عێراق لە شارەکە کشایەوە و پێشمەرگە جێی گرتنەوە. ئەمەش هەلێکی گونجاو بوو بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە چەند کێڵگەیەکی نەوتی کەرکووک بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆی، هەرزوو نەوتی کێڵگەکانی (بای حەسەن و ئاڤانا – کە ئێستا لەلایەن هێزێکی پارتییەوە دەپارێزرێن) بە بۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیاوە بەسترایەوە کە بەبڕوای من ئەمە سەرەتای گشتپرسییەکەی کوردستان بوو. لە 90 ساڵی رابردوودا ئەوە یەکەمجار بوو کورد دەسەڵاتی بەسەر نەوتی کەرکووکدا هەبێ.

## 2017 ساڵی ململانێیەکان

ساڵی 2017 ساڵێکی ئاڵۆزی پرسی هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک بوو، لەبەرئەوەی لەیەک کاتدا خاڵی ناکۆکیی توندی نێوان لایەنەکانی باشووری کوردستان و حکومەتی هەرێم و ئیدارەی کەرکووک و حکوومەتی عێراق بوو.

بەهۆی لەکارکەوتنی بۆڕیی نەوتی کەرکووک –جەیهان، حکومەتی عێراق ناچار بوو نەوتی هەردوو کێڵگەی (جەمبوور و خەبازە) بەڕێگای بۆڕی نەوتی کوردستان- تورکیا بنێرێتە بەندەری جەیهان و داهاتی هەردوو کێڵگەکەش لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەش بکات.

ڕێککەوتنەکە لەنێوان نێچیرڤان بارزانی و حەیدەر عەبادی کرابوو، ناکۆکییەکانی لەسەر نەوتی پارێزگاکە لەنێوان یەکێتی و پارتی زیاتر کرد، بە جۆرێک هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نامەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی عەبادی کرد و دواتر هێزێکی یەکێتی کە بە "هێزە رەشەکە" ناسرا، لە مانگی ئاداری ئەمساڵدا هەڵیکوتایە سەر کۆمپانیای نەوتی باکوور و هەناردەکردنی نەوتی شارەکەی بۆ ماوەیەک راگرت.

خوێندنەوەی جیاواز بۆ ململانێکانی یەکێتی و پارتی لەسەر نەوتی کەرکووک هەیە، بەبڕوای چاودێران بەغدا دەتوانێ وەکو کارتێک بۆ درزخستنە نێوان پارتی و یەکێتی بەکاری بهێنێ.

## پلانی ئێران

حکومەتی ئێران بە تێگەیشتن لە پێگەی جیۆسیاسیی کەرکووک بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی و هەروەها بوونی درزێک لە پەیوەندییەکانی نێوان باڵە جیاوازەکانی یەکێتی و تێکچوونی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر بەڕێوەبردنی نەوت و داهاتی نەوتی کەرکووک، پلانێکی بۆ بەستنەوەی نەوتی کەرکووک بە ئێرانەوە دارشتووە.

20ی شوباتی رابردوو، وەزارەتی نەوتی عێراق لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای کرد کە عێراق و ئێران یاداشتێکی لێکتێگەیشتیان ئیمزا کردووە بۆ راکێشانی بۆڕییەکی نەوت بۆ هەناردەکردنی نەوتی کەرکووک لە رێگەی ئێرانەوە.

جێ پەنجەی ئێران بە رووداوە سیاسی و سەربازی و ئەمنییەکانی عێراقەوە بە ئاشکرا دیارە، بەڵام پەلهاویشتن بۆ سێکتەری وزە لە ساڵانی دوایی جێگای گومان و پلانێکی دارێژراوی چەندین ساڵەی ئێرانە کە دەیەوێت بە هاتنی بۆ نێو سێکتەری وزەی کەرکووک، پلانی دوورخستنەوە و پچڕاندنی هێڵی پێکەوە بەستنەوەی باشووری کوردستان جێبەجێ بکات، لەبەرئەوە هەوڵەکانی ئێران پلانێکی ئامانجداری ئابووری نییە، بەڵکو پچڕاندنی کەرکووکە لە نەخشەی سیاسی و ئابووریی کوردستان، ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەسەر دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێ.

زۆربەی هێزە نێودەوڵەتییەکان لە رێگەی میدیاکانیان یان نوێنەرەکانیانەوە هەوڵی دواخستنی گشتپرسییەکەی باشووری کوردستانیان دەدا، بەڵام ئێران لە چەندین کەناڵی جیاوازەوە هەوڵی دەدا، کاتێک دڵنیابوو گشتپرسییەکە دەکرێ، خودی قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودس هاتە سەر خەت و بەر لە گشتپرسییەکە ویستی لەڕێی هەندێک لە بەرپرسانی یەکێتییەوە گوشار لەسەر ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بکات بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەک رێکبخەن و گشتپرسی لە شاری کەرکووک هەڵبوەشێننەوە، بەڵام هەوڵەکەی سلێمانی سەرکەوتوو نەبوو. ئێستاش بە هێنانی حەشدی شەعبی بۆ سنووری پارێزگای کەرکووک، ئێران دەیەوێ بە کورد بڵێ بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری زۆری لە کەرکووکە و کار بۆ لەکارخستنی ئەنجامەکانی گشتپرسی دەکات.



یەدەگی نەوتی کەرکووک بە 13 ملیار بەرمیل خەمڵێندراوە کە دەکاتە 15%ی کۆی یەدەگی نەوتی عێراق

## هەڕەشە و کاردانەوەکانی عێراق

هەڕەشەکانی عێراق زیاتر دوای گشتپرسی دەستیپێکرد، بەڵام بەغدا دەسەڵاتی بەسەر راگرتنی نەوتی کوردستاندا نییە، بۆیە دەیەوێ قەناعەت بە تورکیا بهێنێ نەوتی کوردستان رابگرێ، لەوکاتەی کە کاردانەوەکانی تورکیا تا ئێستا تەنیا میدیایی بووە.

ئێستا 60%ی ئەو نەوتەی هەرێمی کوردستان دەیفرۆشێ، نەوتی کەرکووکە. هەوڵەکانی عێراقیش بۆ راگرتنی نەوتی کەرکووکە. ئەویش دوو پلانی بۆ داناوە. یەکەم لە رێگەی حەشدی شەعبییەوە دەست بەسەر بیرە نەوتەکاندا بگرێ، بەڵام ئەمەیان بە خوێنڕشتن دەبێ، پاشانیش پلانی دووەم کە نۆژەنکردنەوەی بۆڕی نەوتی کەرکووک-جەیهانە، بەڵام ئەمەشیان ئەستەمە، لەبەرئەوەی جگە لەوەی بە ناوچەیەکی نائەمنی وەکو مووسڵدا تێدەپەڕێ، دوایین خاڵی بۆڕییەکەش هەر دەکەوێتە نێو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، واتە ئەگەر عێراق پلانی پەراوێزخستنی بۆڕی نەوتی کوردستانی هەبێت بەهۆی بۆڕی کەرکووک- جەیهان، ئەوە کارێکی ئەستەمە، جگە لەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ژێر کۆنترۆڵی کۆمپانیای نەوتی باکوور لە کەرکووک توانای بەرهەمهێنانیان زۆر سنووردارە و لەباشترین حاڵەتدا لە 200 هەزار بەرمیل نەوتی رۆژانە تێناپەڕێ.

## هەڕەشەکانی حەشدی شەعبی

بەخوێندنەوە بۆ کۆی ململانێکانی رابردووی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لەسەر کەرکووک، چەند خاڵێکی هاوبەش هەیە، بەڵام بەدڵنیاییەوە نەوت یەکێک لە خاڵە هاوبەشەکانی تێگەیشتنی رژێمەکان و هێزە رکابەرەکانی کوردستان بووە.

بۆیە ئەوەی ئێستا لەکەرکووک دەگوزەرێت، ئەگەر بەشێکی پەیوەندی بە گشتپرسییەوە هەبێ، ئەوە بەشی زۆری پەیوەندی بە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و ئەمنییەکانی ئێرانەوە هەیە لە ناوچەکەدا. دەیەوێ پلانەکەش بە خودی عێراقییەکان بەتایبەت حەشدی شیعی جێبەجێ بکات.

بۆیە قەبارەی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی ئێران و حکومەتی عێراق بە ئەندازەیەکە ئەگەر لایەنە ناکۆکان بەتایبەت لە قۆناغی یەکەم (یەکێتی و پارتی) و (هەرێمی کوردستان و عێراق) و (حکومەتی عێراق و حکومەتی ئێران) نەتوانن لەڕێگەی گفتوگۆوە ململانێکانی نێوانیان لەسەر بەڕێوەبردنی نەوتی کەرکووک و فرۆشتنی واژۆ بکەن، چاوەڕێ دەکرێ پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی، لەم حاڵەتەشدا باری ئەمنی و سیاسی و ئابووریی شارەکە و تەواوی کوردستان بەرەوڕووی مەترسی دەبێتەوە.

## کوردی دەبێتە دادوەری ئۆسکاری ئاسیا



**ڕووداو- هەولێر**

شەوکەت ئەمین کورکی، دەرهێنەری کورد، دەبێتە ئەندامی لیژنەی دادوەری بەرێزێری خەڵاتەکانی ئیسکرین " APSA " ئاسیا پەسیفیک کە بە ئۆسکاری ئاسیا ناودەبرێت. شەوکەت ئەمین کورکی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند" خۆشبەختانە بۆ دووەمین جار من وەکو لیژنەی دادوەری خەڵاتەکانی ئاسیا پەسیفیک لەگەڵ کۆمەڵێک لە سینەماکارانی ناوداری جیهانی دەستنیشانکراوین، کە خەڵاتەکانی ئەمساڵ دیاری بکەین". شەوکەت ئەمین کورکی، لە ساڵی 2014 بە فیلمی سینەمایی "بیرەوەرییەکانی سەر بەرد" لە هەشتەمین خولی ڕێوڕەسمی خەڵاتەکانی ئیسکرین "ئاسیا پەسیفیک" ASIA PACIFIC توانی خەڵاتی "تایبەتی یۆنسکۆ بۆ هاوبەشی بەرچاو و هەروەها پاراستنی جۆری کەلتوورەکان"ی ئەم ڕێوڕەسمە بەدەستبێنێت. مەڕاسیمی دابەشکردنی خەڵاتەکە لە 2017/11/23 لە شاری بریسبان لە ویلایەتی کۆئینزلەندی ئوسترالیا بەڕێوەدەچێ.

شادی ئارام، خانمە ئەکتەری کورد بۆ (ڕووداو):

# ماچ لە سینەمای کوردیدا گاڵتەکردنە بە بینەر

## نەبوونی چالاکی هونەری هونەرمەندانی ساردکردووەتەوە



**دەریاز یونس**
**ڕووداو- سلێمانی**

"ئاکامی نهێنییەکان" و "ڕەشـەی پۆلیس" ئـەو دوو درامایـە بـوون کـە ئـەو خانمـە ئەکتەرەیان بە خەڵک ناساند، جگە لەوەش لـە چەندین شـانۆگەریدا دەرکەوتووە و وەک خۆی دەڵێت، زیاتر حەزی لە کاری شانۆییە، شادی ئارام خانمە ئەکتەری خەڵکی سلێمانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی کارە هونەرییەکانی و ژیانی تایبەتی خۆی دەکات.

**ڕووداو: زیاتـر لـە بواری شـانۆ و دراماداً دەرکەوتوویت، بۆچی هەوڵت نەداوە بێیتە نێو بواری سینەماوە؟**

**شـادی ئارام:** شـانۆ بـە یەکـەم خەونی ژیانـم دەزانم، هەمیشـە دەمەوێت هەوڵەکانم لـە بواری هونەریدا چڕ بکەمـەوە، ئەزموونی سینەماییشـم لە ژیانی منداڵیدا هەیە، بەڵام بەهـۆی ئیلتیزاماتـی ژیانـەوە نەمتوانیوە لە سینەما دەربکەوم.

**ڕووداو: هیچ مەرجت هەن بۆ دەرکەوتن لە فیلمی سینەمایی؟**

**شادی ئارام:** بەبۆچوونی من کاری هونەری پێویسـتی بە مەرج نییە، بۆیە وەک مەرج بۆ کارکردن هیچ مەرجێکم نییە.

## بۆ کاری هونەری هەرگیز مەرج دانانێم

**ڕووداو: هەندێ لە خانمە ئەکتەران باسی ماچی سـینەمایی دەکەن، ئەمەش لـە نێو کۆمەڵگەی کوردی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ، هەندێک دژن و هەندێکیش هاندەر، تۆ بۆ ماچی سینەمایی چی دەڵێی؟**

**شـادی ئـارام:** ئەگـەر کارەکە شـیاوی ئەو ساتەوەختە بێت لای من ئاساییە، بەڵام تا ئێستا هیچ کارێکی سـینەمایی کوردی نەگەیشتووەتە ئەو ئاسـتە کە بەشێوەیەکی هونەری بەکاربێت، ئەوەی کە بینراوە جۆرێک بووە لە خۆدەرخستن و هەڵە بەکارهێنانی شیعاری ئازادی و مافی تاک، من پێموایە ماچی سینەمایی کوردی گاڵتەکردن بووە بە ئەقڵی بینەر و تەنانەت هونەریش.

**ڕووداو: سـاڵانە چەند فێستیڤاڵێکی هونەری لە کوردسـتان دەکرێـن، بە تایبەتی لە شـاری سلێمانی، هەڵسەنگاندنی تۆ بۆ ئەم فێستیڤاڵانە چییە؟**

**شادی ئارام:** بەبۆچوونی من زۆر گرنگە، چونکە نەبوونی چالاکی هونەری ساردبوونەوە و خەمێکی گەورەی لای هونەرمەندان دروسـتکردووە، بەڵام ئەم فێسـتیڤاڵانە حەماسـێک دەداتەوە بینەر و هونەرمەنـدان، بۆ ئەوەی بێنـەوە نێو هۆڵەکان، چونکە هونەرمەندان و هونەردۆستان لە هۆڵەکانی سینەما و شانۆ تۆرابوون.

## زۆرخۆر و نەوسنم، بۆیە دەستاوم خۆشە

**ڕووداو: ئاستی فێستیڤاڵی ئەمساڵی فیلم لە سلێمانی چۆن بوو؟**

**شـادی ئـارام:** من ئەمسـاڵ زۆر دڵخۆشـم، فێسـتیڤاڵەکە زۆر پێشـکەوتووتر بـوو لـەوەی ساڵی ڕابردوو، لە ڕۆژی کردنەوەی فێستیڤاڵەکە بەجۆرێـک ڕێـز لە هونەرمەندان گیـرا کە من لە ئەزموونـی ڕابـردووی کاری هونەریـی خۆمـدا نەمبینیبوو.

**ڕووداو: سـاڵی 2017 پڕۆدەکشـنی درامی و سینەمایی نەبوو، یاخود زۆر کەم بوو، بەبۆچوونی تۆ هۆکار چی بوو؟**

## دەرفەتی دەرکەوتنم لە سینەمادا نەبووە

## بەنیازی شووکردنەوە نیم

**شـادی ئارام:** ساڵانی ڕابردوو هەنگاوی باشتر هەبـوون بـۆ کارکردن، بـەڵام پێموانییـە کارە هونەرییەکان وەسـتابن، ئەوەندەی من ئاگادارم هەمـوو هونەرمەنـدان هەمیشـە هەوڵـی کاری هونەری دەدەن، ئەگەرچی قەیرانێکی زۆر قورس هەیە، بەڵام ئێسـتا هونەرمەند لەسـەر حیسابی خۆی کار دەکات.

**ڕووداو: پڕۆژەی داهاتووی تۆ چییە؟**

**شـادی ئارام:** لە داهاتوویەکـی نزیکدا لە درامایەکـدا دەردەکـەوم کـە 15 ئەڵقەیە، تا ئێسـتا نازانم لە کامە کەناڵ پەخشدەکرێت، پرۆژەی کارێکی شانۆییشم هەیە.

**ڕووداو: ئەگەر بێینە سـەر ژیانی تایبەتی خۆت، دەڵێن کچێکی گرینۆکی؟ ئەمە ڕاستە؟**

**شـادی ئارام:** بە مانـای گرینۆک نا، بەڵام هەستیار و دڵناسکم بەڵێ، هەمیشە هەستیارم و لەبـەردەم هەسـتیارییەکەمدا ناتوانـم فرمێسکەکانم‌بوەستێنم.

**ڕووداو: لەگەڵ ئیشـوکاری ماڵەوە چۆنی؟ کابانی خواردنی خۆشی؟**

**شـادی ئارام:** لە کاری ماڵـەوە تەمبەڵم، بەڵام لـە دروسـتکردنی خواردندا دەسـتاوم خۆشـە، وەک ئەوەی پێم دەڵێن، هەموو کات دەڵێن ئەوانەی زۆرخۆرن دەستاویان خۆشە، منیش زۆرخۆر و نەوسنم.

**ڕووداو: هـۆکاری جیابوونـەوەت لـە هاوژینەکەت چی بوو؟**

**شـادی ئارام:** هەمـوو مرۆڤێک شـێوازی تایبەتـی خۆی هەیە بۆ ژیـان، من لەو جۆرە مرۆڤانـەم کـە لەگـەڵ موجامەلـە ڕانایـەم، بۆیە ئێسـتا و داهاتـووی کارە هونەرییەکانم هەڵبژارد، لە هەمووشی گرنگتر داهاتووی کچە خنجیلانەکەم جوانتر و باشتر بێت.

**ڕووداو: بەنیاز نیت شوویکەیتەوە؟**

**شادی ئارام:** ئێستا بەرنامەم بۆ ئەوە نییە، لە داهاتوودا ئەگەر کەسـێکی شیاو بە ژیانی من هاتە پێشـەوە، ئـەوە بەرنامەیەکی دیکە دادەنێم.

گولدەن ئێرئاسلان، کچە ئەکتەری کوردی باکووری کوردستان بۆ (ڕووداو):

# شەڕ ڕەوشی هونەری لە باکوور خراپ کردووە



**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

لە بنەماڵەیەکی هونەری کە بەردەوام لاوک و سترانی ڕەسەنی کوردی، میوانی دیوەخان و کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان بووە، چاوی بەدونیا هەڵێناوە، بەشێکی زۆر لە خێزانەکەی دەنگبێژ و سـترانبێژن، بـەڵام گولدەن ئێرئاسـلان بە پێچەوانەی ئـەوان ڕووی لە جیهانی نواندن و سینەما کرد. ئێسـتا کچە ئەکتەرێکی دیاری باکووری کوردسـتانە و لەگەڵ خێزانەکەی لە ئامەد دەژی.

گولدەن ئێرئاسلان ماوەی چەند ساڵێکە لە بواری دراماداً کار دەکات، ئێستاش درامایەکی بە زمانی کوردی لەسەر کەناڵی کوردی تەڕەتە شەش پەخش دەکرێ.

گولدەن، حەز و خولیای زۆری بۆ شـانۆ و نواندن هەیە، هەر لە سـەرەتاوە ویستوویەتی بەشـێوەیەکی ئەکادیمی ڕوو لەو بوارە بکات. بنەماڵەکەشی بەهۆی ئەوەی دۆستایەتییەکی زۆریـان لەگـەڵ هونـەر هەیـە، هـەر زوو بە داواکارییەکـەی گولـدەن ڕازی دەبن و دەبنە هاوکار و پاڵپشتی بۆ هێنانەدی خەونەکانی، گولدەن بە (ڕووداو)ی گوت "هەر لەمنداڵییەوە زۆر حەزم لە شـانۆ بوو، بۆیە کە گەیشـتمە قوتابخانە لەوێ لەسەر شانۆی قوتابخانە ڕۆڵی سـەرەکیم بینی، ئیدی لەو ڕۆژەوە شانۆ بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی من".

دوای ئەوەی لەسـەر شـانۆ سـەرکەوتنێکی مەزنـی بەدەسـتهێنا، لـە باکووری کوردسـتان دەبێتە جێی بایەخی دەرهێنەرانی فیلم و دراما، ئیدی بەشـداری لە درامایەکـی کوردیدا دەکات. دەربـارەی ئـەو درامایـە گوتی "بۆ مـاوەی دوو ساڵ لە درامایەکی کوردی کارم کرد بەناوی ژان، زیاتر لە 35 ئەڵقـە بوو، لەگەڵ بەردان ماردینی هونەرمەندی ناوداری باکووری کوردستان ڕۆڵەکەم دەبینی، بەڕاستی بۆ من هەنگاوێکی مەزن بوو کە لە بواری دراماداً کارم کرد".

## دەنگم خۆشە، بەڵام گۆرانی ناڵێم

بەشـێکی زۆر لە بنەماڵەی گولدەن گۆرانیبێژ و دەنگبێـژن، بۆیـە بـەردەوام لە ماڵـی ئەوان دەنگی لاوک و بەسـتەی کوردی دێ، هەرچەندە گولدەن دەنگی زۆر خۆشە، بەڵام گۆرانی ناڵێت، ئـەو لەبارەی دەنگبێژییـەوە دەڵێت: "زۆر کەس دەڵێن دەنگت خۆشە، بەڵام من تەنیا لە ماڵەوە بۆ خـۆم گۆرانی دەڵێـم، نەکردووەتە پیشـەی سەرەکی، هەرچەندە خوشک و براکانم گۆرانیبێژ و دەنگبێژی چاکن".

هەرچەندە باکووری کوردستان بە مەنزڵگەی هونـەر و گۆرانـی و دەنگبێژی دادەنـرێ، بەڵام بەهۆی بارودۆخی شـەڕ و نائارامیی چەند ساڵی ڕابردووی باکووری کوردستانەوە ئەو بوارە تەواو لاواز بـووە. گولدەن بە دڵگرانییەوە باسـی ئەو ڕەوشـە دەکات و دەڵێـت "ڕەوشـی هونەری لە ئامەد باش نییە، لەبەر شەڕ و ئاژاوە هونەر لەم دەڤـەرە لاواز بووە، ئێسـتا زۆر بە کەمی کاری هونـەری لێـرە دەکرێ، ئەمـەش هونەرمەندانی باکووری کوردستانی پەرتەوازە کردووە".

## کارکردن لەگەڵ بەردان ماردینی زۆر خۆشە

بـەردان ماردینـی، گۆرانیبێژێکـی نـاوداری باکووری کوردسـتانە، بەڵام ماوەیەکە لە بواری درامـای کوردیـدا وەک ئەکتـەر کار دەکات، لەبـارەی ڕۆڵی بەردان ماردینی لـە نێو درامای باکووری کوردسـتان، گولدەن دەڵێت "کارکردن لەگـەڵ هونەرمەند بەردان ماردینـی زۆر خۆش و سوودبەخشـە، لە ماوەی دوو سـاڵ کارکردن بەیەکەوە بۆم دەرکەوت کە بەردان ماردینی جگە لـە گۆرانبێژێکی باش، ئەکتەرێکی لێهاتووشـە، مرۆڤێکی زۆر دڵپاکە".

## حەز دەکەم ببمە پێشکەشکار

گولـدەن، ئەکتەرێکی شـۆخ و شـەنگە و لـە درامایەکدا دەبێتە دەسـتگیرانی بەردان ماردینی و دواتریش شووی پێدەکات، بەڵام گولدەن لە ژیانی واقیعیدا شووی نەکردووە چونکـە تەمەنـی هێشـتا 22 سـاڵە. ئەو لەوبـارەوە دەڵێت: "پێموایە هێشـتا کاتی شووکردنم نەهاتووە".

گولدەن نەیشـاردەوە کە جگـە لە کاری هونەری حەز دەکات لە بواری ڕاگەیاندنیش کار بکات و وەکو پێشکەشکار دەربکەوێت، دەشـڵێت بۆ ئـەو خەونـەش هەوڵی زۆری داوەو دڵنیاشە خەونەکەی دەبێتە ڕاستی.


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
١١٢١
100%
MAHMOOD RICE®


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
MILK
powder
حليب


Life
NATUREL SPRING WATER
UBHOLD

# کچان بۆ خۆلاوازکردن و قەڵەوبوون پەنا بۆ عەتار دەبەن

دیمەن بورهان
ڕووداو- سلێمانی

سەنا کەریم، 23 ساڵ، خوێندکاری زانکۆیە، پێشتر بەهۆی کەمیی کێشییەوە، هاوڕێکانی بە باربی بانگیان دەکرد، بەڵام ئێستا پێیدەڵێن بەرخە. سەنا نهێنیی ئەمە ئاشکرا دەکات و دەڵێت: "لەڕێگەی هاوڕێکانمەوە ناونیشانی دوکانێکی دەرمانی سرووشتیم وەرگرت و سەردانم کردن بۆ کڕینی چەند دەرمانێکی قەڵەوبوون".

سەنا دەڵێت کە دەستی بە بەکارهێنانی دەرمانەکان کرد کێشی تەنیا 42 کیلۆگرام بوو، دواتر کێشی بووە 50 کیلۆ. سێ مانگی ڕەبەق دەرمانی سرووشتی خواردووە و بەو هۆیەوە کێشی بووەتە 56 کیلۆگرام. سەنا دەڵێت "ئێستا باوکم پێمدەڵێت وەک گیسکەکەی هەیاست لێهاتووە، ڕۆژێک قەڵەو دەبی و ڕۆژێک لاواز".

ئێستا سەنا دووچاری کێشە بووە، دەبێ بەردەوام بێ لە خواردنی دەرمانەکانی، چونکە ئەگەر ماوەیەک وازیان لێبێنێ کێشی دادەبەزێ و لاواز دەبێتەوە. بەڵام سەنا دەڵێت تاوەکوو بۆی بکرێ بەردەوام دەبێ لە بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە. ئەو دەڵێت "پێشتر لەبەرئەوەی جەستەیەکی تەختی کوڕانەم هەبوو، باری دەروونیم زۆر خراپ بوو، ئێستا هەست دەکەم لە کچ دەچم".

> ئەو دەرمانانە کاریگەریی خراپیان بۆ سەر دڵ و گورچیلە هەیە
>
> پزیشکێکی جوانکاری

بەڵام سەنا گلەیی لە دوکاندارەکانی فرۆشتنی دەرمانی سرووشتی هەیە و دەڵێت "داواکارم ڕاستیی دەرمانەکان بە خەڵک بڵێن، نەوەک پێیان بڵێن بە خواردنی چەند پاکەتێک لە دەرمانەکە کێشت جێگیر دەبێت و جەستەت ناگەڕێتەوە دۆخی جاران".

بە گوتەی عەتارەکان، ماوەیەکە کەسانی وەکوو سەنا بازاڕی ئەوانیان گەرم کردووە و هەندێکیان وازیان لە فرۆشتنی دەرمانی کوردەواری هێناوە و ڕوویان لە فرۆشتنی دەرمانی سرووشتی کردووە، بەتایبەتی ئەوانەی بۆ قەڵەوبوون و خۆلاوازکردن بەکاردێن.

دوکانی حاجی عارفی عەتار یەکێکە لە کۆنترین و ئاشناترین دوکانەکانی عەتاری لە شاری سلێمانی، جاران پیشەی تەنیا فرۆشتنی گژوگیا و دەرمانە کوردەوارییەکان بوو، بەڵام ئێستا ئەویش ڕووی لە فرۆشتنی دەرمانی سرووشتی کردووە.

ئەحمەد فەتحوڵڵا، سەرپەرشتیاری دوکانی حاجی عارفی عەتار دەڵێت "لە سەردەمانی زوو دەرمانی کوردەواری و هەندێ دەرمانی گیایی هەبوون، بەڵام لەدوای ئاشنابوونی خەڵکی بە بابەتە سرووشتییەکانی وڵاتانی دەرەوە، خواست لەسەر ئەم جۆرە دەرمانانە پەرەی سەندووە". ئەحمەد باسی کڕیارەکانی دەکات و دەڵێت "زۆربەی کڕیارەکانمان ژنانن".

بەڕێز مستەفا، کە ئەویش ماوەی زیاتر لە 13 ساڵە دەرمانی سرووشتی دەفرۆشێ، بە (ڕووداو)ی گوت "پێشتر دەرمانەکانمان لە بەغدا و سووریاوە دەهێنا، بەڵام ئێستا لە دوبەی و تورکیاوە هاوردەی دەکەین، بازاڕێکی زۆرمان هەیە، بەتایبەت خانمان کە ڕۆژانە بەدەیان کچ ڕوومان تێدەکەن و زۆرترینیشیان بۆ مەبەستی خۆلاوازکردن و خۆقەڵەوکردنیانە".

د.ئالان ئیحسان فەرهادی کە دبلۆمی باڵای لە بواری نەشتەرگەریی جوانکاری هەیە، سەبارەت بەم گیادەرمانانە بە (ڕووداو)ی گوت: "هیچ گەرەنتییەک نییە کە دڵنیامان بکاتەوە لەوەی ئەم دەرمانانە سرووشتین، چونکە بەبێ ئەوەی بە کواڵیتی کۆنترۆڵدا تێپەڕن هاوردە دەکرێن. زۆربەی ئەو دەرمانانەش لە چینەوە دەهێنرێن و نازانرێت پێکهاتەکەیان چییە".

د.ئالان دەشڵێت: "زۆر کەس دوای بەکارهێنانی ئەو دەرمانانە کە لە دەرمانخانە و عەتارەکان دەیکڕن، دێن بۆ لای ئێمە و داوای جوانکاری بۆ دەموچاویان دەکەن، چونکە ئەوەی خۆی لاواز دەکات دەموچاوی دەچێتەوە بەیەکدا، بەشێوەیەک سیمای زۆر تێکدەچێت، ئەوانەی خۆشیان قەڵەو دەکەن بەهەمانشێوە دێن بۆ لامان، چونکە وەک پیاوان زۆربەیان ریش پەیدا دەکەن و داوای لابردنی موو دەکەن، سەرەڕای ئەوەش ئەو دەرمانانە کاریگەریی خراپیان بۆ سەر دڵ و گورچیلە هەیە".

ئەو پزیشکە ڕێنمایی خانمان دەکات کە ڕێگەی دیکە بەکاربهێنن بۆ خۆلاوازکردن یان قەڵەوکردن و دەڵێت: "داوا دەکەم ئەو کەسانە ئەگەر سەردانیکردنی پزیشکیان پێ گرانە، دەتوانن لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە خشتەی تەندروستیی دەیان پزیشکی خۆراکی وەربگرن و بەپێی ئەو خشتەیە نان بخۆن، بەڵام بە مەرجێک وەرزش لەبیر نەکەن".



## 20 ساڵە ڕۆژانە دەرمان دەخوات

# کچە پێست پوولەکەی ماسییەکە دەبێتە چالاکڤان

دیمەن بورهان
ڕووداو — سلێمانی

کاتێک بینایی لەدایکبوو، پزیشکەکان تەنیا 48 کاژێریان دانابوو بۆ مانەوەی، بەڵام ئەو ئێستا تەمەنی بووەتە 20 ساڵ و بە ئومێدەوە لە ئایندە دەڕوانێت. بینایی 20 ساڵە شەڕ لەگەڵ نەخۆشییەک دەکات، بەڵام نەخۆشییەکەی نەیتوانیوە چۆکی پێ دابدات.

بینایی ئەحمەد لە 1996/12/21 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، 20 ساڵە بەدەست نەخۆشییەکی دەگمەنەوە بەناوی "پوولەکەی ماسی" دەناڵێنێ. بینایی دەڵێت "ئەو نەخۆشیەی دەگمەنە و لە جیهاندا چارەسەری نییە. نەخۆشییەکە وایە، هاوشێوەی پوولەکەی ماسی بەردەوام پێستی وشک دەبێت و ڕەق هەڵدێ و پاشان هەڵدەوەرێت".

بینایی 20 ساڵە بە دەست ئەو نەخۆشییەوە دەناڵێنێ و دەڵێت "20 ساڵە بەدەم دەرد و نەخۆشییەوە هیلاکم، 20 ساڵە دەوا و دەرمان کوشتوومی و هیچ سوودێکیشم لێی نەبینی. تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن بووم کە تا مردن نە چارەسەر دەبێ و نە لە خواردنی دەرمانیش ڕزگارم دەبێت. هەموو ڕۆژێک دەبێت دەرمانەکانم بخۆم، ئەگینا توانام نابێت لەسەر پێیەکانیشم بوەستم. ئیشی من بووە بە دەرمانخواردن، ئەو نەخۆشییەی من لە هەموو جیهاندا چارەسەری نییە، بەڵام قسە و بەزەیی پێداهاتنەوە و قسەی وەک دایکت بمرێ، وەیش گوناهی و بۆ وایت و تاد... لە ئازاری نەخۆشییەکەم سەختترن".

بینایی ئەوکاتەی تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ، دەیەوێ بچێتە قوتابخانە، بەڵام وەرنەگیراوە، وەک خۆی باسی دەکات "کاتێک تەمەنم بووە شەش ساڵ، دایکم بردمی تا لە قوتابخانە ناونووسم بکات، بەڵام بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بەبیانووی ئەوەی کە نەخۆشم و مەترسیم بۆ سەر منداڵەکانی دیکە دەبێ وەرینەگرتم، لەکاتێکدا نەخۆشییەکەم هیچ ترسی نەبوو بۆ گواستنەوە، بەڵام دایکم گوتی ئەگەر وەرینەگرن، شکاتتان لێدەکەم، بەو جۆرە لە قوتابخانە وەریانگرتم، بەم نەخۆشییەوە بەرگەی گەرمام نەدەگرت، دایکم هەموو ڕۆژێک دەهات بە بەفراو فێنکی دەکردمەوە، پرسیاری ڕۆژانەی قوتابی و خەڵکی لەبارەی نەخۆشییەکەم و جیاوازیی ڕوخسارم زۆر بێزاریان دەکردم، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەو قۆناغەم بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند".

ئەگەرچی بینایی بەردەوام ئازاری دەروونی و جەستەیی هەیە، بەڵام ئەو بەهیوایەکی زۆرەوە دەژیت، وەک خۆی دەڵێت: "من لەسەر برینەکان هیوا دەچێنم، من لە ئازاری خۆمدا نوقم نەبووم، بەڵام دەمەوێت ئازاری کەسانی دیکە کەمبکەمەوە، هەر بۆیە دەستم دایە کاری خێرخوازی و لەڕێگەی پرۆژەکانمەوە هەوڵی کۆکردنەوەی هاوکاریم بۆ تووشبووانی شێرپەنجە و کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت دا و بەردەوامیش دەبم، هەروەها پرۆژەی تازەشم بەڕێوەیە".

بینایی دەیەوێت هاوڕێیەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بکات و بە هاوکاریکردنیان دڵخۆشیان بکات، چونکە ئەو تەمەنی منداڵیی خۆی بەتەنیا و بەبێ هاوڕێ بەسەر بردووە.

سەختی و ئازارەکانی ژیان چۆکیان بە بینایی دانەداوە و بەردەوام بووە لە خوێندن و ئێستاش قوتابی قۆناغی سێیەمی سکوڵی زمانی ئینگلیزییە، خۆی دەڵێت "بەدەم ئێش و ئازارەوە توانیومە بگەم بەم قۆناغە، هەڵبەت بە پشتیوانیی باوک و دایکم و مامۆستاکانم، هەمیشە دەمەوێت بەرەو ڕووناکی هەنگاو بنێم و داردەستی کەسانێک بم کە پێویستیان بە ئێمەیە".

بینایی دەیەوێت کۆمەڵگا تێبگەیەنێت کە ئەوانیش کەسانی ئاسایین وەک هەموو مرۆڤێکی دیکە، ئەو بەردەوامە لە هەوڵدان، بینایی دەڵێت: "باوکم هەموو جارێک دەڵێت مەمکە شیرت بۆ نەدەگیرا، دەبوو بە کەوچکی چا شیر بکەم بەدەمتەوە، بەڵام ئێستا لە زانکۆ دەخوێنم و هەنگاو بۆ سەرکەوتن دەنێم، چاوەڕێی چەپکێ گوڵ ناکەم، خۆم دەبم بە چەپکەگوڵ".



بینایی دەیەوێ بە دەم ئازارەکانی خۆیەوە لە ئازاری تووشبووانی شێرپەنجە کەم بکاتەوە

## بە جارێک منداڵەکانی و دایکی و مێردەکەی لەدەستدەدات

# "دایکم و کوڕەکەم بەبەرچاومەوە نوقمی دەریا بوون"

دیمەن بورهان و چاوان فاروق
ڕووداو- سلێمانی

بڕیار بوو ئامانج عەزیز و ئاڤانی هاوژینی لەگەڵ ئەلیاسی کوڕیان و ئارینای کچیان بچنە ئەڵمانیا، دولبەر محەممەد کە خەسووی ئامانجە، ئەویش بڕیار دەدات هاوسەفەریان بێت. دولبەر دەیویست بچێتە لای کوڕەکەی لە فەرەنسا، بەڵام لەو سەفەرەدا تەنیا ئاڤان زیندوو مایەوە و ئەوانی دیکە لە دەریای ڕەشدا خنکان.

ئەمە چیرۆکی خێزانێکی دانیشتووی سلێمانییە کە ڕۆژی 2017/9/6 بە فڕۆکە بەرەو تورکیا دەڕۆن، 14 ڕۆژ لەوێ دەمێننەوە و دواتر لە شەوی 20ی مانگی ڕابردوو بە یەختێک کە وەک خۆیان دەڵێن 82 کۆچبەری لەسەر بووە، لە تورکیاوە بەنێو دەریای ڕەشدا بەڕێدەکەون، دوای زیاتر لە 20 کاژێر مانەوە لەناو دەریا، بەهۆی بەهێزیی شەپۆلەکانی دەریاوە یەختەکەیان نوقم دەبێت.

ئاڤان جەزا، هاوژینی ئامانج عەزیز، بە گریانەوە چیرۆکی ئەو شەوەی دەگێڕایەوە "ئەو شەوەی بەڕێکەوتین، ئارینای کچم کە تەمەنی 11 ساڵ بوو پێیگوتم ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونمە، ئەو بەوە زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی لە سەفەر بووین، نەمانتوانی ئاهەنگی بۆ بکەین. نزیکەی 20 کاژێر لەنێو یەختەکەدا ماینەوە، سەرەتا هەموو شتێک ئاسایی بوو، بەڵام لە چەند چرکەیەکدا هەموو شتێک سەرەوژێر بوو، نازانم چی ڕوویدا، پێموابێت یەختێکی دیکە خۆی پێداکێشاین، لەوکاتەدا ئامانجم بینی بە دەستێکی مەلەی دەکرد و بە دەستەکەی دیکەی ئارینای گرتبوو، دایکم و ئەلیاسی کوڕم لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە نوقمی ئاوەکە بوون".

ئاڤان کە دووگیان بووە، منداڵەکەی نێو سکیشی لەدەستدا. ئاڤان گوتی "نازانم ئەو چرکەساتە خەون بوو یان ڕاستی، یەک لەدوای یەک مەرگی ئازیزانم دەبینی، دواتر منیش هۆشم نەما، کاتێک بەخەبەرهاتم بە فڕۆکە ڕزگار کرابووین، منداڵەکەی ناو سکیشم مردبوو".

ئاڤان پەشیمانە لەو سەفەرە، چونکە هەم ماڵ و هەمیش منداڵی تێداچوون، ئەو خۆی دەڵێت "ئێستا نە دایکم ماوە نە مێرد و منداڵ".

دوای هەفتەیەک تەرمی دولبەر و ئەلیاس لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە گەڕێنرانەوە سلێمانی، بەڵام هێشتا ئامانج و ئارینا، لەگەڵ نۆ کۆچبەری دیکە بێسەروشوێنن.

سەمیرە کە دایکی ئامانجە، پەڕۆیەکی بەسەریەوە بەستووە، ئەو لە ژانی مەرگی کوڕەزاکەی و بێسەروشوێنیی کوڕ و کوڕەزاکەی توانای سەربەرزکردنەوەی نەبوو، تەنیا دەیگوت "ئومێدم بە خوایە کوڕەکەم و ئارینام پێ بداتەوە". دەگوترێ ئەو بەلەمە 82 کۆچبەری هەڵگرتبوو، 22 یان ئەو شەوە خنکان و 11 کۆچبەریش تاوەکوو ئێستا بێسەروشوێنن.

دیدار کە خوشکی ئامانجە، بەدەم گریانەوە باسی براکەی کرد و گوتی: "براکەم کاتێک بڕیاری سەفەری دابوو ئێمە ئاگادار نەبووین، ئەوکاتەی بە ئێمەی گوت، خانوو و ماڵ و ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتبوو، پێیگوتین بژێوی ژیانمان باش نییە، بۆیە بڕیاری ڕۆیشتنمان داوە، پێمانگوتن مەڕۆن و ئەم ژیانە ئەوەندە ناهێنێت خۆتانی بۆ بخەنە مەترسیی ئەم ڕێگا سەخت و دژوارەوە، بەڵام دیاربوو ئەوان بڕیاری خۆیان دابوو، تا ئەم کارەساتەیان بەسەر خۆیان و ئێمەشدا هێنا".

دیدار بەهیوایە برا و برازاکەی لەژیاندا مابن، ئەو دەڵێت: "ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆمانی بە کەسوکارمانی گوتووە لە نەخۆشخانەیەکی ڕۆمانیا کچ و باوکێکم بینیوە کە کچەکە تووشی لەبیرچوونەوە بووە و باوکەکەش بریندارە، تەنیا ئەو هیوایەمان هەیە و ئومێدمان بە خوایە کە ئەو دووانە ئامانج و ئارینا بن".



هاوژین و کچێکی ئاڤان تاوەکو ئێستا بێسەروشوێنن



## هاوڕێکەی خۆی بە "هەڵە" کوشت

**ڕووداو- سلێمانی**

ئێوارەی ڕۆژی 2017/10/15 گەنجێک بە هەڵە هاوڕێکەی خۆی کوشت، پاشان گەنجەکە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا. بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) ئەو دوو کەسە ئێوارەی ئەو ڕۆژە لە یەکێک لە باخەکانی ناحیەی سیتەکی سەر بە شاری سلێمانی بوون، یەکێکیان دەستکاری چەکی کردووە، بەو هۆیەوە گوللەیەک لە چەکەکە دەرچووە و بەر ئەوەی دیکەیان کەوتووە. هەر بەپێی زانیارییەکان گەنجە کوژراوەکە ناوی (ی.ع) بووە و تەمەنی 29 ساڵ بووە. دوای ڕووداوەکەش پۆلیس تۆمەتبارەکەی دەستگیرکردووە و پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کردووەتەوە، هەروەها دەستیشی بەسەر ئەو چەکەدا گرتووە کە لە تاوانەکەدا بەکارهاتووە.



ژیلەمۆ عەبدولقادر

موقەدەمی مافپەروەر

# پزیشکەکەی هەولێر خۆی خنکاند یان خنکاندیان؟



پۆلیس دەڵێت هاوڕێ لە ژوورەکەی خۆیدا بە پەت خۆی هەڵواسیوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

وەکوو عادەتی هەمیشەیی، لەگەڵ بانگی بەیانی لە خەو هەڵسا و بەرەو مزگەوتی گەڕەکەکەیان ڕۆیشت، دوای ئەوەی نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ کرد، گەڕایەوە ماڵەوە و لە ژوورەکەی خۆیدا لە ڕووداوێکی گوماناویدا گیانی دەرچوو، هاوڕێ و دۆست و کەسوکاری دەڵێن گەنجێکی ڕۆشنبیر و گەشبین بووە بە داهاتوو، کەسێکی بەئیمان بووە، نهێنی خۆخنکاندنیشی گرێکوێرەیەکە ڕەنگە تەنیا ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە بیکاتەوە کە پێش ڕووداوەکە بۆی کراوە. هەندێکیش گومان دەکەن خنکێنرابێ.

هاوڕێ عومەر سوڵتان، تەمەن 35 ساڵ، دوای ئەوەی خوێندنی پزیشکی تەواو دەکات و دەبێتە پزیشکی ددان، لە هەمانکاتدا بڕیار دەدات لە ڕێکخراوێکی خێرخوازیدا کاربکات، هاوڕێکانی دەڵێن لەڕووی ئابوورییەوە هیچ کێشەی نەبووە، بۆیە چەند جارێک ئامۆژگارییان کردووە کە خێزان پێکەوە بنێ، بەڵام ئەو هەمیشە دەیگوت هێشتا بیرم لە ژنهێنان نەکردووەتەوە.

### تەلەفۆنی پێش ڕووداوەکە

دایکی هاوڕێ لە ماڵەوە دانیشتووە و پێشوازی لەو کەسانە دەکات کە بۆ پرسەی کوڕەکەی هاتوون. باسی خۆخنکاندنی کوڕەکەی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "بۆ نوێژی بەیانی هەستابووم، بینیم لە مزگەوت گەڕایەوە و چووە ژوورەکەی، دوای کەمێک گوێم لە زەنگی مۆبایلەکەی بوو، هاوڕێ وەڵامی تەلەفۆنەکەی دایەوە و قسەی لەگەڵ کەسێک دەکرد، بەڵام نەمزانی باسی چی دەکەن، دوای چەند خولەکێک دەنگی نەما، وامزانی خەوتووە، بەڵام هەستێکی سەیرم هەبوو، لەخۆوە ترسێک کەوتە دڵمەوە، هەستام و هەنگاوم بەرەو ژوورەکەی نا، چەند جارێک لە دەرگام دا و بانگم کرد وەڵامی نەدامەوە، بۆیە بەهێواشی دەرگاکەم کردەوە، بەڵام بینیم خۆی هەڵواسیوە".

دایکی هاوڕێ ئەگەرچی خۆی یەکەم کەس بووە کە مەرگی کوڕەکەی بینیوە، بەڵام هێشتا بڕوا ناکات کە کوڕەکەی بڕیاری خۆخنکاندنی دابێت، چونکە وەک ئەو دەڵێت "ئەو لە ڕەوشتی بەرز و ئیمانداری زیاتر هیچی دیکەی لە هەگبەدا نەبوو، هیچ کێشەیەکی لەگەڵ کەس نەبوو، بۆیە سەرم سوڕماوە و نازانم هۆکاری مەرگی کوڕەکەم چی بوو، چی وای لە هاوڕێ کرد خۆی بخنکێنێ".

### "هاوڕێکەی زانکۆ نەمابوو"

یەکێک لە هاوڕێ پزیشکەکانی هاوڕێ کە ئەویش پزیشکی ددانە و لە زانکۆ هاوپۆلی بووە، بە (ڕووداو)ی گوت "هەر کەسێک هەوڵی خۆکوشتنی بدایە ڕێی تێدەچوو، بەڵام بۆ ئەو نەخێر، من چەندساڵێکە دەیناسم، بڕواناکەم ڕۆژێک ئازاری هیچ کەسێکی دابێت و کێشەشی لەگەڵ هیچ کەسێک هەبووبێت. هاوڕێ تا بڵێی بەڕەوشت بوو".

ئەو هاوڕێ و هاوپیشەیەی هاوڕێ کە خوێندنی کۆلێژیشیان بەیەکەوە بووە، باس

> تاوەکوو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە ڕوون نییە
>
> گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر

لە سەردەمی خوێندنیان دەکات و دەڵێت "لە سەردەمی خوێندندا کەسێکی کراوە بوو، زۆرجار هۆنراوەی دەنووسی و گۆرانی بۆ دەگوتین، زۆر حەزی لە کاری هونەری بوو، بەڵام دوای کۆلێژ هەڵسوکەوتی گۆڕا، خووی دایە مزگەوت و زۆر پەیوەست بوو بە ئایینەوە، تەنانەت زۆربەی نوێژەکانیشی بە کۆمەڵ دەکرد، من تەنیا هۆکاری خۆخنکاندنی هاوڕێ بۆ زۆر پەیوەستبوون بە ئایین دەگەڕێنمەوە، ئەگینا لە ژیانیدا هیچ گرفتێکی نەبووە و کێشەشی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبوو".

بەڵام سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "هاوڕێ پێشتر هەڕەشەی لێکراوە، ئەوەشی بە براکەی گوتووە، بۆیە گومان دەکەین خنکێندرابێ نەک خۆی خنکاندبێ".

لەبارەی ڕووداوەکەوە، ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی گوت "پاش ئاگادارکردنەوەمان لە ڕووداوێکی خۆکوشتن لە گەڕەکی کرێکارانی شاری هەولێر، لە بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە 2017/10/5، تیمێکی پۆلیس گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، گەنجێکی تەمەن 35 ساڵان کە پزیشکی ددان بوو، لە ژوورەکەی خۆیدا بە پەت خۆی هەڵواسیبوو، دواتر تەرمەکەی گواسترایەوە بۆ پزیشکی داد".

گوتەبێژی پۆلیسی پارێزگای هەولێر دەشڵێت: "تاوەکوو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە ڕوون نییە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەی بۆ کراوەتەوە و وتەی کەسوکارەکەشی وەرگیراوە، ئەوان سکاڵایان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە".

## ژنەکەی خیانەتی لێکردبوو؟

کاتێک دەرگای ماڵەکەی دەکاتەوە، دەبینێ هاوژینەکەی لەگەڵ پیاوێک وەستاوە، کە چاویان پێدەکەوێ، هەردووکیان ڕادەکەن، پیاوەکە بۆ سەربان و ژنەکەش لە ژوورێکدا دەرگا لەسەر خۆی کلۆم دەدات. ئەو ڕووداوە سەرەتا بە ئاسایی لەلای پیاوەکە وەرگیرا، بەڵام نەیتوانی تا سەر قەناعەت بەخۆی بهێنێ کە ژنەکەی خیانەتی لێ ناکات.

ئەو پیاوە ماوەیەک لەمەوبەر سەردانی کردین و دەیگوت هاوژینەکەم خیانەتی لێکردووم، دەمەوێ ئەو و ئەو پیاوەشی لەگەڵیم بینیوە سزای خۆیان وەربگرن. ئێمە لەو جۆرە دۆسیانەدا هەمیشە پێویستمان بە بیستنی تەواوی چیرۆکەکە یان شایەتحاڵ و هەندێکجاریش قسەی ئەو کەسانەش هەیە کە پەیوەندییان بە سکاڵاکەوە هەیە.

ئەو پیاوە گێڕایەوە: "ڕۆژێکیان لە کارکردن دەگەڕامەوە، دەرگای حەوشەم کردەوە، بینیم هاوژینەکەم لەگەڵ پیاوێکی نەناسراو لە حەوشە وەستاون، کە چاویان بە من کەوت یەکسەر هەڵاتن، پیاوەکە چووە سەربان و ژنەکەشم خۆی لە ژوورێک نا و دەرگای لەسەر خۆی داخست. زۆر قسەم لەگەڵی کرد کە ئەو پیاوەی چۆن ناسیوە؟ لە کەیەوە دەیناسێ؟ بەڵام ئەو هەمیشە نکوڵی لەوە دەکرد کە هیچ شتێکی خراپ لەنێوانیاندا هەبووبێ و دەیگوت یەکەمجارە یەکدی ببینین. ڕاستییەکەی منیش لەبەر خاتری منداڵەکانم، هەروەها لەبەر ئەوەی هاوژینەکەمم زۆر خۆشدەویست، بڕیارم دا لێی خۆشببم. ئەویش بەڵێنی پێدام کە هەڵەی وا دووبارە ناکاتەوە، هەروەها بەڵێنی دا پاسوۆردی فەیسبووک و مۆبایلەکەم بداتێ و چاودێریی فەیسبووکەکەی بکەم، ئیدی پەیوەندی نێوانمان ئاسایی بووەوە".

ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکەدا تێدەپەڕێ، بەڵام پیاوەکە تووشی ڕاڕایی و دوودڵی دەبێ بەرامبەر هاوژینەکەی. وەک خۆی گێڕایەوە "بەردەوام دڵم توند دەبێ، چەندین بیرۆکە بە خەیاڵمدا دێ و بەردەوام لە خۆم دەپرسم باشە ژنەت خیانەتی لێکردووی چۆن لێی خۆش دەبی؟ تۆ بڵێی ئێستاش خیانەتم لێنەکات؟".

زۆر ئامۆژگاری پیاوەکە کرا کە واز لەو وەسوەسەیە بهێنێ، مادام ژنەکەی بەڵێنی داوە ئەو هەڵەیە دووبارە ناکاتەوە، بەڵام پیاوەکە سووربوو لەسەر ئەوەی سکاڵا لەسەر هاوژینەکەی و پیاوەکە تۆمار بکات و دەیگوت دەبێ هەردووکیان سزا بدرێن.

دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگا کرا و بەپێی مادە 378 مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی کرا، بەڵام دادوەر دۆسیەکەی ڕەتکردەوە، چونکە جگە لەوەی ماوەی یاسایی بەسەر ڕووداوەکەدا تێپەڕیبوو کە سێ مانگ بوو، لە هەمانکاتدا ئەو پێشتر لە ژنەکەی خۆشبووە، بۆیە لەو حاڵەتەدا سکاڵاکەی ڕەتدەکرێتەوە.

لە مادە 378دا هاتووە "ناکرێ داوای زیناکردن بجوڵێندرێ دژ بە یەکێک لە ژن و مێردەکە یان هەر ڕێکارێک تەنیا لەسەر سکاڵای هاوژینەکەی نەبێ". بەڵام ماددەکە دەڵێت لە چەند حاڵەتێکدا سکاڵاکە ڕەتدەکرێتەوە، لەوانەش "ئەگەر سێ مانگ بەسەر تاوانەکەدا تێپەڕێ ئینجا سکاڵا تۆمار کرا، یان ئەگەر سکاڵاکار بەردەوام بوو لەسەر ژیانی هاوسەرگیری، سەرباری پێزانینی بە تاوانەکە".

ئەگەر سەیری ئەو دۆسیە بکەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە، ئەو پیاوە جگە لەوەی هۆشیاریی یاسایی نییە، کەوتووەتە ژێر کاریگەری دابونەریت و کولتوور، کولتوورێک کە بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە کەمتر لێبوردەیە. ئێستا پیاوەکە دوو ڕێگای لەبەردەمە: ئەویش ئەوەیە قەناعەت بە خۆی بهێنێ کە مرۆڤ قابیلی ئەوەیە هەڵە بکات و هەڵەکەی ڕاست بکاتەوە، یان جیابوونەوە لە هاوژینەکەی کە ئەمەش گرفتی گەورەی کۆمەڵایەتی بەدوادا دێ کە ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئایندەی منداڵەکانی هەبێ، جگە لەوەش دەبێ مافەکانی هاوژینەکەی بدات، لەوانەش هەقە مارەیی و نەفەقەی منداڵەکانی.



# لەناو خانووە تەواونەکراوەکەیدا خۆی خنکاند

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

کەسوکارەکەی سەریان سوڕماوە لەوەی بەسەر کوڕەکەیان هات، هەموویان دەڵێن کەسێکی بە ڕەوشت بوو، کاسبکار و بێ کێشە بوو لە هیچی کەم نەبوو، بۆیە نازانن سەفین بۆچی خۆی خنکاند.

سەفین تەحسین، تەمەن 31 ساڵان، باوکی سێ منداڵ بوو، ڕۆژی 2017/10/11 لە گوندی عاڵڵای سەر بە ناحیەی دیبەگەی شاری هەولێر لە نێو خانووە تەواونەکراوەکەیدا بە پەتێک خۆی هەڵواسی و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

### دوا پەیامی سەفین

سەفین پێش ئەوەی خۆی بخنکێنێ تەلەفۆنی بۆ براکەی کردووە و خوداحافیزی لێکردووە و پێیگوتووە "ئەوە من خۆم دەکوژم، تکایە ئاگاتان لە ماڵ و منداڵەکەم بێ". بەڵام بەهۆی ئەوەی سەفین لێیان دوور بووە و لە گوندەکەی خۆیان بووە، تاوەکوو لە شارەوە گەیشتوونەتە ئەوێ کار لەکار ترازاوە.

(د.ع) دایکی سەفین، لەناو پرسەی کوڕە جوانەمەرگەکەیدا، بە گریانەوە دەیگوت: "کوڕەکەم هیچ کێشەیەکی نەبوو، کاسبکاری ماڵ و منداڵی خۆی بوو، کوڕێکی بەدین و بەڕەوشت بوو، سەرم سوڕماوە و نازانم بۆ وای لە خۆی کرد، شەیتان پێی کرد".

> سەرم سوڕماوە و نازانم بۆ وای لە خۆی کرد، شەیتان پێی کرد
>
> دایکی سەفین

(س.س) هاوژینی سەفین کە نزیکترین کەسی بووە ئاگاداری ژیانی بووبێ، هیچ شتێک لەبارەی خۆخنکاندنی مێردەکەی نازانێ. (س) هەشت ساڵە شووی بە سەفین کردووە و خاوەنی دوو کچ و کوڕێکن، ئەویش بەهەمانشێوەی خەسووی بڕوا بە مەرگی هاوژینەکەی ناکات، ئەو دەڵێت "لەگەڵ سەفین هیچ کێشەمان نەبوو، نەمزانیوە ئەویش لە دەرەوە کێشەی هەبووبێ، تازە خانووێکمان لە گوندی عاڵڵا دروستکردبوو کە هەفتانە بۆ پشوودان دەچووینە ئەوێ، هێشتا خانووەکە تەواو نەبووە، پاشنیوەڕۆی ئەو ڕۆژە سەفین بۆ پشوودان و ئاودانی دار و درەخت ڕۆیشت، بەڵام نەگەڕایەوە".

هاوژینی سەفین پێیوایە ڕووداوەکە قەزا و قەدەر بووە.

هەرچەندە کەسوکارەکەی دەڵێن سەفین هیچ کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەبووە، بەڵام کەسێکی بنەماڵەکەی دەڵێت قەرزدار بووە، بۆیە خۆی خنکاندووە.

ئەو کەسەی بنەماڵەکەی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت: "سەفین ترێلەی پێبوو، لە نێوان بەغدا و شارەکانی دیکە هاتوچۆی دەکرد، بەپێی زانیاری من قەرزار بووە، ئەمەش هۆکاری خۆخنکاندنی بووە، بەڵام نازانم هۆکاری پارە قەرزکردنەکەی چی بووە، چۆن ئەو پارەیەی دۆڕاندووە و لە چیدا خەرجی کردووە".

بەڵام هێرش تەحسین، برای سەفین، هەموو ئەو قسانەی ڕەتکردەوە کە براکەی لەسەر قەرز یان قومارکردن خۆی خنکاندبێت، ئەو گوتی "هەتا کاژێر سێی دوای نیوەڕۆ

> ئەوە من خۆم دەکوژم، تکایە ئاگاتان لە ماڵ و منداڵەکەم بێ
>
> سەفین

پەیوەندیمان هەبوو، قسەی خۆش و سوعبەتی لەگەڵ دەکردم، بەڵام نازانم بۆ وایکرد، نە کێشەی کۆمەڵایەتی هەبوو، نە قەرزداری هیچ کەسێک بوو، پێموایە تەنیا شەیتان ئەم هەڵەیەی پێکرد و ئەم کارەساتەی لێقەوما".

هەر دوای ڕووداوەکە تیمەکانی پۆلیس گەیشتنە گوندی عاڵڵا و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، بەڵام تاوەکوو ئێستا هۆکاری ڕووداوەکە بۆ پۆلیسیش ڕوون نییە.

لەبارەی ڕووداوەکەوە، مقەدەمی پۆلیس، ئەیوب جەوهەر، لێپرسراوی بنکەی پۆلیسی دیبەگە بە (ڕووداو)ی گوت "کاژێر حەوتی ئێوارەی ڕۆژی 2017/10/11 ئاگادارکراینەوە کە پیاوێک بەناوی سەفین تەحسین لە گوندی عاڵڵای سەر بە ناحیەی دیبەگە خۆی خنکاندووە، پۆلیس دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە و دۆسیەی بۆ ڕووداوەکە کردەوە، تەرمی ناوبراویش ڕەوانەی پزیشکی دادی هەولێر کراوە و لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

20 ڕۆژ لە زیندانی تاکەکەسیدا بوون

# ڕۆمانیا 500 کۆچبەری کورد حوکم دەدات

سەرباز سیامەند
رووداو- هەولێر

ماوەی مانگێکە 500 کۆچبەری کورد لەلایەن پۆلیسی ڕۆمانیاوە دەستگیرکراون و خراونەتە زیندانەوە، کۆچبەرەکان لەلایەن دادگاکانی ئەو وڵاتەوە بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور دادگایی کراون و هەر یەکەیان بە پێنج مانگ بەندکردن حوکم دراون.

سۆزان حەمەڕەشید کە یەکێکە لەو کۆچبەرە بەندکراوانە، لە زیندانی هۆریای شاری ئارادنی ڕۆمانیاوە بە تەلەفۆن قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "مانگێک لەمەوبەر ئێمە نزیکەی 500 کۆچبەری کورد بووین، لە نێو پاسەکانی ڕۆمانیادا دەستبەسەرکراین و بۆ زیندانی هۆریای شاری ئارادنی ڕۆمانیا گواستراینەوە. لە دۆخێکی خراپدا دەژین، 20 ڕۆژ لە زیندانی تاکەکەسی بووین، ئێستاش دادگا سزای پێنج مانگ بەندکردنی بۆ دەرکردووین، داوا لە ڕێکخراوە مرۆییەکان دەکەم بە هانامانەوە بێن".

بەگوتەی سۆزان، زۆربەی ئەو کۆچبەرانە خەڵکی ڕانیە، قەڵادزێ، کەلار، سلێمانین و چەند کۆچبەرێکی شاری هەولێریشی تێدان، هەروەها لە نێو گیراوەکاندا منداڵی تەمەن یەک ساڵانەش هەن.

سۆزان باسی مامەڵەی بەرپرس و چاودێرەکانی زیندانەکەی کرد و گوتی "مامەڵەیان زۆر خراپە، جلوبەرگ و خۆراکی پێویستمان نادەنێ، تەنیا پەتاتەی کوڵاومان دەدەنێ".

هاوژین کە خوشکی یەکێک لەو کۆچبەرە گیراوانەیە، دەڵێت خوشکەکەی لەگەڵ سێ لە منداڵەکانی و باوکیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕۆمانیاوە دەستگیرکراون، دۆخیان تا بڵێی خراپە، هەرچەندە پارێزەریان بۆ گرتوون، بەڵام پارێزەرەکەیان نەیتوانیوە ئازادیان بکات. گوتیشی "کۆچبەرەکان ڕۆژانە تەنیا 4 کاژێر دێنە گۆڕەپانی زیندانەکە، 20 کاژێر لە ژوورەوەن".

ئەو کۆچبەرانەی دەریای ڕەش دەبڕن و دەگەنە ڕۆمانیا، یان لەلایەن هێزی دەریاوانی ڕۆمانیاوە دەستگیر دەکرێن، دەڵێن مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ کۆچبەران زۆر توندە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا کۆچبەرێکی کورد لە ڕووداوێکی گوماناویدا لە کەناراوەکانی دەریای ڕەش مرد، حکومەتی ڕۆمانیا دۆسیەی بۆ ئەو ڕووداوە کردووەتەوە و لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو هێزە دەکات کە لە شوێنی ڕووداوەکە بوون. تاوەکو ئێستا ڕوون نەبووەتەوە ئەو کۆچبەرە خۆی خنکاندووە، یان لە ترسی پۆلیسی ڕۆمانیا خۆی خستووەتە نێو ئاو و خنکاوە.

ئاری جەلال، سەرپەرشتیاری لقی کوردستانی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراق، بە (رووداو)ی گوت "نزیکەی دوو مانگە بە دەیان

> لە زیندان تەنیا پەتاتەی کوڵاومان دەدەنێ
>
> کۆچبەرێکی کورد

پەنابەری کورد کە لە تورکیاوە و لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە دەیانویست خۆیان بگەیەنە ئەورووپا، لە لایەن هێزی دەریاوانیی ڕۆمانیاوە لە دەریای ڕەش و سنوورەکانی ڕۆمانیا دەستگیرکراون. ئەوان لەلایەن دەسەڵاتدارانی ڕۆمانیاوە ناچار کراون واژۆی گەڕانەوە بکەن کە ڕێگای گەڕانەوەشیان نییە. یان دەڵێن دەبێت لێرە داوای مافی پەنابەری بکەن، بەڵام وەڵامیشیان نادەنەوە".


کۆچبەرەکان ڕۆژانە تەنیا 4 کاژێر دێنە گۆڕەپانی زیندانەکە، 20 کاژێر لە ژوورەوەن

ئاری جەلال گوتیشی: "بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی دەگەنە دەستمان، هێزەکانی پۆلیس بە بەرچاوی هاوژین و منداڵەکانیانەوە، ئافرەتەکانیان ئەشکەنجە داوە. مامەڵەی هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ پەنابەرەکان زۆر خراپە و تەنانەت بەپێی یاسا و ڕێساکانی مافی پەنابەرانیش مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە".

لەبارەی هەوڵی فیدراسیۆنەکەیان، ئاری جەلال گوتی "لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە ڕۆمانیا قسەمان کردووە، بەڵام بەهۆی پرسەی مام جەلال و ئامادەنەبوونی لە شوێنی کارەکەی، نەتوانراوە کاری پێویست بکرێت."

کۆچبەرانی کورد لە بولگاریاوە چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە

# "لێرە پۆلیس وەکو ئاژەڵ مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن"

زامدار ئەحمەد
رووداو- بەندیخانەی لۆبۆمێز، بولگاریا

محەممەد ئەحمەد، تەمەن 22 ساڵ، لە تورکیا لەگەڵ قاچاخچییەک ڕێککەوتبوو کە بیگەیەنێتە سەر سنووری بولگاریا، لەگەڵ چەند کۆچبەرێکی دیکە چاوەڕێی ئۆتۆمبێلێکیان کردووە کە بە قاچاخ بیانگەیەنێتە سۆفیای پایتەخت، بەڵام پۆلیس دەستگیریان دەکات و دەیانخاتە زیندانەوە.

ئێستا ئەوە چوار مانگە لە گرتووخانەی لۆبۆمێزە، ڕۆژەکان دەژمێرێ تاوەکو ساڵێکی حوکمەکەی لە زیندان تەواو ببێ. ئەو گێڕایەوە کە هەر لەسەر سنوور، پۆلیس دەستی کردووە بە لێدان و ئەشکەنجەدانی. محەممەد گوتی "بە داری پۆلیس لە دەست و لاقیان دەداین، دوو شەقی زۆر بەهێزیان لە کڵاوەی ئەژنۆم دا، بۆ ئەوەی لە پەلوپۆم بخەن و نەتوانم بڕۆم".

محەممەد، بە ئاواتی گەیشتن بە ئینگلتەرا، کوردستانی بەجێهێشتووە و ڕێی هات و نەهاتی ئەورووپای هەڵبژاردووە. ئەو گوتی "دوای ئەوەی زۆریان لێداین، دەستیانکرد بە گەڕان و پشکنین، مۆبایلەکانیان لێسەندین. هەرچی پارەمان لابوو بردیان، 200 یۆرۆم لە گیرفاندابوو، 200یشم لەنێو پێڵاوەکانم شاردبووەوە، بە زەبری چەک لێیان سەندم، سەیری جانتاکانیان دەکردین، هەر شتێکی بەنرخی تێدابووایە دەیانبرد".


پۆلیسی بولگاریا پارە و مۆبایل و شتە گرانبەهاکانی کۆچبەران دەبات

بەشێکی زۆر لەو کۆچبەرانەی بە دەریای ڕەشدا لە تورکیاوە دەپەڕنەوە بۆ کەناراوەکانی بولگاریا و ڕۆمانیا، لەلایەن پۆلیسی ئەو دوو وڵاتەوە بە تۆمەتی بەزاندنی سنوور دەستگیر دەکرێن و دواتر دادگایی دەکرێن، ئەو کۆچبەرانە دەڵێن پۆلیس ئەشکەنجەیان دەدات و لە زیندانیش ڕەوشیان زۆر خراپە.

کۆسرەت عوسمان، ماوەی ساڵ و نیوێکە لە بولگاریایە و زۆربەی کاتەکانی لە زیندانەکانی ئەو وڵاتە بەسەربردووە، ئەو بە (رووداو)ی گوت "دوای گەیشتنم بە بولگاریا، لەگەڵ هاوڕێیەکم بڕیارماندا بچینە سربیا. بە GPS و نەخشەی مۆبایل تا نزیک سنووری سربیا بە تەکسی ڕۆیشتین. بەڵام لەوێ کەوتینە بۆسەی پۆلیسەوە. زۆریان ئەشکەنجەداین، لە هەموو شوێنێکی جەستەیان دەداین، من سەرم تەقی و ئەو هاوڕێیەی لەگەڵم بوو، باڵی شکا، بەڕاستی لەوێ دۆزەخی سەر زەویمان دیت و بۆمان دەرکەوت کە ئەورووپا ئەو بەهەشتەی ناو خەونەکانمان نەبوو".

هەرێم کەریم، خەڵکی دەڤەری پشدەرە و لەلایەن پۆلیسی بولگاریاوە بەتاوانی بڕینی سنوور بە نایاسایی دەستگیرکراوە و ماوەی دوو مانگە لە زیندانە. باسی خراپیی مامەڵەی پۆلیس دەکات و دەڵێت: "پۆلیسی بولگاریا، ئاژەڵئاسا لەگەڵ کۆچبەران مامەڵە دەکەن، هەمووان لە زیندان نارازین لە مامەڵەکردنی پۆلیس، بەڵام ناتوانین ناڕەزایەتی دەربڕین. لە زیندان دۆخمان خراپە و ڕەوشی دەروونیشمان باش نییە، بێڕێزیی پۆلیسەکان، هێندەی دیکە ئێمەی پەست و ناڕەحەت کردووە".

ئەو گەنجە تەمەن 21 ساڵە باسی هەڵسوکەوتی پۆلیسەکانی زیندانی کرد و گوتی "کاتێک لەلایەن ژووری ئینتەرڤیو بانگمان دەکەن، پۆلیسی پاسەوانی ژوورەکان بەرەو ژووری ئینتەرڤیو بەڕێمان دەکەن، لەڕێگەدا قاچ دەخەنە بەر قاچمان بۆ ئەوەی بەربینەوە، یان لەدواوە لە سەر و ملمان دەدەن و سووکایەتیمان پێدەکەن".

هەرێم باسی ڕەوشی یەکێک لە هاوڕێکانی دەکات کە لە زیندان نەخۆش بووە و دەڵێت: "شەوێکیان یەکێ لە هاوڕێکانم تووشی لەرز و تا هات، دۆخی زۆر خراپ بوو، ئێمەش پۆلیسمان ئاگادار کردەوە بۆ ئەوەی ڕێگەمان بدەن بچینە لای پزیشک، بەڵام بەهیچ جۆرێک دەرفەتیان نەدا سەردانی پزیشک بکەین. کاتێک ڕۆژ بووەوە ئەو پۆلیسە شەقێکی لە ئەژنۆی نەخۆشەکە دا، بۆ ماوەی یەک هەفتە نەیتدەوانی بڕوات".

# لە باشوور ئیقامە وەردەگرن، لە باکوور کاردەکەن

شوان سدیق
رووداو – کۆسێنزا

ڕەحمان عارف، حەوت ساڵ لە نەرویج بوو، بەڵام نەیتوانی مافی پەنابەری وەربگرێ و دواتر ڕووی لە ئیتاڵیا کرد. ڕەحمان دوای ئەوەی مافی پەنابەری لە ئیتاڵیا وەرگرت، جارێکی دیکە گەڕایەوە نەرویج لە باکووری ئەورووپا. نەبوونی مافی پەنابەری و گەڕان بەدوای بژێویی ژیاندا وای لە بەشێک لە کۆچبەرانی کورد کردووە لە نێوان وڵاتانی ئەورووپادا جانتاکانیان بەکۆڵەوەبێت و باکوور و باشووری ئەو کیشوەرە بکەن. بەشێکیان بۆ مافی پەنابەری ڕوو لە باشوور دەکەن و پاشان بۆ کارکردن باکوور و ناوەڕاستی ئەورووپا هەڵدەبژێرنەوە.

ڕەحمان کە کۆچبەرێکی کوردە، دەڵێت "کاتێک گەیشتمە نەرویج، حەزم دەکرد زوو مافی پەنابەری وەربگرم و دەست بە ژیانێکی نوێ بکەم، بەڵام بەداخەوە دوای حەوت ساڵ چاوەڕوانی مافی پەنابەرییان نەدامێ، بۆیە بە ناچاری ئەوێم جێهێشت و بۆ بەدەستهێنانی مافی مانەوە ڕووم لە ئیتاڵیا کرد".

ڕەحمان ئێستا تەمەنی 35 ساڵە، دوای ئەوەی لە ئیتاڵیا چانسی ئەوەی هەبوو مافی پەنابەری وەربگرێ، گەڕایەوە باکووری ئەورووپا. ئەو دەڵێت "نزیکەی دوو ساڵ لە ئیتاڵیا مامەوە، مافی پەنابەرییان پێدام، بەڵام گەڕامەوە باکووری ئەورووپا، چونکە لە ئیتاڵیا وەک پێویست هاوکاریی پەنابەران ناکەن و بە زەحمەت کارت دەستدەکەوێ".

لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر لە وڵاتانی ئەورووپا بەهۆی لێشاوی کۆچبەرانەوە پێدانی مافی پەنابەرییان بە کۆچبەران سنووردار کردووە. بۆیە کۆچبەران ناچار بوونە چەند وڵاتێکی وەکو ئیتاڵیا و فەرەنسا هەڵبژێرن لەپێناوی وەرگرتنی مافی مانەوە.

وڵاتێکی وەک ئیتاڵیا کە هاوسێی فەرەنسایە و کەوتووەتە باشووری کیشوەری ئەورووپا، یەکێکە لەو وڵاتانەی تاوەکو ساڵی ڕابردووش بەبێ وەرگرتنی پەنجەمۆری وڵاتانی دیکەی ئەورووپا مافی پەنابەری بە کۆچبەران دەدا، بەتایبەتی کۆچبەرانی عێراقی، هەر بۆیە کۆچبەرانی کوردیش ئەوەیان بەدەرفەت زانی تا مافی مانەوەی وڵاتێکی ئەورووپی مسۆگەر بکەن، کەسێکیش مافی پەنابەری لە وڵاتێکی ئەورووپی ناوچەی شینگن هەبێت، دەتوانێت لە وڵاتانی ئەو ناوچەیە نیشتەجێ ببێ.

ڕێکان ئەمین، گەنجێکی کوردی شاری سلێمانییە، پاش ئەوەی مافی پەنابەری لە ئیتاڵیا وەرگرت، بۆ دابینکردنی بژێوی بەنیازە بڕواتە سوید، چونکە بەوتەی خۆی ژیان لە ئیتاڵیا قورسە و وەکو پێویستیش هاوکاریی کۆچبەران ناکرێ. ڕێکان بە (رووداو)ی گوت "هەڵبژاردنی وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا بۆ من ڕێگایەکی ناچاریە، چونکە لە ئیتاڵیا ژیاوم و هەوڵی زۆریشم دا زمانەکەیان فێربم، بەڵام لەم وڵاتە کارکردن قورسەو ناتوانم بەشی بژێوی ڕۆژانەم دابین بکەم، حکومەتیش هاوکاریم ناکات، بۆیە ناچارم بڕۆم".

ژمارەی دانیشتووانی ئیتاڵیا نزیکەی 62 ملیۆن کەسە، ئێستا ئەو وڵاتە بەرەوڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە، هەر ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەمترین خزمەتگوزاری پێشکەشی کۆچبەران بکات. جگە لەوەش کەمیی هەلی کار لەو وڵاتە، وای کردووە کۆچبەر زۆر تێیدا نەمێننەوە و دوای وەرگرتنی مافی پەنابەری، ڕوو لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بکەن.

پەیمانگای "ئیستات"ی نیشتمانی ئیتاڵی ڕایگەیاندووە، ژمارەی کەسانی هەژار لەو وڵاتە گەیشتووەتە چوار ملیۆن و 500 هەزار کەس کە دەکاتە نزیکەی (7.6%)ی دانیشتووانەکەی.

شارەزایان بەشێک لەو قەیرانە داراییەی بەرەوڕووی ئیتاڵیا بووەتەوە بۆ کۆچبەرانی دەگەڕێننەوە. بەپێی ئامارەکان ساڵی ڕابردوو 181 هەزار و 405 کۆچبەر ناوی خۆیان لە دەزگای کۆچی ئەو وڵاتە تۆمار کردووە، ساڵی 2015ش 153 هەزار کۆچبەر ناوی خۆیان تۆمار کردبوو.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ، تاوەکوو نیوەی ئەمساڵ 16 هەزار و 775 کۆچبەر لە دەریای ناوەڕاستەوە ڕوویان لەئەورووپا کردووە، لەو ژمارەیەش 13 هەزار و 457 کۆچبەر گەیشتوونەتە خاکی ئیتاڵیا.

بەهۆی زۆریی کۆچبەرانەوە، کاربەدەستانی ڕۆما وەک پێویست ناتوانن داخوازیی کۆچبەران دابین بکەن، ئەمەش زۆرجار ناڕەزایی کۆچبەرانی بەدواوەدێت، وەک ئەوەی لە ڕۆژی 24ی ئابی ڕابردوو ڕوویدا، کاتێک 400 کۆچبەر، باڵەخانەیەکیان لە ڕۆمای پایتەخت داگیر کرد و بەو هۆیەوە توندوتیژی لە نێوان کۆچبەران و هێزەکانی پۆلیس ڕوویدا.

ئارینا ڕیگەی کە چالاکڤانێکی ئیتاڵییە، قەیرانی دارایی وڵاتەکەیان بەهۆکارێک دەزانێت بۆ ئەوەی پەنابەران دووبارە کۆچ بکەنەوە بۆ وڵاتانی دیکە، چونکە حکومەتەکەیان ناتوانێ دەرفەتی کار و بژێویی باش بۆ خەڵک دابین بکات. ئارینا دەڵێت "لە وڵاتەکەمان قەیرانی دارایی هەیە، هاتنی ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانیش باری سەر شانی حکومەتی هێندەی دیکە قورس کردووە. بەداخەوە حکومەت بەهۆی قەیرانی داراییەوە ناتوانێ خزمەتێکی باشی کۆچبەران بکات، هەر ئەمەش وای کردووە کە کۆچبەران دوای وەرگرتنی مافی مانەوە لە ئیتاڵیا، ڕوو لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپا بکەن".


ساڵی ڕابردوو 181 هەزار کۆچبەر ناوی خۆیان لە دەزگای کۆچی ئیتاڵیا تۆمار کردووە

# دڵەڕاوکێ و شڵەژانی دەروونی هەڕەشە لە تەندروستیی خەڵک دەکات



(خەمۆکی) و (دڵەڕاوکێ) ساڵانە بە بەهای ملیارێک دۆلار زیان لە ئابووریی جیهان دەدەن

**سەروەر سالار**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەو قەیرانەدا کە بەپێی داتاکانی دەستەی ئامار 200 هەزار کەسی بێکار کردووە، سەلام ئەنوەر لە کەرتی تایبەت کاری هەیە، بەڵام ترسی هەیە، ئێوارەیەک خاوەن کارەکەی پێی بڵێت بەیانی مەیەوە بۆ سەر کار، بۆیە سەلامی تەمەن 37 ساڵ هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژی و باری دەروونیی جێگیر نییە.

سەلام کە خاوەنی خێزانێکی چوار کەسییە، لە دڵەڕاوکێی پەیوەست بە لەدەستدانی کاردا بە تەنیا نییە، بەڵکوو گرفتەکانی فەرمانبەران و کرێکاران لە شوێنی کار، هێندە بابەتێکی جێی سەرنجە کە ئەمساڵ ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ڕۆژی جیهانیی دەروونددروستی تایبەت کردووە بۆ ئەو بابەتە.

توێژینەوە زانستییەکان دەڵێن هەردووک گرفتی (خەمۆکی) و (دڵەڕاوکێ) هێندە گرفتێکی گەورەن، ساڵانە بە بەهای ملیارێک دۆلار زیان لە ئابووریی جیهان دەدەن، چونکە ئەو کەسانەی تووشی ئەو گرفتانە دەبن، کارایی و بەرهەمدارییان لە پیشەکانیاندا کەم دەبێتەوە.

## فەرمانبەر و کرێکاران ئاسوودە نین

سەندیکایەکی کرێکاری لە کوردستان دەڵێ فاکتەر زۆرن بۆ ئەوەی کرێکار و فەرمانبەری کوردستان دەروونێکی نائارامیان هەبێ.

عوسمان زیندانی، نەقیبی سەندیکای کرێکارانی بیناسازی لە هەرێمی کوردستان، بە (ڕووداو)ی گوت "لەلایەکەوە مووچە و داهاتی فەرمانبەر و کرێکار بەشی پێداویستییە زۆرەکانی ژیانی ئەمڕۆ ناکات، لەلایەکی دیکەوە هەلومەرجەکە وەهایە کە ئایندە ڕوون نییە و کرێکار بە ئومێدەوە بۆی ناڕوانێ، جگە لەوانەش بەرپرس و خاوەنکارەکان مامەڵەی شیاو لەگەڵ کرێکار و فەرمانبەر ناکەن، هەموو ئەوانەش دەروونی کرێکار و فەرمانبەر دەشێوێنن".

زیندانی هۆشداری دەدات لە کەڵەکەبوونی ئەو هەموو نائاسوودەیی و نائارامییە دەروونییە "هێزێکی نەرێنی زۆر دروستدەکات و هەر ئەوەشە وادەکات ناڕەزایی دەربڕینەکانیان توندوتیژانە بێت".

پزیشکێکی دەروونی نایشارێتەوە ژمارەیەکی دیاری نەخۆشەکانی ئەوان، ئەوانەن کە لەسەر کارەکانیان تووشی ناسازیی دەروونی دەبن.

د.زامدار حەمەڕەسوڵ، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان، بە (ڕووداو)ی گوت "بەشێکیان بەهۆی ئەوەیە ئیشەکەیان لەگەڵ سرووشتی ئەوان ناگونجێ، بەشێکی دیکەش لەژێر گوشار و قورساییەکی زۆری کاردان کە ئەستەمە بتوانن بەرگەی بگرن و بەشێکی دیکەش بەهۆی خراپیی پەیوەندی نێوان فەرمانبەرانە لەگەڵ یەکدی، یان فەرمانبەر لەگەڵ بەڕێوەبەر و بەرپرسەکانیان".

دکتۆر زامدار دەڵێ خەمۆکی، دڵەڕاوکێ و تۆقین (فۆبیا) سێ گرفتە هەرە گەورەکەی کرێکاران و فەرمانبەرانن "بۆ نموونە فەرمانبەرانی ژمێریاری و بانک و ئامار زۆرتر تووشی دڵەڕاوکێ دەبن، چونکە بچوکترین هەڵەی ئەوان دەبێتە گرفتێکی گەورە بۆیان، هەرچی پێشمەرگە و جەنگاوەرانن، ئەگەری زۆرترە تووشی زەبری دەروونیی پاش کارەسات ببن، بەهۆی ئەو ئەزموونە سەختانەی پێیدا تێپەڕ دەبن، فۆبیاش ئەگەری هەیە لەناو تیمی ئاگرکوژێنەوەکان ڕوو‌بدات بەهۆی سووتانی هاوپیشەکانیان لەکاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگرکەوتنەوەدا".

پزیشکە پسپۆڕەکە بە پێویستی دەزانێ ساڵانە هەڵسەنگاندنی دەروونی بۆ فەرمانبەر و کرێکار بکرێ و هەنگاوی پێویست بنرێ بۆ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی دەروونی لەنێو کرێکاران. جگە لەوەش پشووی پێویستی بۆ دابین بکرێ و هان بدرێ پشووەکانی بەکاربهێنێ بۆ دوورکەوتنەوە لە ڕۆتین. د.زامدار دەڵێت "لە وڵاتانی پێشکەوتوو لەسەر فەرمانبەر و کرێکار پێویستە مۆڵەت و پشووەکانی خۆی وەربگرێ و ناهێڵن فەرامۆشیان بکات، چونکە پشوو تواناکانی مرۆڤ نوێ دەکاتەوە و پەرەیان پێدەدات".

## سەلامەتیی جەستەیی بەسە؟

پزیشکێکی پسپۆڕ دەڵێ فەرمانگە و کۆمپانیاکان لە کوردستان کە باسی سەلامەتیی کرێکار و فەرمانبەر دەکەن، تەنیا "ئاگرکوژێنەوە و ڕێڕەوی هەڵاتنی ئیمێرجنسی"یان بیردەکەوێتەوە و گرنگی بە لایەنی دەروونیی فەرمانبەرانیان نادەن.

د.عەبدولفەتاح هەورامی کە دکتۆرای لە پزیشکیی کۆمەڵ هەیە، دەڵێت "ڕێزنەگرتنی فەرمانبەر، ڕەچاونەکردنی بارودۆخی تایبەتییان و خراپیی پەیوەندی نێوان هاوپیشەکان، لە گرفتە بڵاوەکانی نێو فەرمانگە و کۆمپانیاکانن کە دەبێ چارە بکرێن".

مامۆستاکەی زانکۆی سلێمانی هۆشداری دەدات کە پشتگوێخستنی باری دەروونیی فەرمانبەر و کرێکاران، لەگەڵ چەندین نەخۆشیی درێژخایەن و کورتخایەنی جەستەیی بەرەوڕوویان دەکاتەوە.

دکتۆر عەبدولفەتاح ساڵی 2013 پاش ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی، بۆی دەرکەوتووە تەنیا 2%ی کۆمپانیا و شوێنکارەکانی کەرتی تایبەت سیاسەتی دیاریکراوی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتییان هەیە "ویستمان توێژینەوەکەمان دامەزراوەکانی کەرتی گشتیش بگرێتەوە، کەچی پارێزگای سلێمانی ڕێگەی نەدایین داتای فەرمانبەرانی حکومی وەربگرین".

> **پشتگوێخستنی باری دەروونی بەرەوڕووی چەندین نەخۆشیی درێژخایەن و کورتخایەنی جەستەییت دەکاتەوە**
>
> پزیشکێک

پزیشکە پسپۆڕەکەی تەندروستیی کۆمەڵ بەپێویستی دەزانێ هەر فەرمانگەیەک و کارگە و کۆمپانیایەک، سیاسەتێکی تایبەتی پاراستنی تەندروستی و سەلامەتیی تێدا بێ و دەرچەیەک هەبێ کە لێیەوە فەرمانبەر و کرێکارەکان بتوانن ناسازییە دەروونییەکانیانی لێوە بگەیێنن.

### هۆکارەکانی ناسازیی دەروونی لای فەرمانبەران و کرێکاران:

1 - نەبوونی سیاسەتێکی دیاریکراوی تەندروستی و سەلامەتیی فەرمانبەر و کرێکار
2 - لاوازیی پەیوەندیی نێوان کرێکار و فەرمانبەر لەگەڵ بەڕێوەبەر و کارگێڕی
3 - فەرمانبەر بەشداریی کارای نەبێ لە بڕیاردانی کۆمپانیا و فەرمانگەکە.
4 - فەرمانبەر کۆنترۆڵی کەمی بەسەر ژینگەی کارەکەیدا هەبێ
5 - نەبوونی پشتیوانیی پێویستی فەرمانگە بۆ فەرمانبەرەکانی لەکاتی تەنگوچەڵەمەدا.
6 - کاژێرەکانی کار وەک پێویست چەسپاو و دیاریکراو نەبن.
7 - ئەرکی فەرمانبەر بە دروستی دیار نەبێ.
8 - پاداشت و داهاتەکە هاوتای تواناکانی کەسەکە نەبن
9 - تانەدان لە فەرمانبەر لەلایەن کارگێڕ یان هاوپیشەکانیەوە

### چارەسەر

1 - پەرەپێدانی لایەنە ئەرێنییەکانی کارەکە و گەشەدان بە تواناکانی فەرمانبەر
2 - چارەسەرکردنی گرفتە دەروونییەکان جا هۆکارەکیان هەرچی بن
3 - بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی دەروونی و هزری
4 - تێگەیشتن لە پێداویستییەکانی فەرمانبەر
5 - بەشدارکردنی فەرمانبەران لە دروستکردنی بڕیاری پەیوەست بە ئیشەکە
6 - بوونی پرۆگرامی پەرەپێدانی کار و پیشە
7 - هەستکردن بە ڕۆڵی فەرمانبەرە چالاکەکان و پاداشتکردنیان

## تەندروستی جیهانیی چی دەڵێ؟

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دەڵێ ڕاستە کارکردن کردەیەکی تەندروستانەیە بۆ پاراستنی دەروونددروستی، بەڵام ئەگەر کارەکە لە ژینگەیەکی دەروونیی نادروستدا بێ، ئەوە چەندین لێکەوتەی جەستەیی و دەروونی دەبێ.

# وەرزش ئەگەری گەڕانەوەی شێرپەنجە کەمدەکاتەوە

دادەنرێ بۆ پاراستنی بارستایی و قەبارەی ماسولکەکان و سووتانی چەورییە زیادەکانی لەش و ڕێکخستنی کێشی جەستە، بە تایبەت لەوانەی قۆناغی گەنجی بەجێدێڵن.

**ڕووداو- MENA**

پسپۆڕانی بواری شێرپەنجە هەواڵی خۆشیان پێیە بۆ تووشبووانی شێرپەنجە و دەڵێن وەرزش ڕێ لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی هەندێک جۆری شێرپەنجە دەگرێ.

د.تێری بۆیێ، پسپۆڕی شێرپەنجە لە نێوەندی توێژینەوە لە نەخۆشییە شێرپەنجەییەکان لە فەرەنسا دەڵێ ئەنجامدانی وەرزش بەشێوەیەکی بەرنامەدار و بەردەوام لەلایەن ئەو کەسانەی پێشتر تووشی شێرپەنجەکانی مەمک، پرۆستات و کۆڵۆن بوون، ئەگەری سەرهەڵدانەوەی ئەو سێ شێرپەنجەیە بە ڕێژەی 50% کەمدەکاتەوە.

د.تێری بۆیێ سوودێکی دیکەی وەرزشی بەرنامەدار و ڕێکوپێک باس دەکات و دەڵێت لێکەوتە نەخوازراوەکانی دەرمانە دژە شێرپەنجەییەکان بە ڕاددەی 36% کەمدەکاتەوە.

ئەوە جگە لەوەی پێشتر سەلمێنراوە وەرزش جگە لە سوودە بەربڵاوە دەروونی و جەستەییەکانی، تووشبوون بە چەند جۆرێک لە شێرپەنجە کەمدەکاتەوە.

وەرزش بە یەکێک لە باشترین ڕێگەکان



# نۆ پرسیار لەبارەی کوتانی دژە ئەنفلۆنزا

**ڕووداو- DPA**

وەرزی پایز، وەرزی تەشەنەسەندنی هەڵامەت و ئەنفلۆنزایە. یەکێک لە ڕێگاکانی کەمکردنەوەی تووشبوون بە ئەنفلۆنزا، بریتییە لە خۆکوتان دژی ئەو نەخۆشییە. ئەمانە نۆ پرسیاری گرنگن لەبارەی ئەو کوتانە:

### 1 کێ خۆی بکوتێ؟

لێژنەی کوتانە هەمیشەییەکان لە ئینستیتوتی ڕۆبەرت کوخ لە ئەڵمانی دەڵێ بۆ هەندێک گرنگە خۆیان بکوتن، چونکە ئەگەری زۆرە تووشی ئاڵۆزکارییەکانی ئەنفلۆنزا ببن. لە نموونەی ئەوانە: کەسانی بە تەمەن، ئافرەتانی دووگیان و تووشبووان بە نەخۆشییە درێژخایەنەکان.

### 2 بۆچی بەساڵاچووان دەبێ بکوترێن؟

کەسانی بەتەمەن کۆئەندامی بەرگرییان لاوازە و ڤایرۆسی تووشکەری ئەنفلۆنزا مەترسی لەسەر ژیانیان دروست دەکات. بۆیە وا باشە لە پاش تەمەنی 65 ساڵی، هەموو کە سێک ساڵانە لە سەرەتای پایز خۆی لە دژی ئەو نەخۆشییە بکوتێ.

### 3 بۆ هەمووان ناکوترێن؟

نەوجەوان و گەنجان و تەمەن مامناوەندەکان کۆئەندامی بەرگریی ئەوتۆیان هەیە کە توانای کۆنترۆڵکردنی ڤایرۆسەکەی هەیە و کەمتر تووش دەبن، کە تووشیش بوون ئەگەری کەمترە تووشی ئاڵۆزکاریی سەخت ببن. بەڵام هەندێک بارودۆخ هەن وا باشە کەسی گەنجیش خۆی بکوتێ، بۆ نموونە ئەوانەی زۆر بە هۆکارە گشتییەکانی گواستنەوە (پاس و فڕۆکە) هاتوچۆ دەکەن.

### 4 ئایا منداڵ دەکوترێ؟

ئەو منداڵانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە دەبێ بکوترێن، بەڵام کۆمەڵەی پزیشکانی منداڵان لە ئەڵمانیا دەڵێ وا باشە منداڵانی قوتابخانەکان و باخچەکانی ساوایانیش بکوترێن، چونکە قەرەباڵخی هۆکارێکی سەرەکی تەشەنەی ڤایرۆسەکەیە بەنێو خەڵکیدا.

### 5 دەکرێ بەکوتانەکە تووشی ئەنفلۆنزا ببم؟

لە بەشێک لە تووشبووەکاندا پاش خۆکوتان نیشانەکانی هەڵامەت و ئەنفلۆنزا بەهۆی ڤاکسینەکەوە دەردەکەون، بەڵام ئەمە کورتخایەنە و زوو چاکدەبنەوە و هاوشێوەی ئەنفلۆنزا ئاساییەکە درێژەناکێشێ.

### 6 بۆچی هەندێک کەس پاش کوتانەکە تووشی ئەنفلوەنزا دەبن؟

لەو کەسانەدا هێشتا ڤاکسینەکە دەستی بەکار نەکردووە کە ڤایرۆسەکە پەلاماریان دەدا، بۆیە تووشی ئەنفلۆنزاکە دەبن و ڤاکسینەکە ناتوانێ بیانپارێزێ.

### 7 دەکرێ خۆم کوتابێت و تووشی هەڵامەت ببم؟

بەڵێ، چونکە ئەم کوتانە دژی هەڵامەتی سادە نییە، بەڵکو دژی ئەنفلۆنزایە. پاشان کوتانەکە 100% بەرگری لە هەموو ئەنفلۆنزایەک ناکات، بەڵکو بەگشتی بە ڕاددەی 50% بەرگری دەکات. بەڵام ئەوانەی خۆیان دەکوتن، ئەگەر تووشی ئەنفلۆنزاش ببن، بە سەختی نایگرن و ئاسانتر چاکدەبنەوە.

### 8 ئەم کوتانە بە درێژایی ژیان دەتپارێزێ؟

نەخێر. چونکە ڤایرۆسی تووشکەری ئەنفلۆنزا زوو زوو شێوە و ڕەفتاری خۆی دەگۆڕێ و لە بازگە زۆرەکانی کۆئەندامی بەرگریمان خۆی دەرباز دەکات. بۆیە وا باشە ئەوانەی پزیشک ڕێنمایی کردوون، هەموو ساڵێک خۆیان بکوتن، چونکە هەر پێکوتەیەک وەها دروستکراوە زۆربەی ڤایرۆسەکانی ئەنفلۆنزای ئەو ساڵە بکاتە ئامانج.

### 9 چ کاتێکی ساڵ خۆم بکوتم؟

هەرچەند لە پایزەوە حاڵەتەکانی ئەنفلۆنزا و هەڵامەت ڕوو لە زیادبوون دەکەن، بەڵام لوتکەی بڵاوبوونەوەی ئەنفلۆنزا مانگی یەکە. بۆیە وا باشە مانگی 10 یان 11 خۆمان بکوتین، چونکە کۆئەندامی بەرگریی جەستەمان ماوەیەکی دەوێ تاوەکو لە ڤاکسینەکەوە فێری هونەری بەرگری لە دژی تووشبوون بە ئەنفلۆنزا دەبێ.





# توركیا و ئەمریكا، لە هاوپ

## جیهان گۆڕاوە و لەو گۆڕانكارییەدا پەیوەندییەكانی ئەمریكا و توركیاش دەگۆڕێن

**ڕووداو– هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو پەیوەندییەكانی توركیا و ئەمریكا لە خراپەوە بەرەو خراپتر چوو پاش ئەوەی سەرۆككۆماری توركیا ڕایگەیاند كە "سیخوڕەكان" چوونەتە ناو دامەزراوە دیپلۆماسییەكانی ئەمریكاوە لە توركیا و گوتیشی ئەوان باڵیۆزی ئێستای ئەمریكا لە ئەنقەرە بە نوێنەری واشنتن نازانن. چاودێرانی سیاسی دەڵێن هاوپەیمانێتی نێوان ئەنقەرە و واشنتن بەرەو دژبەری دەچێ.

### كێشەكە چییە؟

هەفتەی ڕابردوو، پۆلیسی توركیا كارمەندێكی كۆنسوڵخانەی ئەمریكایان لە ئیستەنبوڵ بەناوی مەتین تۆپوز دەستگیركرد. مەتین زیاتر لە 30 ساڵ بوو لەو كۆنسوڵخانەیە كاری دەكرد. ئەو تۆمەتبارە بەوەی پەیوەندیی لەگەڵ جەماعەتی فەتحوڵڵا گولەن هەبووە. گولەن و بزووتنەوەكەی تۆمەتبارن بەوەی ڕێكخەری هەوڵی كودێتاكەی مانگی تەمووزی 2016 بوون. پاش دەستگیركردنی مەتین، باڵیۆزخانەی ئەمریكا لە توركیا بڕیاری دا هەموو ڤیزایەك (جگە لە كۆچبەری) بۆ خەڵكی توركیا بوەستێنێ. توركیا لە بەرامبەردا هەمان بڕیاری بۆ گەشتی ئەمریكییەكان بۆ توركیا دەركرد.



مەتین تۆپوز 30 ساڵە لە كونسوڵخانەی ئەمریكا لە ئیستانبول كار دەكات

ئەوە یەكەمجار نییە لە ماوەی ئەمساڵدا كارمەندانی ناوەندە دیپلۆسییەكانی ئەمریكا لە توركیا دەستگیر بكرێن. لە مانگی ئاداری ڕابردوودا هەمزە ئولوجای، كارمەندی كونسوڵخانەی ئەمریكا لە ئەدەنە بە تۆمەتی پەیوەندی بە پارتی كرێكارانی كوردستان (پەكەكە)وە دەستگیركرا. ئەركی ئولوجای ڕێكخستنی پەیوەندییەكانی نێوان كۆنسوڵخانە و لایەنە سیاسییە كوردییەكانی توركیا بوو.

### سەرەتایەكی نوێ بۆ كێشەیەكی كۆن

جۆن باس، باڵیۆزی ئەمریكا لە توركیا، لە دوای دەستگیركردنی تۆپوز پەیامێكی ڤیدیۆیی بڵاوكردەوە و تێیدا جەختی لەوە كردەوە "دەستگیركردنی تۆپوز ئەو پرسیارە دروست دەكات ئاخۆ هەندێك لە بەرپرسانی توركیا دەیانەوێت هاوكارییە درێژخایەنەكانی توركیا و ئەمریكا تێكبدەن؟".

ستیڤن كوك، توێژەر لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریكا، دەڵێت پەیوەندی و هاوكارییەكی لەوجۆرە بە كردەوە

# ئیدلیب.. ئۆپ

**ڕووداو– هەولێر**

ڕۆژی 13ی ئەم مانگە، سوپای توركیا ڕایگەیاند كە بنكەی چاودێرییان لە باكووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ئیدلیب داناوە. لە ماوەی یەك ساڵی ڕابردوودا ئەوە دووەمجارە توركیا هێز ئاودیوی سنوورەكانی سووریا دەكات، بەڵام جیاوازیی هێرشەكەی ئەمجارەیان ئەوەیە ئەمریكا تێیدا بەشدار نییە، بەڵكو ئاكامی نزیكبوونەوەی توركیا و ڕووسیا و ئێرانە.

چەند هەفتەیەك بوو توركیا ژمارەیەكی زۆر هێزی سەربازی و چەكی قورسی لەسەر سنوورەكانی توركیا و سووریا جێگیر كردبوو، بۆیە هێرشەكەی ئەمجارە بە پێچەوانەی ئەوەی مانگی ئابی 2016 بۆ سەر جەرابلوس، تەواو پێشبینیكراو بوو. جیاوازییەكی دیكەی ئەم هێرشە لەگەڵ ئۆپەراسیۆنەكەی جەرابلوس (كە بە قەڵغانی فورات ناسرابوو)، ئەوەیە كە هێرشەكەی ئەمجارە بۆ سەر چەكدارانی داعش نییە، بەڵكو لەدژی ئەو گرووپانەیە كە سەردەمانێك توركیا لەدژی حكومەتی سووریا پشتیوانییەكی تەواوی دەكردن.

هەتا كۆتایی 2016، توركیا پشتگیرییەكی سەختی لەو هێزانە دەكرد كە لەدژی هێزەكانی لایەنگری ڕژێمی سووریا شەڕیان دەكرد. سەرەكیترین گرووپی چەتریش لەو ناوچەیە هەیئەی تەحریری شام (بەرەی نوسرەی پێشوو)ە.

تێكچوونی پەیوەندییەكانی توركیا و ئۆپۆزیسیۆنی سوننەمەزهەبی چەكداری سووریا شتێكی نوێ نییە، یەكەم ئاماژەی ئەو گۆڕانكارییە لە كۆتایی 2016 دەركەوت، كاتێك توركیا ڕازی بوو لە ڕۆژهەڵاتی حەلەب پشت لە ئۆپۆزیسیۆنی چەكداری سووریا، بەتایبەتیش چەكدارانی نوسرە بكات، بۆ ئەوەی لە بەرامبەردا ڕووسیا ڕێگەی بدات دەست بە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات بكات.

كێشەی سەرەكیی نێوان توركیا و هەیئەی تەحریر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە هەیئە هیچكات بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی ئەنقەرەدا نەبووە و پەیوەندییان لە زۆربەی كاتەكاندا پراگماتیستی بووە. بە گوێرەی ناوەندی (ستراتفۆر)ی ئەمریكی، ئەمە یەكێك لەو هۆكارانە بوو كە وای كرد توركیا بەدرێژایی ئەمساڵ هاوكارییەكانی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی چەكدار لە ئیدلیب كەم بكاتەوە. توركیا گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی دەبێ پشت بەو هێزانە ببەستێ كە ڕاستەوخۆ بڕیار لە خۆیەوە وەردەگرن.

ئۆپەراسیۆنەكەی ڕۆژی هەینی و گۆڕانی هەڵوێستی توركیا بەرامبەر هەیئەی تەحریری شام لە ئاكامی بڕیارێكی كتوپڕ نەهاتووە،

## ڕۆژئاوا سەری لە ماشێنی پڕوپاگەندەكەی سوڕماوە

# پەروەردەی داعش تەنیا درۆیەك بوو

**ڕووداو– هەولێر**

لە سێ ساڵی ڕابردوودا پەیمانگە و ناوەندەكانی لێكۆڵینەوە لە گرووپە ڕادیكاڵە ئیسلامییەكان بایەخێكی زۆریان بە سیستەمی پەروەردەی داعش دا. پارساڵ پەیمانگای واشنتن ڕاپۆرتێكی لەسەر پلانی داعش بۆ پێگەیاندنی منداڵانی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆی بڵاوكردەوە. بەڵام چاوپێكەوتن لەگەڵ خەڵكانی ناوچە ڕزگاركراوەكانی داعش ئاشكرای دەكات كە زۆربەی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بە سیستەمی پەروەردەی داعش بڵاودەكرانەوە لەسەر بنەمای پڕوپاگەندەی داعش خۆی داڕێژرابوون، نەك فاكتی مەیدانی.

گۆڤاری (فۆرین ئەفەیرز)ی ئەمریكی لەگەڵ ژمارەیەك لەو دایك و باوك و مامۆستایانەدا قسەی كردووە كە ماوەیەك لە ژێر دەسەڵاتی داعشدا ژیاون و ئێستا وەكوو كۆچبەر لە توركیا دەژین، بەڵام بەهۆی منداڵەكانیانەوە زانیارییان لەبارەی پەروەردەی داعش هەبووە یان خۆیان مامۆستا بوونە. وەڵامەكانی ئەوان دەریدەخات جیاوازییەكی زۆر لە نێوان پڕوپاگەندەی داعش بۆ سیستەمە پەروەردەییەكەی و واقیعی پەروەردەی ڕێكخراوەكەدا هەیە.

### كام پەروەردە؟

ئامینە، خەڵكی دێرەزوور، لە مانگەكانی سەرەتای دەسەڵاتی داعشدا مامۆستا بووە و دەڵێت "دیوانی پەروەردەی داعش شكستێكی تەواوەتی هێنابوو". لەبەر ئەوەی تەنانەت نەیدەتوانی پێداویستییە هەرە سەرەتاییەكانی وەكوو كتێبیش بۆ خوێندكاران دابین بكات. سالم، مامۆستایەكی دیكەی خەڵكی دێرەزوور پێیوایە "ناوی دیوانی پەروەردەی داعش ناوێكی هەڵەیە".

بەگوتەی شایەتحاڵان، كاتێك داعش دەستی بەسەر ناوچە گوندییەكانی دێرەزووردا گرت، هەموو قوتابخانەكانی داخست، چونكە مامۆستاكان دەبووایە كۆرسێكی دوو مانگەی شەریعە و ئایدیۆلۆژیای داعش وەربگرن. داعش بەڵێنی دابوو كتێبی ماتماتیك، ئینگلیزی، كیمیا بۆ قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی دابین بكات، بەڵام وەكوو مامۆستاكان و دایك و باوكەكان باسی دەكەن، ئەو كتێبانە هەر نەگەیشتن. وانەی زمانی ئینگلیزیش تەنیا بۆ منداڵانی چەكدارە بیانییەكان بووە.

دواجار داعش بەڵێنی دابوو كۆپییەكی ئەلیكترۆنی كتێبەكان بە مامۆستاكان بدات، هەڵبەت ئەگەر مامۆستاكان فلاش میمۆری خۆیان بردبا، مامۆستاكان دواتر بۆیان دەركەوتبوو كتێبەكان تەنیا پەیوەندییان بە "عەقیدە"وە هەیە.

لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا داعش پڕوپاگەندەیەكی زۆری بۆ دابەشكردنی كتێبەكان كردووە، بەڵام ژمارەیەكی زۆر لە مامۆستاكان دەڵێن هیچكات ئەو كتێبانەیان بەدەست نەگەیشتووە كە داعش بە شێوازی ئۆنلاین ڕیكلامی بۆ دەكردن، ژمارەیەكیشیان كە ئینتەرنێتیان لەبەردەست نەبووە، باسی ئەوە دەكەن كە هەر نەیانزانیوە شتی وا هەبێت، ژمارەیەكی دیكەش لە مامۆستاكان تەنیا بەشێكی بچووك لەو كتێبانەیان بەدەست گەیشتبوو.

سەمیرە و فائیدە دایك و مامۆستایەكی خەڵكی ڕەققەن. ئەوان پشتڕاستی دەكەنەوە كە ئەو كتێبانەی بە شێوازی ئۆنلاین دابەش دەكران، ناتەواو بوون و بەشی زۆریان تەنیا وانەكانی "عەقیدە" بوون. ڕاپۆرتەكەی (فۆرین ئەفەیرز) ئەوەش دەخاتەڕوو كە كاتێك لە سەرەتادا داوایان لە مامۆستاكان دەكرد باسی پەروەردەی داعشیان بۆ بكەن، مامۆستاكان بە سەرسوڕمانەوە دەیانپرسی "باسی كام پەروەردە بكەین"؟

### خەرجییەكانی خوێندن

بەگوتەی زۆربەی مامۆستاكان، یەكێك لە كێشە سەرەكییەكانی قوتابخانەكانی ناوچەكانی داعش ئەوە بوو ڕێكخراوەكە ئامادە نەبوو خەرجی چاككردنەوەی ئەو ژێرخانە لەئەستۆ بگرێت كە بەهۆی شەڕ و پێكدادان زیانیان پێگەیشتبوو.

عومەر، مامۆستایەكی خەڵكی ڕەققەیە، دەڵێت "كردنەوەی قوتابخانەكان، نۆژەنكردنەوەیان، دابینكردنی كتێب، مووچەی مامۆستا و فەرمانبەران پارەیەكی زۆری دەوێت، داعش چاوچنۆك بوو، حەزی نەدەكرد پارە خەرج بكات".

داعش كێشەی ستافیشی هەبوو، ژمارەیەكی زۆر لە مامۆستا و فەرمانبەرانی پەروەردەی شارەكان ئاوارەی ناوچە و وڵاتانی دیكە ببوون. بۆیەش ئەو ڕێكخراوە مامۆستا و ستافی ئیداریی بەتوانای دەستنەدەكەوت، ئەوانەشی كە لە شارەكە مابوون یان بڕوانامەی باڵایان نەبوو، یان ئامادە نەبوون پەیمان بە داعش بدەن.

ئەحمەد، مامۆستایەكی خەڵكی مەیادین، دەڵێت بەهۆی نەبوونی ستافی ئیداری، تەمەن و پۆلی ڕاستەقینەی زۆربەی قوتابییەكان ڕوون نەبوو، چونكە هەموو ئەمانە پێویستیان بە ستافێكی تایبەتە بۆ تۆماركردن و پاراستنی زانیارییەكان. ژمارەی تاقیكردنەوەكانیش یەكجار كەم بووە، چونكە لە قۆناغی سەرەتاییدا تاكە ئامانج ئەوە بووە منداڵەكە خوێندەوارییەكی سەرەتایی هەبێت و بەس.

سەمیرە، خەڵكی ڕەققەیە، دەڵێت نەك هەر لە نێوان شارە جیاوازەكانی ژێر دەسەڵاتی داعشدا هاوئاهەنگی لە كتێبەكاندا نەبوو، بەڵكو دوای گەڕان و پرس و ڕا بۆی دەركەوتووە لە 10 قوتابخانەی ناو شاری ڕەققە 10 وانە و كتێبی جیاواز دەخوێنرێ.

وەكوو دانیشتووانی پێشووی ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی داعش ئاماژەی بۆ دەكەن، داعش بایەخێكی زۆری بە "دیوانی تەندروستی" دەدا، لەبەر ئەوەی پێویستی بەو بەشە هەبووە بۆ چارەسەركردنی چەكدارە بریندارەكانی، بەڵام "دیوانی پەروەردە" بەتەواوەتی پشتگوێ خرابوو. بۆیەش هەوڵی دەدا پزیشك و پەرستاری شارەزا لە نەخۆشخانەكان دابنێ، بەڵام كەرتی پەروەردە یان بەدەست نەبوونی كەسی شارەزاوە دەیناڵاند، یان ئەوانەی هەبوون هیچ شارەزاییەكیان نەبوو. بەرپرسی دیوانی پەروەردەی مەیادین چەكدارێكی مەغریبی بوو كە نەك هەر هیچ پێشینەیەكی ئیداری نەبوو، بەڵكو هیچ بڕوانامەیەكیشی نەبوو. مامۆستا و خەڵكی ناوچەكانی ژێر كۆنترۆڵی داعش ئاشكرای دەكەن داعش زۆربەی جاران چەكدارە بریندار یان كەمئەندامەكانی لە دامەزراوە پەروەردەییەكان دادەنا.

وەكوو شایەتحاڵەكان باسی دەكەن، داعش نێوانی لەگەڵ مامۆستاكانی ناوچەكە خۆش نەبووە و لە زۆربەی حاڵەتەكانیش متمانەی پێیان نەبووە. مامۆستایەكی ئافرەت كە خەڵكی دێرەزوورە بە گۆڤارە ئەمریكییەكەی ڕاگەیاندووە لە یەكێك لە وانەكانی شەریعەدا كە بۆ مامۆستاكان كرابووەوە چەكدارەكەی داعش مامۆستاكانی بەوە تۆمەتبار كردبوو كە "بە عەقڵییەتی بەعسییەكان و بەشار ئەسەد بیردەكەنەوە". هۆشداریشیان بە مامۆستاكان دابوو هیچكات پێشنیاز بە بەرپرسانی سەرووتری خۆیان نەدەن.

شكستی گەورەی سیستەمی پەروەردەی داعش لە ساڵی 2016 بە تەواوی دەركەوت. بە گوێرەی خەڵكی ناوچە جیاجیاكان، لەو ساڵەدا هەموو قوتابخانەكانی ژێر دەسەڵاتی داعش داخران. بەڵام هەر ئەو ساڵە ناوەندەكانی پڕوپاگەندەی ئۆنلاینی داعش باسیان لە چاپكردنی كتێبی نوێی پەروەردەیی دەكرد بۆ قوتابخانەكان.

### ململانێی مزگەوتەكان و قوتابخانە

یەكێكی دیكە لە هۆكارەكانی پشتگوێ خستنی پەروەردە لە لایەن داعشەوە ئەوە بووە كە ئەو ڕێكخراوە زانیویەتی مەكینەی سەرەكی ڕاكێشانی منداڵ و مێرمنداڵەكان بۆ ناو داعش "دیوانی دەعوە" و مزگەوتەكان و ناوەندەكانی پڕوپاگەندەن، كە لە زۆربەی حاڵەتەكاندا ناوەندە سەرەكییەكەیان لە نێوەڕاستی شارەكان بووە.

هەموو ئەو مامۆستایانەی كە دیمانەیان لەگەڵ كراوە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە منداڵ و مێرمنداڵەكان كاتەكانی قوتابخانەیان لیدەدا و دەچوونە ناوەندە میدیایی و پڕوپاگەندەی داعش، بەڵام هیچ مامۆستایەك نەیوێرابوو ئەو كێشەیە بۆ لای بەرپرسانی داعش بەرز بكاتەوە، "چونكە دیوانی دەعوە دەسەڵاتێكی یەكجاری زۆری لە ناو داعشدا هەبوو، دیوانی پەروەردە هیچ نەبوو".



داعش دیوانی پەروەردەی بە تەواوی پشتگوێ خستبوو، بەڵام لەبەر چەكدارە بریندارەكانی گرنگی بە دیوانی تەندروستی دەدا

> "بەرپرسی دیوانی پەروەردەی مەیادین چەكدارێكی مەغریبی بوو كە تەنانەت بڕوانامەشی نەبوو"

# ئێران و سوپ

**ڕووداو ـ هەولێر**

شەوی هەینیی ڕابردوو، دۆناڵد ترامپ، سەرۆكی ئەمریكا ڕایگەیاند وڵاتەكەی ئامادە نییە لەسەر ڕەوتێك بەردەوام بێت كە ئاكامەكەی "تیرۆری زیاتر، توندوتیژیی زیاتر و هەڕەشەی دەركەوتنی ئێرانێكی ئەتۆمییە"، بۆیەش ئیدارەكەی ئامادە نییە پابەندبوونی ئێران بە ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكە پشتڕاست بكاتەوە.

پاكێجە نوێیەكەی ترامپ دەیسەلمێنێ كە ئیدارەی نوێ، بە پێچەوانەی ئیدارەی پێشوو، ستراتیژێكی بۆ ئێران هەیە، بەڵام جێبەجێكردنی ئاسان نابێ.

لە دیباچەی ڕێككەوتنە ئەتۆمییەكەی ئێراندا هاتووە: جێبەجێكردنی تەواوی ڕێككەوتنەكە ڕۆڵی ئەرێنی دەبێت "لە سەقامگیركردنی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا"، ئیدارەی ئەمریكی ئەم بڕگەیە بە "ڕۆحی ڕێككەوتنەكە" دەزانێت كە ئێران پێوەی پابەند نەبووە. لای ئیدارەی ترامپ ڕێككەوتنە



# ـــەیمانەوە بۆ دژبەر



نەمـاوە. کوک لە وتارێکدا لـە گۆڤاری (فۆرین پۆڵسی)ی ئەمریکی ئەوە دەخاتەڕوو کە "دەبێ کەیسـی تۆپوز بخرێتە ناو لیسـتێکی درێژ لەو ناکۆکییانەی لە چەند ساڵی رابردوودا کێشەیان بۆ پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیای ئەردۆغان دروستکردووە".

توێـژەرە ئەمریکییەکـە هەروەهـا دەڵێت: "ئێسـتا ئەوەمان بۆ روونبووەتەوە کە تورکیا و ئەمریـکا ئەوەندەی دژبـەر و رکابەری یەکدین، هێندە هاوپەیمان و هاوبەش نین".

لە ماوەی دوو ساڵی رابردوودا پەیوەندییەکانی تورکیا و ئەمریکا تووشـی کۆمەڵێک تەنگژەی گـەورە بـووە، یەکەمیـان بەهـۆی جیاوازیـی ئەولەوییەتە سـتراتیژییەکانی ئەمریکا و تورکیا لە سـووریا. تێکشـکاندنی داعش ئەولەوییەتی سـەرەکیی ئەمریکایە لە سـووریا و عێراق، لەو سۆنگەیەشـەوە ئەمریـکا هاوکاریـی هێزەکانی سووریای دیموکرات دەکەن.

بەڵام ئەولەویەتی تورکیا رێگەگرتنە لە پێکەوە بەستنەوەی هەردوو کانتۆنی عەفرین و کۆبانێ، لـە روانگەی تورکیاوە ئەگـەر ئەم دوو ناوچەیە یەکبگرن، ئەوە ناوچەیەکی یەکگرتووی کوردی لە باکووری سـووریا دروسـت دەبێت و ئەمەش قووڵاییەکی سـتراتیژی بـە هێزەکانی پەکەکە دەدات. تورکیـا پێیوایە هاوکارییەکانی ئەمریکا بـۆ کـورد دژی بەرژەوەندییـە درێژخایەنەکانی ئەنقەرەیە لە سووریا.

دووەم تەنگەژە پەیوەندی بە هەوڵی کودێتای مانگی تەمووزی 2016وە هەیە. تورکیا گولەن و جەماعەتەکـەی بە رێکخەری هەوڵەکە دەزانێ و چەندینجـار داوای رادەسـتکردنەوەی گولەنی کردووە کە ئێسـتا لە ویلایەتی پێنسیلڤانیا لە ئەمریکا نیشـتەجێیە. ئەردۆغـان و پارتەکەی تاوەکـوو ئـەو جێیەش چـوون کـە ژمارەیەک بەرپرسـی سـەربازی و هەواڵگریـی ئەمریکـی تۆمەتبـار بکـەن بەوەی دەسـتیان لـە هەوڵی کودێتاکەدا هەبووە.

سـۆنەر چاگاپتای، لێکۆڵەر لـە پەیمانگای واشـنتن و نووسـەری کتێبی (سوڵتانی نوێ)، پێیوایە "دەشـێت هەموو شـتەکان لە دەسـت دەربچـن، چونکـە ئێسـتا بـێ متمانەییەکـی یەکجـار زۆر لە نێوان هـەردوو وڵاتدا هەیە، بە تایبەتیش لەلایەن ئەردۆغانەوە، چونکە ئەو هیچ متمانەیەکی بە ئەمریکا نەماوە".

### گۆڕانە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و واشنتن:

زۆربـەی لێکۆڵـەران هـۆکاری کێشـە دیپلۆماسییەکانی ئێستای ئەمریکا و تورکیا بۆ پاوانخوازیی ئەردۆغان و پارتەکەی دەگەڕێننەوە کە بەهـۆی بنەما ئایدیۆلۆژییە سیاسـییەکانی پارتەکەیەوە لە رۆژئاوا دووردەکەوێتەوە و هەوڵ دەدات شوێنی خۆی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و کۆمەڵگای سوننەی ناوچەکەدا بکاتەوە.

بەڵام ستیڤن کوک پێیوایە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییەکانـی واشـنتن و ئەنقـەرە بۆ پێش دەسـەڵاتی ئاکپارتـی لە تورکیـا دەگەڕێتەوە. بۆیەش کوک پێیوایە ئەگەر لە جێگەی ئاکپارتی، پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) لەسـەر حوکم بایە، دیسـانیش "پەیوەندیی سـتراتیژی نێوان تورکیا و ئەمریکا مانای لەوە زیاتر نەدەبوو کە ئێستا هەیەتی".

بەبۆچوونـی کـوک، سـەرەتای لاوازبوونـی پەیوەنـدی و هاوپەیمانێتییەکـەی ئەمریـکا و تورکیـا بـۆ کۆتایـی قۆناغی شـەڕی سـارد و تێکشکانی بلۆکی کۆمۆنیزم دەگەڕێتەوە.

کـوک پێیوایە ئەفسـانەی شـەڕی سـارد و چاوپۆشی لە هاتنەئارای واقیعێکی نوێ سەری لـە داڕێژەرانـی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریـکا شێواندووە، بۆیەش دەڵێت: "ئەفسانەی قۆناغی شەڕی سارد ئەو راستییەی لە ئیدارەی ئەمریکی شـاردووەتەوە کـە بەبێ هەڕەشـەی یەکێتیی سۆڤیەت، پەیمانێکی ئەوتۆ لە نێوان ئەنقەرە و واشنتندا نامێنێ بۆ ئەوەی ئەو دوو وڵاتە پێکەوە ببەستێتەوە".

بـەر لـە دەسـتپێکردنی بەهـاری عەرەبی، زۆربـەی وڵاتانی رۆژئاوایـی پێیانوابوو مۆدێلی دەسـەڵاتی ئیسـلامیی تورکیـا دەکرێت وەکوو مۆدێلێک بۆ وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سەیر بکرێت. لە دوای تێکشکانی سۆڤیەتیش، بۆچوونێکی باو هەبوو کە تورکیا دەتوانێت وەکوو هاوپەیمانێکی ئەمریکا یارمەتی وڵاتە تورکزمانە تازە سـەربەخۆکانی سـۆڤیەتی کـۆن بدات و سیاسەتی خۆیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی ئەمریکا و تورکیادا داڕێژن، بەڵام هەموو ئەو پرۆژانە شکستیان هێنا.

توێژەرە ئەمریکییەکە هۆکاری ئەم شکسـتە بـۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کـە "بۆچوونێکی هەڵە لەبـارەی تواناکانـی تورکیـا هەبـوو، هەروەها ئەمریکییـەکان ئاگایان لـەوە نەبوو کە میراتی مێژوویی عوسـمانییەکان هێشـتا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاسـتدا زینـدووە" و دەکـرێ سـەرچاوەی کێشـە و ململانێـی نـوێ بـن کە مـەرج نییە بەرژەوەندییەکانـی ئەمریـکا و تورکیـا تێیاندا یەکبگرێتـەوە. کـوک دەڵێـت دامەزراوەکانـی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا خەریکە پەی بەو راسـتییە دەبەن کە بۆچوونیان لەبارەی تورکیا خەریکە هەڵە دەردەچێ.

ئەو پێیوایە پرسـیاری سـەرەکی لە دۆخی ئێسـتا ئەوەیـە "ئەمریـکا چۆن ئیـدارەی ئەو گۆڕانکارییە بکات کە تێیدا تورکیا لە هاوبەشێکی ستراتیژییەوە گۆڕاوە بۆ دژبەر؟".

بـۆ وەڵامدانـەوەی ئەو پرسـیارە، ئەمریکا دەبێـت دان بەوەدا بنێـت کە "جیهان گۆڕاوە و لـەو گۆڕانکارییـەدا پەیوەندییەکانی ئەمریکا و تورکیاش دەگۆڕێن".

# ـــەراسیۆنی عەفرینی بەدوادا دێت؟



ڕووسیا هیچ گرەنتییەکی نەداوەتە تورکیا بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر کانتۆنی عەفرین (فۆتۆ: AFP)

بەڵکـو رێککەوتنێکـی سـێ قۆڵییە لـە نێوان رووسـیا، ئێـران و تورکیـا بـۆ دروسـتکردنی ناوچەی ئارام لە باکووری رۆژئاوای سووریا.

ناوەندی (سـتراتفۆر) پێیوایە سێ فاکتەری سـەرەکی لە پشـت هێرشـی دووەمی سـوپای تورکیـا بۆ نێو خاکی سـووریان کە بە گوتەی رەجـەب تەیـب ئەردۆغـان، سـەرۆککۆماری تورکیا، لەلایەن هێزە ئاسمانییەکانی رووسیاوە پشـتگیری دەکرێـن: هـۆکاری یەکـەم ئەوەیە تورکیا بەو بڕوایە گەیشـتووە کـە ئەو گرووپە چەکـدارە سـوننانەی سـەردەمانێک ئەنقـەرە پشـتگیریی دەکـردن، ئێسـتا لەسـەر لێواری شکسـتن، هەمـوو سـەرکەوتنێکی تاکلایەنەی هێزەکانی لایەنگری بەشـار ئەسـەد، سەرۆکی سووریا، دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا دەستی لە رووداو و گۆڕانکارییەکانی داهاتووی سـووریادا کورت ببێتەوە.

هـۆکاری دووەم ئەوەیە هێـزە چەکدارەکانی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا لە ئدلیب، بەتایبەتیش هەیئەی تەحریر، تاوەکوو دێت زیاتر هەڵوێستی سـەربەخۆ دەنوێنێ. سیاسەتی تورکیا لە یەک ساڵ و نیوی رابردوودا بەرامبەر هەیئە و گرووپە چەکدارەکانـی ناو ئدلیب وای کـردووە گرووپە بچووکـە چەکدارەکانـی دیکـەی ئۆپۆزیسـیۆن لـەو پارێزگایە روو لە ریزەکانـی هەیئە بکەن، لەبەرئـەوەی ئـەو گرووپـە تاکـە هێـزە کـە سـەرچاوەی پێویسـتی بـۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی لایەنگری ئەسەد لەبەردەستە.

لە سـەرەتای ئەمساڵەوە هەیئەی تەحریر بە راکێشانی گرووپە بچووکەکان و لێدان لە گرووپە نەیارەکانـی خـۆی، توانیویەتـی لـە پارێزگای ئدلیب مۆنۆپۆلی دەسـەڵات بـکات. یەکێک لەو هێزانـەش کـە بوون بـە ئامانجی هێرشـەکانی هەیئـەی تەحریـر، چەکدارانی سـوپای ئازادی سـووریا بوون کە بەشـێکی زۆریان تورکمانن و لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشی تورکیا و ئەمریکادا مەشقی سەربازی و چەکیان پێدراوە.

بەگوێـرەی راپۆرتەکەی (سـتراتفۆر)، ئەنقەرە گەیشـتووەتە ئەو بڕوایـەی "هەیئەی تەحریری شـام لە ئدلیب هەڕەشـەیە بۆ سەر دەسەڵات و کاریگەرییەکانی تورکیا لەو پارێزگایە".

هۆکاری سـێیەم کە لە هـەردوو هۆکارەکەی پێشـتر گرنگتـرە، پەیوەنـدی بـە کـورد و فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوانەوە لـە رۆژئاوای کوردسـتان هەیە، بـە تایبەتیش پارێـزگای عەفرین. بەر لـەوەی هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکانی رۆژئاڤا لە 2015 دەسـتپێبکات و بەرلـەوەی هێزەکانی لایەنگری حکومەتـی سـووریا بتوانـن بـە پاڵپشـتیی هێزی ئاسـمانیی رووسـیا چەنـد ناوچەیەک لە سـووریا کۆنتـرۆڵ بکـەن، تورکیا دەرفەتـی ئـەوەی لەبەردەسـت بـوو پـڕۆژەی کـورد لە سـووریا تێکبدات، بەڵام لەگەڵ دەسـتپێکردنی هاوکارییەکانـی ئەمریـکا بـۆ یەپەگـە و بچووکبوونـەوەی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئۆپۆزیسـیۆنی عەرەبـی سـوننە لە سـووریا، ئەنقەرە دەستی بەسترا.

بەپێـی راپۆرتەکـەی (سـتراتفۆر)، ئـەم گۆڕانکارییانە تورکیای ناچار کرد "باشترکردنی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ رووسـیا بکاتـە ئەولەوییەتـی خـۆی". بـۆ ئـەوەی لـە رێگەی رووسـیاوە بتوانێـت "بەرەنـگاری تموحەکانی کـورد ببێتەوە". ناوەنـدە ئەمریکییەکە دەڵێت تورکیـا هیواخوازە ئەو هاوکارییانەی ئێسـتای لەگەڵ رووسـیا لـە ئدلیب لە داهاتـوودا بکاتە وەرەقەیـەک بـۆ ئەوەی لە ئۆپەراسـیۆنی دژی یەپەگـە لـە عەفریـن بـەکاری بهێنێ. ئێسـتا عەفرین بە پاڵپشـتی هێزەکانی رووسیا لەلایەن یەپەگەوە دەپارێزرێ.

ناوەندی (سـتراتفۆر) پێیوایە ئۆپەراسیۆنی هاوبەشـی تورکیـا و رووسـیا لـە ئدلیـب بێ مەترسـی نییە بـۆ ئەنقـەرە، چونکـە تاوەکو ئێسـتا رووسـیا هیـچ گەرەنتییەکـی نـەداوە بـە تورکیا کە لـە داهاتوودا رێگـەی پێدەدات ئۆپەراسـیۆنێک لەدژی کانتۆنی عەفرین بکات. ئەزموونی رابردووش دەیسەلمێنێت رووسیا بەو ئاسـانییە ئامادە نییە واز لە هێزە کوردییەکانی ئـەو ناوچەیە بهێنـێ. مەترسـییەکی دیکە کە دەکرێت رووبەڕووی تورکیا ببێتەوە، پەیوەندی بـە جوگرافیـا و ژمـارەی هێزەکانـی هەیئەی تەحریرەوە هەیە لە ئیدلیب، ئەم دوو هۆکارەش وادەکـەن ئۆپەراسـیۆنی ئیدلیـب هێنـدەی ئۆپەراسـیۆنی قەڵغانـی فورات ئاسـان نەبێت و رەنگـە تورکیا لەنـاو شـەڕێکی درێژخایەندا بچەقێت کە بەشـێکی بـۆ کۆنترۆڵکردنەوەیە و بەشـەکەی دیکەی بۆ پاراسـتنی ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵی کردوون.

# ـــای پاسداران پاش بڕیارە نوێیەکەی ترامپ

ئەتۆمییەکە و پاراستنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکەدا دوو بابەتی لێکدانەبڕاون.

زیاتر لە دوو ساڵ بەسەر راگەیاندنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکـەی ڤیەننادا تێپەڕیوە، لەو ماوەیەشـدا ئێران دەستکراوەتر لە جاران یارمەتیی حوسییەکانی یەمـەن، حیزبوڵڵای لوبنـان، چەکدارانی شـیعەی و عەلەوی لایەنگری ئەسـەد و حەشـدی شـەعبیی عێراقی داوە. هەر چوار هێزەکە ئێستا لەدژی داعش و گرووپە تەکفیرییەکان شـەڕ دەکەن، بەڵام لەگەڵ تەواوبوونی ئەو شـەڕە، خۆیان دەبنەوە بە هۆکاری ناسەقامگیری لە ناوچەکەدا.

جەیمـز جێفـری، باڵیـۆزی پێشـووی ئەمریکا لـە عێراق دەڵێت: "زۆربەی سـەرکردەکانی وڵاتانی ناوچەکـە کە لە ماوەی 24 مانگی رابردوودا قسـەم لەگـەڵ کردوون، لەسـەر ئەوە کۆکن کـە داعش و قاعیدە نا، بەڵکو ئێران هەڕەشـەی سـەرەکییە بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیریی ناوچەکە".

### پاکێجەکەی ترامپ:

بەپێـی گوتارەکـەی ترامپ، ئیـدارەی ئەمریکا جـارێ رێککەوتنەکـە ناخاتە تەنەکـەی خۆڵەوە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەوڵەکانی وەزیرانی دەرەوە و بەرگریـی ئەمریکا بۆ سـاردکردنەوەی ترامپ لە هەڵوەشاندنەوەی یەکلایەنەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکە سەرکەوتوو بووە، هیچ نەبێت بۆ ماوەی 60 رۆژ.

بەپێـی بڕیارە نوێیەکـەی ترامپ، کۆنگرێس 60 رۆژ کاتی لەبەردەستە بۆ ئەوەی سزای نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ یان رێککەوتنەکە هەڵبوەشێنێتەوە. وەکوو کەسانی ئاگادار لە مشتومڕەکان بە (نیویۆرک تایمـز)ی ئەمریکییان گوتووە "ئامانجی ترامپ ئەوە نەبوو دەسـتی کۆنگرێس هێندە کراوە بێت، بەڵکو ترامپ دەیویست کۆنگرێس پرۆژە بڕیارێک پەسەند بکات کە تێیدا رێگە بە کۆشـکی سپی بدات سزای نوێ بەسەر ئێراندا بسەپێنێ".

ترامـپ سـێ ئەگـەری دانابـوو بـۆ ئـەوەی کۆنگرێس پـڕۆژە یاساکەی بۆ دەربـکات: دانانی سیستەمی مووشەکیی کیشوەربڕ لەلایەن ئێرانەوە، ئامادەنەبوونی ئێران بۆ درێژکردنەوەی ماوەی سـزا ئەتۆمییـەکان و دۆزینـەوەی بەڵگە لەسـەر ئەوەی کـە ئێران لە 12 مانگـی داهاتوودا دەتوانێت ببێتە خاوەنـی چەکی ئەتۆمی. ئەمانە ئەو بیانووانەن کە ترامپ دایناوە بۆ کشانەوەی یەکجاری لە رێککەوتنە ئەتۆمییەکـە. ترامپ لە گوتارەکەیدا هۆشـداری دا ئەگەر کۆنگرێس و وڵاتانی هاوپەیمان چارەسـەرێک نەدۆزنەوە "رێککەوتنەکە کۆتایی دێت".

سـەرچاوەکانی نزیک لە کۆشکی سپی ئاشکرای دەکـەن کە ترامپ لەچەند رووەوە کێشـەی لەگەڵ رێککەوتنە ئەتۆمییە شەش قۆڵییەکە هەیە و داوای هەموارکردنەوەیـان دەکات، تاوەکـوو ئەمریـکا لە رێککەوتنەکە نەکشـێتەوە. بە بۆچوونی سـەرۆکی ئەمریـکا، رێککەوتنەکـە هیـچ بەربەسـتێکی بـۆ سیسـتەمی مووشـەکیی ئێـران دانەنـاوە، ماوەی کارپێکردنـی مادەکانـی رێککەوتنەکـە کورتـە، هیچ رێوشـوێنێکی بـۆ فراوانخوازییەکانی ئێران لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دانەناوە.

بەگوێرەی یاسـایەکی سـاڵی 2015، کۆنگرێس مافـی چاودێریکردنـی رێککەوتنەکـەی هەیە، لەو چوارچێوەیەشـدا سـەرۆکی ئەمریـکا دەبێ هەموو 90 رۆژ جارێـک راپۆرتێـک رادەسـتی کۆنگرێـس بـکات و تێیـدا پابەندبوون یان نەبوونـی ئێران بە رێککەوتنەکە بخاتەڕوو. بەگوێرەی یاسـاکە، ئەگەر سـەرۆک رایگەیاند ئێـران پابەنـدی رێککەوتنەکە نەبووە، ئەوە کۆنگرێس 60 رۆژ کاتی لەبەردەسـتە بـۆ ئـەوەی بڕیار بدات سـزای نوێ بەسـەر ئێراندا بسـەپێنێت یان نا، بەڵام سـەرۆکی ئەمریکا داوای لە کۆنگرێس نەکردووە سـزای نوێ بەسـەر ئێراندا بسەپێنێ، بەڵکو داوا دەکات یاساکەی 2015 هەموار بکرێتەوە و سەپاندنی سزاکان لە چوارچێوەی یاسا هەموارکراوەکەدا بێت. بۆ ئەوەی ئەم داوایەی ترامپ سەربگرێت، پێویسـتی بە 60 دەنگی ئەنجوومەنی پیرانە، واتە دەبێ سیناتۆری دیموکراتیش پشتگیری لە پلانەکەی ترامپ بکەن.

### رازیکردنی ئەوروپا

هەموارکردنـی ئـەو یاسـایە پێویسـتی بـە پشـتگیریی نێودەوڵەتیـش هەیـە، لەبەرئـەوەی ژمارەیـەک لـە هەمـوارەکان پێویسـتیان بـە دەستکاریکردنی رێککەوتنەکەی ڤیەننایە، لەوانەش درێژکردنـەوەی مـاوەی کارپێکردنـی هەندێک لە مادەکانی رێککەوتنەکە. بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لە دوو مانگی داهاتوودا تیلەرسن ژمارەیەک دانیشتنی لەگـەڵ وەزیرانـی دەرەوەی ئەڵمانیا، فەرەنسـا، بەریتانیا، چین و رووسیا هەبێت کە واژۆیان لەسەر رێککەوتنی 5+1 کردووە.

بـەڵام رۆژی هەینـی، فەرەنسـا و ئەڵمانیـا و بەریتانیا لە بەیاننامەیەکی هاوبەشـدا رایانگەیاند کە ئەوان لە رێککەوتنەکە ناکشـێنەوە. وەزارەتی دەرەوەی رووسـیاش لـە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند "گوتاری هەڕەشـەئامێز و توندی ئیدارەی ترامپ هیـچ شـوێنێکیان لـە دیپلۆماسـی نێودەوڵەتیدا نییە و مەحکومن بە شکسـت". حەسەن روحانی، سـەرۆککۆماری ئێـران، دوای گوتارەکەی ترامپ، پەیامێکـی بڵاوکـردەوە و رایگەیاند وڵاتەکەی بیر لـە قەبووڵکردنـی هیچ دەسـتکاری و هەموارێکی رێککەوتنەکە ناکاتەوە.

ئالێکـس وەتەنخـاه، لێکۆڵـەری پەیمانـگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، پێیوایە "ئیدارەی ترامپ دەبێ کۆمەڵێک نیگەرانی هاوبەش لەگەڵ ئەوروپییەکان بدۆزێتەوە و وەکوو بناغەیەک بۆ سـنووردارکردنی سـنووری چالاکییەکانـی ئێـران کەڵکیـان لێوەر بگرێ". بەبۆچوونی وەتەنخاه، یەکێک لەو خاڵانەی کـە واشـنتن و ئەوروپییەکان دەتوانن لەسـەری کۆک بن، ئەوەیە کە "بەسەربازیکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێـران لە ناوچەکە هەوڵێکە بۆ تێکدانی ئەو نەزمە کەمەی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ماوە". تێکچوونی نەزمی ناوچەکە واتە سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆ، سەرهەڵدانی گرووپی توندوتیژ و دواجاریش ناچارکردنی ملیۆنان کەس بۆ ئەوەی ببنە کۆچبەر.

بەبۆچوونـی وەتەنخـاه، خاڵـی لاوازی ئێـران ئابوورییەکەیەتی کە هیچکات بە سەقامگیرییەکی تـەواو نەگەیشـتووە، جگـە لەوەش سیسـتەمی ئابووریی ئێران دەرفەتێکی زۆری بۆ بازرگانییەکانی سوپای پاسداران کردووەتەوە.

بۆیە ئەو لێکۆڵەرە بە رەچەڵەک ئێرانییە دەڵێت، ترامپ دەتوانێت بۆ رێگری لە سیاسەتەکانی ئێران پشـت بە ئەوروپا ببەسـتێ، چونکـە ئەمە رێک ئەو خاڵەیە کە تێیـدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ئەوروپا یەکدەگرێتەوە و دەکرێت بەهۆی سـزای ئابوورییـەوە جڵـەو بکرێت. وەتەنخـاە بە دووری نازانێت ئەو گوشـارانە ئێران ناچار بکات مەرجی دەستکارییکردنی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەش قەبووڵ بـکات و ناکۆکیی نێوان حکومەتەکەی رووحانی و سوپای پاسدارانیش قووڵ بکاتەوە.

### سوپای پاسداران و کۆشکی سپی

دۆسـیەی سـوپای پاسـداران یەکێکـە لـەو کێشـانەی ناکۆکـی و لێکـدژی لـە پاکێجەکـەی ترامپیدا دروستکردووە، وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا رایگەیاندووە کە سوپای پاسداران دەخرێتە لیستی تیرۆرەوە. پێشـتر تەنیا سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسداران لەو لیستەدا بوو.

بەڵام ئیدارەی ترامپ ناوی سـوپای پاسدارانی نەخسـتووەتە لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی وەزارەتـی دەرەوەی ئەمریـکا. رێکس تیلەرسـن، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا گوتی "بە تیرۆریسـت لەقەڵەمدانـی سـوپای پاسـداران کێشـە بۆ ئەو ئۆپەراسـیۆنە سـەربازییانە دروسـتدەکات کـە هێزەکانـی ئەمریـکا و ئێران لەنـاو هەمان بەرەی شـەڕدا کۆدەکاتەوە"، مەبەستی تیلەرسن شەڕی دژی داعش بوو.

ئەمـەش بەو مانایەیە کـە بڕیارەکەی ئەمجارە بەتەواوی دەستی سوپای پاسداران نابەستێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# سنووردانان بۆ سلێمانی

لە سەروبەندی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا، دۆناڵد ترەمپ نیگەرانیی خۆی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەربڕی، ئەوە یەکێک لە کارتەکانی بانگەشەی هەڵبژاردنیشی بوو. لەو کاتەوە دەسەڵاتی گرتووەتە دەست، چەند جارێک وەک هەڕەشە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ئەو ڕێککەوتنە هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەم ماوە درێژە لەلایەک ئێران و لەلایەکی تریشەوە بەشێکی وڵاتانی جیهانی بەوەوە سەرقاڵ کردووە و هەموو چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی ستراتیژی نوێی ئەمریکا بوون بەرانبەر بەو ڕێککەوتنەی کە ترامپ بە ڕێککەوتنی شەرمەزاری بۆ ئەمریکا ناوی دەبرد.

وا چاوەڕوان دەکرا، دۆناڵد ترەمپ لە وتاری ڕاگەیاندنی ستراتیژی نوێی ئیدارەکەیدا، سەرباری تێبینییەکانی وڵاتانی تری بەشدار لەو ڕێککەوتنە، ڕاستەوخۆ بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتنە بدات وەک پێشتر چەند جارێک و لە بۆنەی جیاجیادا ئەمەی دەربڕیبوو، بەڵام سەرباری ئەوەی نیگەرانییەکانی خۆی بۆ ئەو ڕێککەوتنە ئەتۆمیە خستەڕوو کە پێیوابوو لە بەرژەوەندیی ئێراندایە نەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، گلەیی ئەوەی هەبوو کە ئێران وەک پێویست پابەند نەبووە بە بەند و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکەوە و دەرفەتێکی هێشتەوە بۆ کۆنگرێسی ئەمریکا تا وردتر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکەن و دەرفەتی ئەوەشی دایە ئێران بۆ ماوەیەکی تر بتوانێت کەڵک لەکات وەربگرێت.

ئەوەی تێبینی کرا لە وتار و لە بڕیارەکانی ترامپدا، زیاتر ئامانجی سنووردانان بوو بۆ "سلێمانی" وەک لەوەی مەبەستی ڕێککەوتنە ئەتۆمیەکە بووبێت. تەرکیزخستنە سەر ئەوەی سوپای پاسداران دەست لە کاروباری وڵاتانی ناوچە وەردەدات و بووە بە بەشێک لە کێشە مەزهەبی و نەتەوەییەکانی گەلانی ناوچەکە، سەرچاوەی یارمەتی و کۆمەکی هێزە میلیشیاییەکان دەکات و سەرچاوەی نائارامی و ناسەقامگیرییە، هەروەها ئاماژەدان بە سزادانی ئەو سوپایە و ئەو هێز و میلیشیایانەی کە سوپای پاسداران هەماهەنگی لەگەڵیان هەیە، پێدەچوو ئەمە مەبەست و ئامانجی ئیدارەی نوێی ئەمریکا بێت نەک پابەندبوون و نەبوون بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە.

ئەگەر ئەمریکا بڕیاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنەکە بدابا، دەرهاویشتەکانی بەجۆرێک دەبوون کە دۆخێکی تازەی لە پەیوەندیی نێودەوڵەتی و نەخشەکێشانەوەی سیاسەتی ئابووری جیهان دەهێنایە ئاراوە. بەڵام بەو سزایانەی خستیە سەر سوپای پاسداران و کۆمپانیا و هەماهەنگکارانی، لێکەوتەکانی بە جۆرێکی تر دەبن کە بەدەر لە هەڵوەشاندنەوەی هەندێ گرێبەستی بازرگانی و پەیوەندیی کۆمپانیا بانکی و ئابوورییەکانی سوپای پاسداران بەچەند کۆمپانیا و وڵاتێکەوە، زۆرتر لێکەوتەکانی لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکە دەردەکەوێت. چونکە دەستپێکی ئەم سزایانەی سوپای پاسداران لە کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران بەسەر ئەو وڵاتانەوە دەستپێدەکات کە ئێستا ئێران لە ڕێگەی دەستتێوەردانەکانی ڕۆڵیان تێدا دەگێڕێت.

ئەوە ڕوونە کە ئێران بەهۆی کێشەی ئاین و مەزهەب و ئایدیۆلۆجیاوە، لە ڕێگەی وشکانی و ئاوی و بازدان بەسەر وڵاتانیشدا دەستی خستووەتە ناو کێشەی زۆرێک لە دەوڵەتەکانەوە، لە پاکستان، ئەفغانستان، تورکمانستان، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، عێراق، سووریا، لوبنان، یەمەن و ...هتد، لە کێشەی ناوخۆیی زۆربەی ئەم وڵاتانەشدا سوپای پاسداران بووە بە بەشێک لە کێشەکان و لایەنگریی یان دەوڵەت یاخود هێزە بەرهەڵستکارەکانیان دەکات. بۆیە ئەم سزایانەی ئەمریکا دەیخاتە سەر سوپای پاسداران، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کێشەکانی هەر یەک لەو وڵاتانە ڕەنگدەداتەوە و ئەوەشە وادەکات لێکەوتەکانی بڕیارەکانی ترامپ زیاتر لە ئاستی ناوچەیی ڕەنگبدەنەوە وەک لەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتی هاوکێشەکان بگۆڕێت. پێشتر بەهۆی سیاسەتی هەڵەی ئۆباماوە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ هەست بە جۆرێک لە چاوپۆشیکردن دەکرا لە پەلهاویشتنەکانی ئێران لە ناوچەکە، بەڵام شەڕی داعش و ڕێگەدان لە بوون بە تەرەفی ڕاستەوخۆی ئێران لەو شەڕە، دەرگاکانی دەستتێوەردانی ڕاستەوخۆی بۆ سوپای پاسداران خستە سەرپشت. قاسم سلێمانی وەک کاراکتەری سەرەکیی جێبەجێکردنی ستراتیژی ئێران پەیوەست بە دەستتێوەردان لە کێشەی وڵاتان، وەک تارماییەک لە هەموو شوێنێک هەبوو. لە چرکەساتە هەستیارەکانی ناو هەموو کێشەکاندا وەک یەکلاکەرەوە لەپشتی هەموو بڕیارەکانەوە بوو. ئەگەر لە کێشەی وڵاتانی تری ناوچەکەدا بەنهێنی پراکتیزەی ڕۆڵی خۆی کردبێت، لە عێراق بە ئاشکرا و لە وێنە و تۆمارە ڤیدیۆییەکان و هەندێ جار لەپێشچاوی میدیا و دیدارە فەرمیەکاندا حزووری هەبوو.

بەهۆی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، هەروەها بەهۆی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداوە، کە چەند ساڵێکە دەکرێت وەک پایتەختی دووەمی ئێران ناوی ببرێت، قاسم سلێمانی وەک کارەکتەرێکی گوێلێگیراو لەم 10 ساڵەی ڕابردوودا تا ئێستا، لەناو ڕووداوەکانی کوردستانیشدا بووە. لە نێوان یەکێتیی و گۆڕان، لە نێوان یەکێتیی و پارتی و لە نێوان هەولێر و بەغدا و بەهۆی پەیوەندی تایبەتی و دۆستایەتیشی لەگەڵ بەهەشتی تاڵەبانی و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، دەستی لەناو کێشە ناوخۆییەکانی یەکێتیش بوو.

ئێستا ئەو سزایانەی ئەمریکا دەیخاتە سەر سوپای پاسداران، پێناچێ ئیمزای ئەو گرێبەستە رووکەشەی نێوان عێراق و قاسمی سلێمانی کە وەک ڕاوێژکارێکی سەربازی لە عێراقە، سەپۆرتی ئەوەی بۆ بکات لەمەودوا بەو ئازادییە بەم وڵاتانەدا بێت و بچێ و مافی دەستتێوەردان و پاڵپشتیکردنی ئەم هێز و ئەو گرووپی چەکداری بمێنێ. دەرفەتێکی باشە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستانیش سنوورێک بۆ ئاستی پەیوەندی و دەستتوەردانەکانی لەناو کوردستان دابنێت، چونکە ئەگەر لە چەند قۆناغێکدا بەکەڵکی کێشەکانی کوردستان هاتبێت، ماوەیەکە خەریکە دەبێتە سەرئێشە و لە چرکەساتی هەندێ بڕیاردا کێشەکانی ناو کوردستان ئاڵۆزتر دەکات کە خەریکە کار دەکاتە سەر ناوبانگ و پرەنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی هەندێک لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان. لە سەروبەندی بڕیاردان لە ریفراندۆم و پێداگریی یەکێتی بەوەی یان نابێ ریفراندۆم لە کوردستان بکرێت یا دەبێت کەرکووک بەشداربێت، لە چرکەساتی شەوی ئەنجامدانی ریفراندۆمدا خەریک بوو هاوکێشەکان بۆ یەکێتی پێچەوانە بکاتەوە، ئەوەی لە یەک دوو ڕۆژی ڕابردووشدا لە ناوچەکانی کەرکووک ڕوویدا، وەک دەگوترێت لەژێر کاریگەری و هەژموونی ئەودا بووە.

ڕەنگە لەمەودوا هێزە نێودەوڵەتییەکان و ئەمریکاش لەسەرووی هەموویانەوە هەستیارانەتر مامەڵە لەگەڵ دۆستەکانی ئێران و سوپای پاسداران بکەن. بۆیە بۆ هێزە سیاسییەکانی کوردستان وا باشترە سنووری دۆستایەتی و پەیوەندییەکانی خۆیان بەجۆرێک دابڕێژنەوە، نەیانخاتە ناو بازنەی نیگەرانیی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە.



زریان ڕۆژهەڵاتی

# کێ شەڕ دەفرۆشێ؟

ململانێی کەرکووک، زیاتر لە گشتپرسی، پەیوەندی بە قۆناغی پۆست- داعشەوە هەیە. زیاتر لە عێراقیش کێشەی بەینی ئێران و هەرێمی کوردستانە. هێشتا شەڕی مووسڵ دەستیپێنەکردبوو کە پێشبینی پێکدادان لەسەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دەکرا. زۆر کەسیش هاوڕابوو لەوەی کە ڕەنگە گرنگترین جەنگی دوای جەنگی داعش، جەنگی سوپا- حەشدی شەعبی لەگەڵ پێشمەرگە بێت.

لە جەنگی داعشدا، مووسڵ خاڵی قەیران بوو، لە جەنگی گریمانەیی کوردستانیشدا کەرکووک چەقی ململانێی بەغدا و هەولێردەبێت، چونکە، سەربەخۆیی کوردستان بە کەرکووکدا تێپەڕ دەبێت و بنیاتنانەوەی عێراقیش هەر بەوێدا گوزەر دەکات. بە لەبەرچاوگرتنی سایکۆلۆژیای سیاسی زاڵ لە ناوچەکە و هاوسەنگیی هێزەکان، زەحمەت نییە پێشبینی پێکدادانێکی سەربازی بکرێت، تەنانەت ئەگەر سنووردداریش بێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە چ لایەنێک دەستپێشخەری جەنگ دەبێت؟

بێ هیچ تەعەسوبێکی کوردانە، ئەگەر وەک چاودێرێکی دەرەکی سەیری دۆخەکە بکەی، زەحمەتە کورد دەستپێشخەری ئەو جەنگە بێت، چونکە بەشێوەیەکی زۆر سادە لە بەرژەوندیدا نییە. هەرێمی کوردستان وەک یەکەیەکی سیاسی کە لەڕووی جیۆپۆلیتیکی ڕێڕەوییەوە گرفتی گەورەی هەیە، دەستکردن بە جەنگێکی فراوان بەبێ پاڵپشتییەکی نێودەوڵەتی یان جەبهەیەکی لۆجستیکی پشتەوە، واتای ئینتیحار دەدەات.

هەرچی ئەو تێزانەشە کە پێیانوایە دەرخستنی جەنگ ڕێگایەکە بۆ خۆدزینەوە لە دیموکراسی و هەوڵێکە بۆ پاشخستنی هەڵبژاردن، زۆر بەهێز نین. ئەوکاتەی کە سوودەکەی لە زیانەکەی زۆرتر بێت، ڕەنگە سیاسییەک بیر لەوە بکاتەوە کێشە ناوخۆییەکان بە کێشەیەکی دەرەکی داپۆشێت. بەڵام ئەمە بۆ ئێستای کوردستان ڕاست نییە. چونکە، دەرکەوتنی جەنگ لە کەرکووک تەنها بەوێ سنوودار نابێ و ڕەنگە ناوچەیەکی فراوان لە خانەقین تا شەنگال بگرێتەوە. ئەمەش پرسی بەقا و مانەوە بۆ هەموو هەرێمی کوردستان و ئەحزابە سەرەکییەکانی دروست دەکات.

## بەغدا تەپڵی شەڕ لێدەدات؟

گریمانەیەکی ئەم بابەتە وایە کە حکومەتی بەغدا لەبەر پاڵپشتییەکانی ئێستای ئەنکەرە و تاران، دەنگی دلێرە و لەبەرئەوەی کە دەزانێت مەرج نییە هاوپەیمانی سێقۆڵی تاران- ئەنکەرە- بەغدا تاسەر بخایەنێ، دەیەوێت بە زووترین کات سوود لە دەرفەتی تەهدیدی سەربازی یان خودی هێرشی سەربازی وەربگرێت بۆ گوشاردانان لەسەر هەرێمی کوردستان و بۆ ئەمەش نەبز دەگرێت. بەدەر لەوە، لێدانی تەپڵی شەڕ دژ بە "جیاخوازیی کوردی" حەیدەرعەبادی دەکاتە پاڵەوانێکی سیاسی نەتەوەگەرای شیعەی عێراق. ئەمەش ئەو شتە بوو کە مالیکی خەونی پێوە دەبینی، بەڵام لە جیاتی ئەو، بۆ عەبادی لوا.

سەرۆکوەزیری عێراق لە کۆبوونەوەکەی پەرلەماندا ڕووی خیتابی کردە بەرپرسانی سەرۆکوەزیری هەرێم و گوتی پێمانبڵێن ئێوە چیتان دەوێ؟ شەڕتان دەوێ؟ ڕاستییەکەی ئەو باش دەزانێت کە دوایین شتێک هەرێمی کوردستان وەک نیشتمانێکی داخراو خوازیاری بێت جەنگە، بەڵام باسی دەکات بۆ ئەوەی سایکۆلۆژیای خەڵک بۆ جەنگی کوردستان ئامادە بکات.

پاساوەکانی وەک پێشمەرگە هاوکاریی شەڕی حەویجەی نەکرد، بەرپرسانی داعش خۆیان تەسلیمی پێشمەرگە کردووە، هاوکاریمان ناکەن لە دادگاییکردنی داعشەکان، سوپا دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، پێکهاتەکان دەپارێزین... هەموو لە ڕیزی ئەو ڕستانەدان کە دەشێ بۆ ئامادەکردنی دەروونی کۆمەڵگا بۆ جەنگ بهێنرێنە سەرزمان.

هاوپەیمانی سێقۆڵی ئێران- تورکیا- عێراق پایەدار نییە و گرێدراوی چەندین ڕووداوی دیکەی ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ناوخۆییە. بۆیە هەرئان ئەگەری درزتێکەوتنی هەیە. لەبەرئەوە، عەبادی دەیەوێت تا کات لەبارە، سوود لەو هاوپەیمانییە سێقۆڵییە کاتییە وەربگرێت کە دژی هەرێمی کوردستان لەئارادایە. درێژەکێشانی ئەو هاوپەیمانییە سێقۆڵییە، تەنها کێشە بۆ کورد دروستناکات، بەڵکوو دەتوانێت هەموو هاوسەنگییەکانی ناوچەکە تێکبدات. ئیسرائیل و خەلیج و ئەمریکا و تەنانەت ڕووسیاش خوازیاری درێژەکێشانی ئەو هاوپەیمانییە نین. هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا، هەرجۆرە هەوڵێکی نوێی ئەمریکا بۆ گەمارۆدانی زیاتری ئێران و سوپای پاسداران، کاریگەری لەسەر هاوپەیمانییە سێقۆڵییەکەی عێراق و تورکیا و ئێران دادەنێت. جگە لەوە، دواجار ئێران و تورکیا متمانەی تەواویان بە یەک نییە و ئەمەش عەبادی پاڵدەنێت تا پەلە بکات. حەیدەر عەبادی دەزانێت کە ئێستا، تێپەڕبوونی کات لە بەرژەوەندیی کوردستانە، بۆیە ڕۆژانە قەرار و بڕیاری نوێ لە دژی هەولێر دەردەکات تا زووتر پەشیمانی بکاتەوە. دەشێ هەر لەو چوارچێوەیەشدا سەیری هەڕەشەی سەربازی یان جەنگیش بکرێت.

مالیکی لەڕێی "ئۆپەراسیۆنی دیجلە"وە ساڵی 2012 ویستی خۆی بکاتە قارەمانی ناسیۆنالیستە تازەکانی عێراق و جەنگ لە دژی کوردستان هەڵبگیرسێنێ، بەڵام بۆی نەچووە سەر. عەبادیش هەر لەو ڕێبازەدایە. لە جیاتی هەرێمی کوردستان دەستەواژەی (شیمالی عێراق) بە کاردێنێ و باس لە پێویستی ملکەچبوون بۆ یاسا دەکات و ئەو دەستەواژانە بەکاردێنێت کە سەرکردەی وڵاتێکی مەرکەزیی بەهێز بەکاریان دەبات، نەک وڵاتێکی فیدراڵی دیموکراتی. ئەو دەیەوێت بە جەنگێکی سنووردار خۆی بکاتە پاڵەوانی "عێراقی نوێ" و بەمەش گرەوی هەڵبژاردنی داهاتوو بباتەوە.

## ئێران و جەنگی گریمانەیی کوردستان

ترامپ بازنەیەکی سووری بە دەوری سوپای پاسداراندا کێشاوە، بە ئەگەری زۆر، لە قۆناغی داهاتوودا فەرماندەکانی سوپا ناتوانن بە ئاسانی لە عێراق بجوولێنەوە. لەوانەیە ئەمریکا نەتوانێت یەکسەر ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام دەتوانێت بەشێکی گرنگی جیهان لەسەر سنووردارکردنی هەوڵەکانی ئێران بۆ ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە لەڕێی شەپۆلێکی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامی شیعییەوە تەیار بکات. ڕەنگە عەبادی ناچار بکرێت کە بەر لە هەرجۆرە هاوکارییەک لەگەڵ تاران، دووجار بیربکاتەوە. بۆیە تا زووە، بەرپرسانی تاران دەیانەوێ دۆسیەی سەربەخۆیی و مەسەلەی کاریگەرییەکەیان لەم ناوچەیە یەکلابکەنەوە. لە ماوەی ڕابردوودا دوو هەوڵی ئەمنی و سیاسی ئێران بۆ دواخستنی ریفراندۆم لە کەرکووک و هاتنی سوپا و حەشدی شەعبی بۆ کەرکووک شکستیان هێنا. فاکتەری جەماوەری و پێداگریی سیاسی پرۆژەکانی ئێرانی فەشەل پێهێنا. بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە کە ئیتر کۆڵ دەدات. تاران مانەوەی هەرێمی کوردستانی لە عێراق لە ئەولەویەتەکانی خۆی داناوە و کاری بۆ دەکات. بەڵام ئەگەرهەر چاری نەما، ئەوسا تەگبیری مۆدێلێکی هاوشێوەی باشووری لوبنان بۆ دەوڵەتی گریمانەیی کوردستان دەکات. بۆ هەردوو سیناریۆکەش کار لەسەر قەڵشە ناوخۆییەکانی کورد دەکات. لە بنەڕەتیشدا، کارتی تەهدیدی سەربازی و تەدەخول بۆ قووڵکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کورد بە کەڵک دێت.

## ئەنجام

حەیدەرعەبادی سەرۆکوەزیری عێراق دەستووری کردووەتە شمشێرەکەی دیمۆکلێس بۆ سەری کورد. بە پاساوی جێبەجێکردنی دەستوور باسی جوڵاندنی سوپا بۆ کەرکووک دەکات و چەندجارێکیشە باس لە ئیدارەی هاوبەش بۆ کەرکووک و ناوچەکانی دیکە دەکات، ئەمەش ڕێک پێچەوانەی دەستووری عێراقە کە ئەمڕۆ بووەتە پاساوێکی یاسایی بۆ دژایەتیکردنی کورد، چونکە دەستوور باسی جێبەجێکردنی ماددەی 140 و بەندەکانی ماددەی 58ی یاسای ئینتیقالی دەکات نەک داتاشینی حەلی کاتی و وەختکوژی!

ئێرانیش کە خەریکە گلۆڵەی دەکەوێتە لێژی، بەهەموو توانایەوە کار لەسەر ترساندن و دابەشکردنی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەم چەند مانگەی داهاتوو زۆر هەستیارن کە ڕەنگە هەتا دوای هەڵبژاردنی عێراق و دەرکەوتنی ئاسەوارەکانی سیاسەتی نوێی ترامپ بەرامبەر ئێران بەردەوام بێت.

بەرەبەرە دۆخی تەنیا مانەوەی کوردیش کرانەوەیەکی تێدا دروست دەبێت، بەڵام ئەمە هەرگیز جێگای فاکتەری ئامادەیی سیاسی و سەربازیی ناوخۆیی ناگرێتەوە. هەوڵی خێرا بۆ چارەسەرکردنی گرفتە ناوخۆییەکان و زیندووهێشتنەوەی فاکتەری جەماوەر لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی هەرێمدا گرنگە. بەڵام زیادکردنی تەگبیرە ئەمنی و سەربازییەکان گرنگیی حەیاتییان هەیە. چونکە، دواجار "بۆ ئەوەی بگەی بە ئاشتی، دەبێ هەمووکات بۆ جەنگ ئامادە بیت!"

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# لە (دووکان)، کەرکووک فرۆشرا؟

1

کۆبوونەوەی رۆژی یەکشەممە 15ی ئۆکتۆبەر لە نێوان پارتی و یەکێتی و، بەسەرپەرشتیی بارزانی و فوئاد مەعسووم، لە کاتێکدا کرا کە یەکێتی لەژێر گوشاری قاسم سلێمانی (کە سوپاکەی ئێستا لە لیستی تیرۆری وەزارەتی دارایی ئەمریکادایە)، دەیویست یەکلایەنە لەسەر مەسەلەی کەرکووک لەگەڵ عەبادی و بەغدا بگاتە رێککەوتن. پەیامەکانی هەر یەک لە پاڤل تاڵەبانی و هێرۆ برایم ئەحمەد کە چەند رۆژێک پێش کۆبوونەوەی دووکان بڵاوکرانەوە، ئاماژەی ئاشکرایان تێدابوو بۆ ملکەچبوون بە داواکانی بەغدا و هەر ئەوەش وایکرد کە لە چەند شەوی رابردوودا، بە هەزاران پێشمەرگە رەوانەی بەرەکانی بەرگری لە کەرکووک بکرێت. هاوکات هاتنی فوئاد مەعسووم و دانیشتنی تاکلایەنەی بە پرۆژەیەکی رێککەوتن لە بەغداوە بۆ لای یەکێتی، دەرخەری ئەو راستییە بوو کە باڵی ماڵباتی یەکێتی دەیانەوێ بە تیرێک دوو نیشان بپێکن و بە گوتنی ئەوەی کە "تازە ریفراندۆم کرا" خۆیان لە بەرپرسیارێتیی قۆناغی دوای ریفراندۆم بدزنەوە و لەرێگەی رێککەوتن لەگەڵ بەغدا، هەژموونی خۆیان بۆ سەر کەرکووک و سلێمانی بگەڕێننەوە و، پێگەی خۆیان لەناو یەکێتیدا بچەسپێنن. ئەوان ویستیان بڵێن سەرباری ئەوەی کە مام جەلال نەماوە، بەڵام قسە و بڕیاری کۆتایی یەکێتی هەر لای ئەوانە.

ئەو پێنج خاڵەی کە گوایە لە کۆبوونەوەی دووکان، پارتی و یەکێتی ئیمزایان لەسەر کرد و رایانگەیاند، جگە لە خۆڵکردنە چاوی میدیا و رای گشتی شتێکی دیکە نەبوو، چونکە هەر پێنج خاڵەکە لە بنەڕەتدا یەک خاڵ بوون و، ئەوەش شتێکی تازە نییە کە کوردستان داوای گفتوگۆی بێمەرج لە بەغدا دەکات و ئامادەی گفتوگۆیەکی بەرپرسیارانەیە! چەندین مانگە ئەو قسەیە هەزاران جار کراوە. بۆیە ئەجێندای نهێنی لەم کۆبوونەوەیەدا هەبوو کە بە دوو ئاراستەدا بووە. ئاراستەیەکی لەگەڵ باڵی ماڵباتی یەکێتی بووە و ئاراستەیەکی دیکەشی بریتی بووە لەوەی کە چۆن بتوانن بە رەتنەکردنەوەی ئەنجامی گشتپرسی و بە هەڵپەسارتنی بۆ ماوەیەکی کاتی، بچنە ناو گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا و کۆتایی بەو تەنگژەیەی ئێستا بێنن.

## رێککەوتن لەگەڵ باڵی ماڵبات

2

پتر لە ساڵێکە ئەولەویەتی سیاسەتی باڵی ماڵباتی یەکێتی گۆڕینی پارێزگاری کەرکووکە، لەسەرەتادا لەبەغدا کاریان لەسەر ئەوە کرد کە چۆن وا بکەن هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووکیش بکرێ، دواییش کە ئەنجامدانی گشتپرسی یەکلایی بووەوە، لە بەغدا بە هاوکاریی شیعەکان، پارێزگاریان بەبڕیار لەسەرکار لادا. ئەگەرچی پشتیوانیی پارتی بە تایبەتیش سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، زۆرینەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک رێگر بوو لەوەی کە دکتۆر نەجمەدین کەریم لەکارەکەی دوور بخرێتەوە، بەڵام پێدەچێ ئیتر پارتی لەو دۆسیەدا نەرمیی نواندبێت (بۆ ئەوەی هەموو شەوێک مەجبوور نەبێ بەڵێنی شەرەف لە فەرماندە سەربازییەکانی پاراستنی کەرکووک وەربگرێ کە نزیکن لە باڵی ماڵبات).

ئەوەی پاڤل تاڵەبانی لە وتارەکەیدا ئاماژەی بۆ کرد، ئەوە بوو کە بە کورتی پارێزگار لابدرێت، هەم ئەوان و هەم بەغدا ئیستراحەت بکەن. تەنانەت بەشدارینەکردنی دکتۆر نەجمەدین کەریم لە کۆبوونەوەکەی دووکان و بەشداریی هەریەک لە رزگار عەلی و رەفعەت عەبدوڵڵا کە پاڵێوراوی باڵی ماڵباتی یەکێتین، جێی سەرنج بوو. هاوکات پاڤل داوای کرد کە پێکهاتەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنە گشتییەکانی بەغدا بێت لە 2014 کە یەکێتی (بە تەزویرێکی زۆرەوە) نیوەی 12 کورسییەکەی بردەوە. ئینجا بە هاوبەشی لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەدا بەڕێوەببرێت.

دوور نییە باڵی ماڵباتی یەکێتی داوای گەرەنتیان بۆ مانەوەیان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و هەرەمی دەسەڵاتدا کردبێت و هاوکات رێککەوتبن لەسەر دواخستن و هەمواری یاسای هەڵبژاردنەکانی کوردستان. پارتیش خەیاڵی راحەت بێت لەوەی کە چیدی یەکێتی لە دانوستاندن و دەستپێشخەریدا ئینفیراد ناکات و پابەند بێت بە بڕیارەکانی داهاتوو لە بەکارهێنانی ئەو کارتانەی کورد لەبەردەستیەتی تا لە بەرامبەر بەغدا بەکاریان بێنێت کە گرنگترینیان کشانەوەیە لە پرۆسەی سیاسی و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی بەغدا.

## رێککەوتن لەگەڵ بەغدا

3

رەنگبێ کەس بەقەدەر حەیدەر عەبادی دڵی بەوە خۆش نەبێت کە پێشمەرگە لە کەرکووک لووتی حەشدی شیعی بشکێنێ، چونکە ئیتر ئەو هێزە لە کۆنترۆڵی ئەودا نین و سەرکێشییەکانیان و تەمبێکردنیان وا دەکات لە داهاتوودا سەرئێشە بۆ عەبادی کەم بێتەوە و مالیکیش لاواز بێت. بەڵام ئەوەی لە دووکان رەنگبێ وەکو "ئەجێندای کراوە" و لە چوارچێوەی پەیامی نەنووسراو بە فوئاد مەعسوومدا بۆ عەبادی نێردرابێتەوە، ئەوەیە کە ئەنجامی گشتپرسیی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، نە رەت بکرێتەوە و نە بە بنەماش وەربگیرێت بۆ گفتوگۆ لە پێناوی چارەسەری کێشەکان. هاوکات بەغدا هەموو بڕیارەکانی لە هەمبەر کوردستان هەڵوەشێنێتەوە و لەبەرامبەردا لە ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان هەندێک ئیمتیازی پێبدرێت تا ئەوکاتەی گفتوگۆکان دەگەنە ئەنجام. گرنگترین ئەو ئیمتیازاتانە دەشێ جێگیرکردنی هێزەکانی پۆلیس و سوپای فیدراڵ بێت بە شێوەیەکی سنووردار لەو شوێنانەی ئێستا بەغدا لە کەرکووک داوایان دەکات. لابردنی پارێزگاری کەرکووک و پێکهێنانی ئیدارەی هاوبەش بۆ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکان لەسەر بنەمای ئەو رێککەوتنانەی کە پێشتر لە نێوان نێچیرڤان بارزانی و عەبادیدا کرابوون و هاوکات دانانی هەندێک چاودێر لە خاڵە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان.

بەغدا باش دەزانێ ناتوانێ پەلاماری کەرکووک بدات و هەر شەڕێکیش کۆتایی خۆیانە، بۆیە پێدەچێ ئەوە دوایین دەستپێشخەریی کوردستان بێت.



دەیڤید رۆمانۆ

# سیاسەتی مەترسیدار لە نزیک کەرکووک

رێک لەو کاتەدا کە خەریکی نووسینی ئەم بابەتەم، هەواڵی جموجۆڵە سەربازییەکانی سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بڵاوبووەتەوە. حکومەتی هەرێمی کوردستان هۆشداری دەدات و پەیوەندی بە دۆستەکانیانەوە دەکەن، لە هەمانکاتیشدا حەیدەر عەبادی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، رەتیدەکاتەوە هیچ نیازێکی هێرشکردنە سەر بنکەکانی پێشمەرگەیان هەبێت. برێت مەکگۆرک، نێردەی تایبەتی ئەمریکا بۆ هاوپەیمانێتی دژی داعش، لە تویتەری خۆی باسی لەوە دەکرد کە سوپای عێراق و میلیشیا شیعەکان تەنیا لە حەویجەوە بەرەو ئەنبار جووڵەیان پێدەکرێت.

بەڵام ئەم تویتەی مەکگۆرک نابێت دڵنیایی بە هیچ کەسێک بدات. چونکە مەکگۆرک هەر ئەو پیاوە بوو کە بە گەرموگوڕییەوە پشتگیری لە نوری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق دەکرد، لە کاتێکدا مالیکی دامەزراوەکانی عێراقی بێ ئومێد کردبوو، کورد و سوننەی لە مافە دەستوورییەکانیان بێبەش کردبوو. بۆیەش وەکوو چۆن مەکگۆرک بڕوای بە هەموو ئەو شتانە کردبوو کە مالیکی پێیگوتبوو، بەهەمانشێوە رێی تێدەچێت بڕوای بە هەموو ئەو قسە نەرمانەش کردبێت کە لە دەمی عەبادییەوە دەردەچن.

بەڵام رۆژی هەینی عەبادی بە پێچەوانەی قسەی خۆی "کە بەغدا هیچ نیازێکی خراپی نییە"، فوئاد مەعسوم، سەرۆککۆماری عێراقی راسپاردە لای سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سلێمانی. سەرۆک مەعسوم نامەیەکی پێبوو کە شەش داواکاریی بەغدای لەخۆگرتبوو. بە گوێرەی نامەکە کورد دەبێ کۆنترۆڵی کێڵگە نەوتییەکانی دەوروبەری کەرکووک رادەستی بەغدا بکاتەوە، هەروەها بنکەی سەربازی (K1) و فرۆکەخانە و هەموو ئەو چەکدارانەی داعش کە پێشمەرگە دەستگیری کردبوون رادەست بکاتەوە، رێگە بە سوپای عێراق بدات بگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی کە پێش هاتنی داعش لێی بوون و نەجمەدین کەریم لە پۆستی پارێزگاری کەرکووک لابدرێت. نامەکە 48 کاژێری دیاریکردبوو بۆ ئەوەی داواکانی جێبەجێ بکرێن.

سروشت، کات و لەحنی داواکارییەکانی نامەکە ئاماژەن بۆ ئەوەی جموجۆڵە سەربازییەکانی باشووری کەرکووک بۆ گواستنەوەی هێز بۆ ئەنبار نین، بەڵکو نیازێکی هەڕەشەئامێزیان لە پشتە و بەلایەنی کەم بۆ پشتگیرین لەو شەش داواکارییەی بۆ یەکێتیی نیشتمانی نێردرابوون. لە خراپترین حاڵەتدا شەش داواکارییەکە (کە هیچ کوردستانییەکی متمانەبەخۆ ناتوانێت قەبووڵیان بکات) بۆ ئەوە بوون "نەخێر"ێک لە کورد دەربکێشن و لەوێشەوە بیانوویەکیان بۆ هەڵمەتی سەربازی بەغدا لەدژی کورد دەستبکەوێت.

داڕێژەرانی سیاسەت لە واشنتن دەرفەتێکی کەمیان لەبەردەستە بۆ ئەوەی رێگە لە شەڕ و پێکدادانەکە بگرن. لێدوانێکی سادەی وەکوو "ئەمریکا پشتیوانییەکی تەواو لە هەر هاوبەشێک لە عێراق دەکات کە رووبەڕووی هێرشی سەربازیی ئەوانیدی بووەتەوە" کێشەکەی چارەسەر دەکرد. رەنگە ئەم لێدوانە بێلایەن بێتە بەرگوێ، بەڵام بە کردەوە هۆشداریدانە بە بەغدا، میلیشیاکانی ئێران لە عێراق و تەنانەت تورکیا و ئێران خۆیشیان بۆ ئەوەی هێرش نەکەنە سەر هەرێمی کوردستان.

دەزانین کە کورد هەڵمەتی سەربازی لەدژی هیچکەس، بە بەغداشەوە، دەستپێناکات، بۆیە لێدوانێکی لەو جۆرە لای کورد وەکوو دانپێدانانی واشنتن بوو بە هەموو ئەو هەوڵانەی کورد لە 2003 وە بۆ واشنتنی داوە.

ماوەیەکی زۆرە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە چوارچێوەی پەرچەکرداردا مامەڵەیان کردووە و نەیانتوانیوە فۆکەس بخەنە سەر وێنە گەورەکە. تێڕوانینی بەرتەسکی ئەمریکا بۆ شەڕی دژی داعش وایکردووە ئەمریکا نەتوانێ ئەو ململانێ بەرفراوانە ببینێت کە لە ناوچەکەدا لە نێوان ئێران و داروودەستە شیعەکانی لەگەڵ تورکیا و هاوپەیمانە ئیسلامییەکان و ئیسرائیل و هەندێک وڵاتی عەرەبیدا هەیە.

لە دۆخێکی ئاوادا، بەرپرسانی واشنتن دەبێ هەناسەیەکی قووڵ هەڵکێشن و بە سیاسەتە کۆنەکانیاندا بچنەوە. ئێستا کە داعش بە شێوەیەکی بەرچاو تێکشکاوە، واشنتن بە یەکگرتن لەگەڵ حەیدەر عەبادی چی دەستدەکەوێت؟ ئایا سیاسەتدارێژەرانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەڕاستی پێیانوایە بتوانن بەغدا لە خولگەی ئێران دەربکەن؟

بەهەمانشێوە، ئایا بەرپرسانی واشنتن دەیانەوێت بەردەوام بن لەسەر ئەو تێڕوانینەی تورکیا وەکوو ئەو هاوپەیمانە ببینێت کە خۆی دەیەوێت، یان وەکوو ئەو تورکیایە ببینێت کە ئێستا بەڕاستی هەیە؟ ئایا پاش دەستگیرکردنی دوو کارمەندی کۆنسوڵخانە و کێشەی ڤیزا، ئەمریکا دواجار بە نیازە لە روخسارە نوێیەکەی تورکیا تێبگات؟

سەبارەت بە ئێرانیش، ئایا ئەمریکا بەنیاز نییە هەندێک هێزی یاریکردنەکەی زیاتر بکات؟ بڕیاردەرانی ئەمریکا دەکرێت بە تێگەیشتن لەو راستییە دەستپێبکەن کە هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران دەکرێت ئەمریکا وەکوو هێرشکەرێک پیشان بدات، بە جۆرێک ئەوروپا، چین و رووسیا چیدی ئامادە نەبن پشتگیری لەو جۆرە سزایانە بکەن کە ئەمریکا بۆ گۆشەگیرکردنی ئێران بەنیازە بەسەر ئەم وڵاتەیدا بسەپێنێت. سیاسەتێکی زیرەکانەتر ئەوەیە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە بپارێزێت، بەڵام لە هەمانکاتدا رێگەی دیکە بدۆزێتەوە بۆ جڵەوکردن، سنووردارکردن و بەرەنگاربوونەوەی تموحەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. یەکێک لە باشترین بژاردەکانیش کە ئەمریکا دەتوانێت ئەمەی پێبکات کوردستانە.

دواجار پشتگیریکردن لە تموحە سیاسییەکانی کورد سیاسەتێکی راستە. ساڵانێکە ئەمریکا سەیری حکومەتی بەغدا دەکات کە پێشێلی دەستوورێک دەکات بۆ ئەوە هاتووەتە ئاراوە کورد، سوننە و شیعە لە ناو عێراقێکی یەکپارچەدا بهێڵێتەوە، دوای ئەو هەموو ساڵە کاتی ئەوە هاتووە واز لە "سیاسەتی عێراقی یەکگرتوو" بهێنێت. مالیکی سوننەکانی بە جۆرێک خستە پەراوێزەوە کە ناچار بوون پێشوازی لە داعش بکەن، مالیکی و جێگرەوەکەی وەها کوردیان پەراوێز خست کە دواجار ناچار بوون گشتپرسی بکەن، لە دوای ئەو سیاسەتەی مالیکی و جێگرەوەکەیەوە ئیدی عێراقێک کە لە کۆمەڵێک هاوبەشی ئارەزوومەند پێکهاتبێت مرد. ئەنجامی گشتپرسییەکەی کوردستانیش روون و ئاشکرایە: 93 ٪ی خەڵک دەنگیان بە دەرچوون لە عێراق دا.

*دەیڤید رۆمانۆ مامۆستای سیاسەتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆی میسووری و چەندین نووسین و کتێبی لەسەر کورد و رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. رۆمانۆ لە ساڵی 2010 وە بۆ تۆڕی میدیایی رووداو دەنووسێت.



بەهرۆز شوجاعی

# ئێران، مێگالۆمانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست

جموجۆڵی حەشدی شەعبی لە دەوروبەری کەرکووک گوزارشت لە پاڵپشتیی سوپای پاسدارانی ئێران دەکات. دەستی کۆماری ئیسلامی لە دامەزراندنی حەشدی شەعبیدا لەرێی قاسم سولێیمانی، نهێنییەکی ئاشکرایە. دەستوەردانی ئێران لە کاروباری عێراق شتێکی شاراوە نییە و چەندین قۆناغی جیاوازی لە ماوەی 15 ساڵی رابردوودا بەخۆوە بینیوە. ئەوەی بۆمان گرنگە هەردوو قۆناغەکەی ئەو دواییەیە: یەکەم، بەهێزکردنی مالیکی کە بە چەوساندنەوەی سوننە و هەڕەشە لە کورد دەستپێیکرد و بە نامۆکردنی سوننە و دواجار بە دروستبوونی داعش گەیشە قۆناغی کەماڵ! داعش چ کارەساتێکی بۆ عێراق دروست کرد لەبەرچاوانە. لە مانگی ئەیلولی 2012 مالیکی هێزی هێنایە سەر سنووری کوردستان و تەنانەت دەیویست سنووری سووریاش بخاتە بن کۆنترۆڵی هێزە عێراقییەکان. ئەو کارە بە مالیکی نەکرا. لەماوەی بەهاری عەرەبیدا خەڵکی سوننەی عێراق خۆپێشاندانی چەند سەد هەزارییان سازکرد، بەڵام رووبەڕووی زەبروزەنگی مالیکی بوونەوە. ئەمڕۆ مالیکی بە فەرمیش بێت لەسەر حوکم نییە. بەڵام ئایا بەڕاستی کاریگەریی ئێران لەسەر بەغدا کەمتر بووە؟

## شیعەی عێراق و تاران

پەیوەندیی شیعەی عێراق و تاران سەرنجڕاکێش و فرەڕەهەندە. ئەو پەیوەندییە جۆرێک پەیوەندیی حیزبە شیوعییەکانمان لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت بیردێنێتەوە، یاخود پەیوەندیی (KGB) لەگەڵ رێکخراوە چەپەکان لە جیهانی سێیەمدا. کەی جی بی رێگای دەدا چەندین رێکخراوی چەپ لە وڵاتانی جیهانی سێیەم دامەزرێن و تەنانەت شەڕی یەکتریش بکەن. سەرنجڕاکێش ئەوە بوو کە ئەم رێکخراوانە لە هەمان کاتدا ململانێیان دەکرد بۆئەوەی بیسەلمێنن ئاخۆ وەلائی کامەیان بۆ سۆڤیەت زیاترە. بە هەمان شێوە حیزبە شیعەکانی عێراق هەموویان بە جۆرێک پاشکۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن و هەموویان بۆ لوتفی ئێران لەگەڵ یەک پێشبڕکێ دەکەن. لەلایەکی ترەوە ئێران هەموو رێکخراوە شیعەکان لاواز و ناکۆک رادەگرێت تا کۆنترۆڵکردنیان ئاسان بێت و لەدەستی دەرنەچن. تەنیا موقتەدا سەدرە کە لە هێڵی ئێران کەمێک لایداوە، بەڵام ئەوانی دیکە بە جۆرێک لەبن کۆنترۆڵی ئێراندان.

## پاسداران و حەشدی شەعبی

جیاوازیی سوپای پاسداران و حەشدی شەعبی لێرەدایە، سوپای پاسداران خاوەنی یەک فەرماندەیی، یەک ئایدیۆلۆژی و یەک رێکخراوە، بەڵام حەشدی شەعبی مۆزایکێکە لە چەندین رێکخراو پێکهاتووە. مەبەستی قاسم سولێیمانی و سوپای پاسدارانیش هەر ئەوەیە کە هێزێکی یەکدەست لەناو حەشدی شەعبی دروست نەبێت، دەنا بۆ خودی ئێران دەبێتە سەرچاوەی گەف و هەڕەشە. شیعەکانی عێراق رەنگە زۆر ئاگادار نەبن کە بۆ ئێرانییەکان بەرژەوەندی نەتەوەیی لە پێناسەی مەزهەبی گرنگترە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەتوانن سوود لە هەموو شت وەربگرن، جا ئیمام بێ، دین بێ، مەزهەب بێ، پێغەمبەر بێت یان هەر پرۆژەیەکی تری ئایینی. وەکو رۆبرت مینیان (Robert Mignan، 1839:202) ساڵی 1839 لەبارەی کاراکتەری ئێرانی دەڵێت: "لە پەرسیا (عەجەمستان) درۆ و بوختان وەکوو دەستکەوتی زیرەکانە لە قەڵەم دەدرێت. بۆ بەرژەوەندیی خۆی، کابرای فارس ئامادەیە تاریکترین تاوان بکات — کیزب و درۆ بێ ئاستەنگ لەدەمی هەڵدەڕژێت، تەنانەت ئەگەر هیچ هۆکاریش بۆ درۆکردن نەبێت. بەکورتی کاراکتەری عەجەم پێکهاتووە لە ئەنانییەت، بەخیلی، خیانەت، فریوکاری و بێڕەحمی". نازانم پێناسەکردنی رۆبرت مینیان بۆ عەجەم، 180 ساڵ لەمەوبەر بۆ ئێستا چەند گۆڕاوە، بەڵام پێموانییە هەلومەرجی فەرهەنگیی ئێران و عەجەم لەوکاتەوە تا ئێستا زۆر گۆڕابێت. عەجەم بۆ بەرژەوەندییەکانی زوهد و تەقوای شیعەگەرایی دەتوانێ زۆر بە ئاسانی بگۆڕێت بۆ خەباسەت و درۆیەک کە لە قاڵبی ئاینییاندا وەکوو تەقییە پێناسە کراوە، واتە شاردنەوەی حەقیقەت و راستیی ئامانجەکان.

## ئێران فۆسیلێک لە رابردوو

ئێران وڵاتێکی سەیروسەمەرەیە، پێکهاتەکەی لەگەڵ قۆناغی مۆدێرنیتە ناگونجێت، بەرماوەیەکی رابردووە و سنوورەکانی بەپێی زەق و توانای خانەدانە حوکمڕانەکەی دیاری کراوە. تەنیا گەلێک کە لەناو ئێراندا هاووڵاتی بووە فارسە، ئەویش نە زۆرینە، بەڵکو گەورەترین کەمینەی ئێرانە. ماوەی 1800 ساڵە فارس لەگەڵ گەلێکی فارسزەدە، واتە تورکە ئازەرییەکان، تەنیا حوکمڕانی ئێران بوونە. ئێران دیسان بە سیاسەتی تەفرەقە و فیتنەکەیەوە خەریکە بەرەو لەتبوونێکی تر لە جۆری ئەوەی سەدەی نۆزدە دەچێت کە لەو ماوەیەدا قەفقاز و باکووری رۆژهەڵاتی رادەستی رووسیا کرد و رۆژهەڵاتەکەی دا بە ئینگلیز کە ئێستا ئەفغانستانە. حوکمڕانانی ئێستای ئێران لە حوکمڕانانی قاجاری ساڵانی 1800 لە ئاستی کارامەبووندا زۆر جیاواز نین، لە ئاستی گەندەڵی و رانتوخۆریدا رەنگە لەوان زیرەکتر بن. قاجارەکان موڵک و ماڵی وڵاتەکەیان خەرجی خۆشیی خۆیان کرد، بەڵام ئاخوندەکان خەرجی جەستەی سەربازیی دەکەن و بەڵێندەرانیش هەر خۆیانن.

پێویستە دەوڵەتێک بەناوی ئێران هەبێ؟

ئێرانی مۆدێرن هیچ کاتێک بۆ خەڵکەکەی دڵنشین نەبووە، دەوڵەتی ئێران بەرامبەر خەڵکەکەی هەموو کاتێک چەوسێنەر، ئیستیبدادی، دەرگر، خیانەتکار و زاڵم بووە. ئەوانەی لەسەر حوکم بوونە هەموو کاتێک بە مافی رەوای خۆیان بینیوە کە هاووڵاتییان (فارسەکان) و تەبەعەکان (کورد و بەلووچ و عەرەب) تەنبیە بکەن و هەتا شتێکی بنەڕەتی لە ئێراندا روونەدات، ئەم رەفتارە لەگەڵ خەڵکەکەیدا بەردەوام دەبێت. دەبێ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و تەنانەت خەڵکی ئێران پرسیار لەخۆیان بکەن ئایا پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران شەرعییەتی هەیە؟ بوونی ئێران ئێستا هەم بۆ ئاشتیی جیهانی و هەمیش بۆ خۆشیی خودی خەڵکەکەی مەترسییەکی گەورەیە. بۆیە باشترە کەمینەکانی کورد، تورکی ئازەری، عەرەب و بەلووچ چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن و فارسیستانی شیرازیش بۆ فارس بمێنێتەوە، با لەوێ دەوڵەتی ئەتنیکی هۆمۆژەن و یەکدەستی فارسی خۆیان دروست بکەن. ئێران دەوڵەتێکی ناپێویستە، بۆ خەڵکانی ئێران نەمانی ئێران لە مانەوەی بە فایدەترە!

بەڵام چۆن کۆتایی بە ئێرانی فۆسیلی دێت؟ باڵکانیزەکردنی ئێران دەتوانێ رێکارێک بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆرەکەی. لە ئێراندا نیشتمانپەروەرییەکی فارسی لەسەر بنەمای هاووڵاتێنی هەیە، ئەمە لەگەڵ گومانداریی فارس لەمەڕ غەرب دەتوانێ خۆڕاگرییەکی زۆر بەهێز لە دژی هێزە داگیرکەرەکان دروست بکات. فارسەکان هەرچەندە حەزیان لە رژێمەکەیان نییە، بەڵام هەستی نیشتیمانییان وا دەکات بۆ هەر بستێکی وڵاتەکەیان بەرگری لەدژی دوژمنی بیانی بکەن. بە باوەڕی من رێگاچارەیەک لەم بەینەدا هەیە، ئەویش دەسەڵاتدارکردنی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران و ئاراستەکردنی زەربەکان بۆ مەکینە سەربازییەکەی ئێرانە. خاکی گەلی فارس لەلایەن کەمینە نەتەوەییەکانەوە دۆرپێچ کراوە، تورکە ئازەرییەکان لە باکووری رۆژاوا، کورد لە رۆژاڤا، عەرەب لە باشووری رۆژاوا، گیلەک و مازەنی لە باکوور، تورکمان و کوردە خوراسانییەکان لە باکووری خۆرهەڵات و بەلووچەکان لە باشووری خۆرهەڵاتی ئێرانن. کاتێک ئەم کەمینانە گەیشتنە ئامانجەکانیان و بوونە خاوەن سەروەری لەسەر خاکێکی دیاریکراو، پەرسیا یان عەجەمستانی گەورە دەبێتە خاوەنی چەند پارێزگای ناوەندی و رۆژئاوای لە دەوروبەری بیابانەکانی کەڤیر و لووت، رێک وەکوو جاران کە پەرسیا دروست بوو، رێک وەکوو ئەوەی دەبێت لە واقیعدا چۆن بێت. پەرسیایەکی دەستوپێ شکاو ئەوکات حەددەکەی دەزانێ و جارێکی تر ئاشتی و دیموکراسیی جیهانی تەهدید ناکات. لە هەمان کاتدا جیهانی ئازاد دەبێتە خاوەنی هاوپەیمان لە دەوروبەری پەرسیا. تا ئێستا تەنیا رێگا بۆ مەهارکردنی جنوونی هەندێ کەس و لایەن کۆنترۆڵکردن و شۆکتێراپی بووە و بۆ ئێرانێکی مێگالۆمانیک ئەمە دەتوانێ رێکار و دەرمانێک بێت.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more


## شادی ئارام: ماچ لە سینەمای کوردیدا گاڵتەکردنە بە بینەر

10 »




خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

مەحموود یاسین کوردی mhamwd.yaseen@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قڕگەیی

دیزاینەران : هونەر مەرجان، ئاکار جەلیل

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net






**کۆلێژی ئەندازیاری**
بەشی ئەندازیاری نەوت
بەشی ئەندازیاری ژینگە

**کۆلێژی زانستی**
بەشی شیکاری نەخۆشیەکان
بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری (ئای تی)

**کۆلێژی یاسا**
بەشی یاسا
بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان

**کۆلێژی زانستی کارگێڕی و دارایی**
بەشی ژمێریاری
بەشی زانستیدارایی و بانك
بەشی کارگێڕی کار
بەشی بازاڕگەری

**کۆلێژی ئاداب**
بەشی زمانی ئینگلیزی

www.knowlwdge.edu.krd




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ

www.familymallarbil.com

E-mail: info@familymallarbil.com

Phone Number: 009647505618484